# بورژوای نەجیبزادە

سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی جیهانی

**دانا ڕەئووف**

مۆلییر

# بورژوای نەجیبزادە

وەرگێڕانی لە فرەنسییەوە:

ئەحمەدی مەلا

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

مۆلییر
بورژوای نەجیبزادە
وەرگێڕانی لە فرەنسییەوە: ئەحمەدی مەلا
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٠٨
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٤١٨ - ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل، تریسکە ئەحمەد

# پێشەکی

ئەحمەدی مەلا

کاری وەرگێڕان سەختە، سەختە بۆ ئێمەی کورد، چونکە تێرم و زاراوەکان، سەرچاوە کولتووری و مەعریفییەکان، وێڕای دەستەواژەکان هێشتا بە تەواوی جێی خۆیان نەگرتووە؛ ئەمەو نەبوونی فەرهەنگی زانستی کە پێداویستییەکە بۆ وەرگێڕ، سەرجەم ئەم ڕێگرانە، دەبنە کۆسپ و وامان لێ دەکەن کە سەرجەم کارەکان بەهەوڵ ئەزموونگەرایی بچوێندرێن، زیاتر بە کاری پیشەیی.

با لە ناونیشانەکەوە دەست پێ بکەین " بورژوا ژەنتی ئۆم" لە دوو وشە پێکهاتووە و ئەم دوو وشەیەش، لە زمانی فرەنسی، خاوەن ئیتیمۆلۆجییەکی دەوڵەمەندن. وشە، خۆی لە خۆیدا، خاوەن ژیانێکە و بە تێپەڕینی کات پێست فڕێ دەدا و پێستی نوێ دەگرێتە خۆی، بزر دەبێت و دەگەڕێتەوە، سەفەر دەکات و ئیتر ناناسرێتەوە... وەکو قەقنەس زۆرجار لەنێو خۆڵەمێشی خۆی سەر دەردێنێ و دەبێتە موڵکی هەموو کەس و کەسیش خاوەنی راستەقینەی نییە!

ئێمەی کورد، لە ڕێگەی ئەدەبیاتی مارکسی، تێرمی بورژوا یا برجوازی دەناسینەوە کە لە چینێک پێک دێت لە زۆرانبازیدایە لەگەڵ چینێکی تر کە پرۆلیتارە. واتە بورژوا بەو مانایەی کە لە سەدەی نۆزدەم پێی دراوە. بەڵام دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە مۆلییر ئەم شانۆنامەیەی لە سەدەی حەڤدە نووسییەوە، بۆیە ناکرێت بیر لە واتا

نوێیەکەی وشەی "بورژوا" بکەینەوە. دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە وشەی "بورژوا" لە وشەی "بورگ"ەوە هاتووە، واتە "شار"، بە واتایەکی تر، بورژوا بەو کەسە دەوترێت کە دەشتەکی نەبێت، یا خەڵکی لادێ نەبێت و خۆی بە کاروباری کشتوکاڵی و ئاژەڵ بەخێوکردنەوە خەریک نەکردبێت. دەکرێت بە کوردی شارستانی پێ دەوترێت. وشەی دووەم "ژەنتی ئۆم" کە ئەم وشەیە خۆیشی لە دوو وشە پێکهاتووە "ژەنتی" بەو کەسە دەوترێت کە لە نەجیبزادە و پیاوە ماقووڵەکاندا، لەدایک بووبێت و "ئۆم" واتە پیاو، یا ئینسان ئەگەر بەگشتگیری سەیری بکەین. واتە نەجیبزادە، لە نەوەی نەجیبەکانە. ئیمڕۆ وشەی ژەنتی بە زمانی فرەنسیی هاوچەرخ بە کەسێکی قسەنەرم و ڕۆحسووک دەوترێت کە هیچ پێوەندییەکی بە رەچەڵەکی خۆیەوە نەماوە و بگرە لە کۆنتێکستە کۆمەلایەتییە تایبەتییەکەیدا، مانای پێچەوانەی خۆی دەدات بە دەستەوە، واتە "نەفام" و "ساوێلکە".

بلیمەتیی مۆلییر لەوەدایە، بیرۆکەی شانۆنامەکەی لە ناونیشانەکە کۆ دەکاتەوە و پەرادۆکسێکی کۆمیدیایی دروست دەکات. یا دەیەوێت بە گاڵتەجارییەوە دژایەتییەکان لە یەک بۆتەدا کۆ بکاتەوە. بۆیە بەکارهێنانی ئەم تێرمە خۆی لە خۆیدا، کردەیەکی کۆمیدیاییە، واتە دوو لەیەکدانی دوو تێرمی تا رادەیەک دژ بەیەک، دەبێتە مایەی پێکەنین. لێکدانی دوو وشە و هەریەکە گوزارشت لە جەمسەرێک دەکات و پێکەوە بەکارهێنانی، ئەگەر نەبێتە مایەی پێکەنین، ئەوە بزەیەک لەسەر لێومان دەنیشێت. مۆلییر دەیەوێت لە رێگەی ئەم بەکارهێنانە شتێکمان پێ بڵێت کە ئینسانی بورژوا کاتێک دەیەوێت خۆی بکاتە نەجیبزادە، واتە بە زۆر خستنە پاڵ چینی نەجیبزادەکان، تەنیا دەبێتە مایەی پێکەنین، چونکە کێشەکە تەنیا لە ناو لێنان نییە،

بگرە کێشەیەکی کولتووری و کۆمەڵایەتی و فەزای زیهنی و عەقڵییەت و هەڵسوکەوت و ڕەفتاریش دەگرێتەوە. نەجیبزادەکان خاوەن کۆدە تایبەتییەکانی خۆیانن، جیهانەکەیان تابلۆیەکی زەبەلاح نییە، بگرە بە هەزاران وردەکاریی زمانەوانی و ئەتەکێت و هەڵسوکەوت و ڕەفتار و جلوبەرگ و بۆنکردن و خواردن و خواردنەوە دەناسرێتەوە. ناسینی ئەم وردەکارییانە گرینگن نەک، شیکلە دەرەکییەکانی، ئەمەش لاسایی ناکرێت بگرە لەگەڵیدا لەدایک دەبن.

چۆن ئەم ناونیشانە بکرێتە کوردی، ئەمە لە حاڵەتێکدا، کێشەکانی چینایەتی لە کۆمەڵگەی کوردی، خاوەن هەمان مێژوو نییە و بە هەمان ڕێڕەودا تێ نەپەڕیوە و هەمان گرفتی نییە، بگرە جیاوازییەکان ئەوەندە زەق نین کە هەمان حەپەسان و هەمان تێڕامانمان لەلا دروست کەن. ئەمەو سەرجەم ئەو دەستەواژانەی کە کوردی هەیەتی، ئاماژە بۆ ئەو موفارەقە زەقە ناکەن. بۆیە تەرجەمەی ناونیشان خۆی لە خۆیدا کێشەکی تایبەتە.

کێشەی ناونیشان، دەبێتە کێشەی ناوەڕۆک، دەبێتە کێشەی بنەما زیهنی و کولتوورییەکان. مۆلییر لەم شانۆنامەیەدا، دەیەوێت کێشەی "بە نەجیببوون" بکاتە سەنتەری نووسینەکەی. بۆیە پرۆسەی ئەم گۆڕانکارییە دەبێتە مایەی دروستکردنی سیرک و کەرنەڤاڵێک کە جوردان نەک تەنیا سیما و ڕووی دەگۆڕدرێت، بگرە ئیتر بە زمانێک قسە دەکات کە سەر بە هیچ زمانێک نییە، تێکەڵییەکە لە تورکی و لاتینی و فرەنسی و چەندین دەستەواژەی بێ سەروشوێنی تر. پێ دەچێت، مۆلییر، لە ساڵی ١٦٧٠ کە مێژووی نووسینی "بورژوا ژەنتی ئۆم"ە، ئاگادارییەکی باشی لەمەڕ جیهانی تورک و کۆدە

کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمە هەبووبێت.

ئەم کردەیە وا لە جوردان دەکات بە تەواوی تووشی تەغریبوون بێت و بچێتە نێو پێستی یەکێکی ترەوە کە بێ شناسنامەیە، بێ ناوونیشانە، لە کۆتاییدا وەکو موهەریجێکی لێ دێت دابڕاو لە سیرکەکەی خۆی، بەدوای جیهانێکدا دەگەڕێت کە نایدۆزێتەوە.

جوردان سەر بە بنەماڵەی بازرگانەکانە و دەیەوێت وەکو نەجیب خۆی پێشان بدات، بەڵام، بۆ ئەوەی ئاودیوی ئەو جیهانە بێت، هەموو کلیلەکانی پێ نییە. مەرج نییە تەنیا بە پارە کارەکە مەیسەر بێت. ئەویش تەنیا هەر پارە شک دەبات لەم خۆ بەنەجیبکردنەدا. بۆیە لە کۆتاییدا، خۆی لە بەرگ و پۆشاکی ساحیبسالارێکی تورکی دەدۆزێتەوە و کە کەسەکانی دەوروبەری ئەم مەراسیمە شانۆئامێزەی بۆ ڕێک دەخەن تا وای لێ بکەن کچەکەی بداتە کلیۆنت-ی خۆشەویستی. بە تەواوی لە جیهانی واقیع دادەبڕێت و دەچێتە نێو خەیاڵ و فەنتازیا، دەکەوێتە دوای خولیا و هەوەسێکەوە کە ئیتر پێوەندیی لەگەڵ دەرەوەی خۆی نامێنێت.

هەڵبەتە، خەونی "جوردان ئەفەندی"، خەونی خەڵکانی سەدەی بیست و یەکەمیشە، لەژێر ناوی "تازە دەوڵەمەندبووەکان" کە لەبەر هۆکاری جیاواز بوونەتە خاوەن سامان، بەڵام خاوەن کولتوور و چێژ و کۆدە کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەمەندان ناناسن، بۆیە هەموو هەوڵێکی جوردان ئەوەیە کە ناونیشانی نەجیب پەیدا بکات، بۆ ئەوەی ئیتر گرووپە نەجیبزادەکان وەکو یەکێک لە خۆیان قبووڵی بکەن و دەروازەی کۆشکەکانیانی بۆ بکەنەوە. بەڵام پێ دەچێت هیچ شتێک فریای نەکەوێت، بگرە هەموو ئەو ڕستانەی کە لە موفتیی تورکەکەشەوە فێری

دەبێت، دواتر بە بەرەواژی دەیڵێتەوە.

لەنێو کۆمەڵگەی کوردیشدا، لەم دە بیست ساڵەی دواییدا، هەست بەم گرێ کۆمەڵایەتییانە دەکرێت. دیاردەی " دەوڵەمەندە نوێیەکان" کە لە رچە و ڕێگە پێچیدەکانی گەندەڵییەوە، بوونەتە خاوەن سامان، بەبێ ئەوەی ئاستی هۆشیاری و پێوەندییەکی سروشتییان لەگەڵ پارەدا هەبێت. لە یانە و چێشتخانە و مێوانخانە نایابەکاندا، هەست بە پەیدابوونی دەوڵەمەندی نوێ دەکرێت کە لاسایی کۆدە کۆمەڵایەتییە ئەوروپاییەکان دەکەنەوە بەبێ ئەوەی لەسەر مێژوویەکی دیاریکراو ڕاوەستابن، بەبێ ئەوەی شفرەی کولتووری شک بەرن، بەبێ ئەوەی ئەم گەشەسەندنە خاوەن خەسڵەتە سروشتییەکانی خۆی بێت. ئادگاری جوردان بەسەر سیمایانەوە دیارە. بۆیە هەست دەکرێت کە کۆدەکان زۆرجار بە بەرەواژی بەکار دەهێنرێن و لاساییکردنەوەی ئەویتری ئەوروپایی تەنیا هەر لە شیکلەکەیدا بەرقەرار دەبێت، بۆیە زۆرجار هەمان کەشوهەوای شانۆنامەکەی مۆلییرمان بە بیر دەهێنێتەوە. ئەمەش بابەتێکی تێروتەسەلە بۆ شانۆنووسانی لای ئێمە...

***

مۆلییر شانۆکارێکی کۆمیدیایە، یەکێکە لەو نووسیارانەی کە پەنا دەباتە بەر لەهجە و زاراوەی میللی بۆ ئەوەی کەشوهەوا تایبەتەکان بگوازێتەوە نێو دەقەکەی. هەروەها لەبەرئەوەی زمانی شانۆ زمانی ئاخاوتنە، واتە نووسینێکە بۆ ئاخاوتن، ئێمە هەوڵی ئەوەمان داوە کە زیاتر لە زمانی ئاخاوتن نزیک بینەوە، بەمەش هەندێ وشەمان بە عەرەبی هێشتووەتەوە، ئەمە مانای ئەوەی نییە کە مورادیفەکەیمان بە زمانی کوردی چنگ نەکەوتووە، بگرە بە باشمان زانیوە کە لە زمانی

خەڵکەوە نزیک بینەوە.

بۆ نموونە، ئێمە لە جیاتیی وشەی "مسیۆ" کە وشەیەکە زۆر دەوڵەمەندە و رەگ و ڕیشەی نەجیبانەی هەیە، بەڵام رۆژی ئیمڕۆ لە زمانی فرەنسی تا رادەیەک بەرامبەر بە "کاک"ی کوردی و "سید"ی عەرەبی دەوەستێت. من ئەفەندیم هەڵبژارد، کە بەڕەچەڵەک وشەیەکی یۆنانییەو لە رێگەی زمانی تورکییەوە هاتووەتە نێو زمانی کوردی و عەرەبییەوە، بە تایبەتی عەرەبیی عێراقی و میسری. لە رەچەڵەکدا، بەمانای "خاوەنکار" دێت، واتە "شێف"، بەڵام ئەفەندی بە کوردی ئاماژە بۆ یەکێک دەکات کە شارستان بێت و لە هەمان کاتیشدا خاوەن ئاستێکی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی مامناوەند بێت. جوردان ئەفەندی ئاماژە بۆ یەکێک دەکات لە شاردا ژیان بەسەردەبات، واتە شارستانە، بەو مانایەی کە مۆلییر دەیەوێت، واتە بورژوایە. هەروەها وشەی "ئەفەندی" بۆ بانگکردنی یەکێکیش بەکار دێت.

هەروەها لە دەقە تەرجەمەکراوەکە، چەند گۆرانییەکی تێدایە، لە جیاتیی تەرجەمەی دەقەکان، بە باشمان زانی پەنا بەرینە بەر دەقی فۆلکلۆریی کوردی و لە هەندێ شوێنیشدا، ئازادانە تەرجەمەمان کردووە.

دواجار، بە هیوای ئەوەی مۆلییر لە سەدەی بیست و یەکەمیشدا، بە کوردی توانیبێتی، ببێتە زمان و ئینسان بەرامبەر بە خەونە وەهمییەکانی و خۆ بەزلزانییەکانی رووت کرابێتەوە.

٢٠١١/٨/٢٠

میگێلتوورا/ئیسپانیا

ناونیشانی دەقە ئەسڵییەکە:

Molière

**Le Bourgeois gentilhomme**

Comédie-ballet

Nouveaux classiques Larousse, 1970, Paris

کەسایەتییەکان

جوردان ئەفەندی: بورژوای نەجیبزادە.

خاتوون جوردان: خێزانەکەی.

لوسیل: کچی جوردان.

نیکۆل: خزمەتکار.

کلیۆنت: عاشقی لوسی.

کۆڤیەل: خزمەتکاری کلیۆنت.

دۆرانت: کۆنت، عاشقی دۆریمێن.

دۆریمێن: مارکیز.

مامۆستای مۆسیقا

قوتابیی مامۆستای مۆسیقا

مامۆستای سەما

فێرکاری بەکارهێنانی چەک

مامۆستای فەلسەفە

بەرگدوور

شاگردی بەرگدوور

دوو خزمەتکار

چەندین مۆسیقاژەنی کچ و کوڕ، سەماکار، چێشت لێنەر، شاگردی بەرگدوور. چەند کەسایەتییەک کە لە نێوان دیمەنەکان یاری دەکەن، وێڕای سەماکارانی بالێ.

دیمەنەکان لە پاریس روو دەدەن

# بەشی یەکەم

پەردە دادەدرێتــەوە، چەندین ئامــێری مـۆسـیـقـا دانراوە، لـە ناوەندی تەختـەی شـانۆ قـوتابییـەکی مـۆسـیـقا دەبینین دانیشـتووە و خـەریکی دارِشتنی ئاوازێکە بۆ شارستان کە پێشتر داوای کردبوو بۆ گۆرانی و پێداهەڵدان.

## دیمەنی یەکەم

مامۆستای مۆسیقا، مامۆستای سەما، سێ مۆسیقاژەن، دوو کەمانجە و چوار سەماکار.

**مامۆستای مۆسیقا:** (لەگەڵ مۆسیقاژەنەکان قسە دەکات).

وەرن، برِۆنە ئەو ساڵۆنەوە، لەوێ دانیشن تا دێت[1].

**مامۆستای سەما:** (لەگەڵ سەماکاران قسە دەکات).– دەی، ئێوەش لەملاوە.

**مامۆستای مۆسیقا:** (لەگەڵ قوتابییەکەی قسە دەکات). ئەرێ تەواوت کرد؟

**قوتابی:** بەڵێ.

**مامۆستای مۆسیقا:** دەی با بزانین... ئا ئەمەیان باشە.

**مامۆستای سەما:** شتێکی نوێت دۆزییەوە؟

---

١. مەبەست لە جۆردانە ئەفەندییە.

**مامۆستای مۆسیقا:** بەڵێ، ئەمە ئاوازێکی گونجاوە بۆ ئاهەنگی پێداهەڵدان. هەر لێرە ئەم پارچە مۆسیقایەم دارِشت. چاوەڕێی ئەفەندییەکەت دەکەم ئامادە بێت.

**مامۆستای سەما:** دەتوخوا، با بزانین چییە؟

**مامۆستای مۆسیقا:** بە دیالۆگەوە، هەندە نابات گوێتان لێی دەبێت، کاتێ جەنابی دێت. لە هاتندایە.

**مامۆستای سەما:** حاڵی حازر، کارەکانمان کەم نین، چ بۆ تۆ، چ بۆ من.

**مامۆستای مۆسیقا:** راستە. پیاوێکمان دۆزیوەتەوە، پڕ بە پێستی من و تۆیە. داهاتێکی چەورمان لە جوردان ئەفەندی دەست دەکەوێت، وا خۆی لێ بووەتە نەجیبی نەجیبزادان. حەزی دەکرد، چ سەماکانی تۆ، چ مۆسیقاکانی من وێنەیان لە دنیادا نەبێت.

**مامۆستای سەما:** سەد دەر سەد نا؛ حەز دەکەم، زیاتر خۆی بناسیبایە و سەری لەو شتانەش دەرچوایە کە ئێمە خەریکین و پێشکێشی دەکەین.

**مامۆستای مۆسیقا:** خۆ وایە، سەریان باش لێ دەرناکات، بەڵام پارەی چاک دەدات و ئێمەش بۆ هونەرەکەمان لە هەموو شتێک زیاتر پێویستیمان پێیەتی.

**مامۆستای سەما:** ئەوەت لەلا ناشارمەوە، کەمێکیش حەزم بە مەشهووربوونە. چەپڵە ختووکەم دەدا و ئەوەش دەڵێم، کاتێک خەریکی هونەرە جوانەکان دەبیت، ئازارێکی گەورەیە کاتێک بەرهەمەکەت پێشکەش بە کەسانی بلَح دەکەیت و بۆ ئەوان

دەیئـــافـــرێنی، بـەڵام نرخ و بەهـای کـــارەکـــەت نازانـن. چ ئۆخژنێکیشە کاتێک بۆ کەسانێک ئیش دەکەی کە لە توانایاندا هەبێت ناسکیی هونـەر بناسنەوە و باوەشـێکی گـەرمـیش بۆ جـوانیی بەرهـەمـێکی هونەری بکەنەوە، بە سـەرلەقـاندنێکی مـیـهـرەبانیـشـەوە، ئافـەرین، ئافـەرینت بۆ بنێرن. بـەڵێ، بەڵێ، پاداشـــتی هـەرە نایاب، ئـەوەیە کـــاتێک بەرهـەمـــێک دروست دەکەیت، ئەو بەرهـەمە بناسرێتـەوە، کاتێک چەپڵەی نەوازشت بۆ لێ دەن. ئا ئـەمـەیە شکۆمـەندی. بە بڕوای مـن، لەمـە بتـرازێت، مەبەستی ترم نیـیـە، چی لەوە خـۆشـتـرە کاتێک سـتـایشـێکی دڵسـۆزانەمـان بۆ دەکرێت، لەمـە زیاتر شـتێکی تر نییـە کـە لە توانای دابێت، هەموو ماندووبوونەکانمان بسڕێتەوە.

**مامۆستای مۆسیقا:** منیش هـەر وەکو تۆ بیر دەکەمەوە، هەمان هەستم هەیە. هـەر وەکــو تـۆش دەڵێــیت، بێگومـــان، چی لە چەپڵـــە و ستایش خۆشترە، بەڵام بە بۆنی بخووریش پیاو ناژێت. ستایش و مـەحتکردنی رووت، حـەوانەوە ناداتە ئینسان: پێویستمـان بە شـتـێکی ترە، بەرجـەسـتـەتر، بە راسـتی چاکـترین شـێـوەی سـتــایشکردن، بە دەست دێتـە ئەنجـامـدان؛ مـەبەست دەست خستنە گیرفـانە. لە راسـتـیدا، ئەو پیـاوەی کە تێکەڵ و پێکەڵ باس لە هـەمـوو شتێک دەکات و چەپڵـە لێ دەدات بەبێ ئەوەی لە مـەبەسـتی چەپڵـە لێدانەکـەش تێ گـەیشـتـبـێت، ئەو پیــاوە روونبینیی کەمـە، تەنیـا هـەر بە جزدانەکـەی رووی خـۆی سپی دەکات. ستایشەکانی پوولەکین. ئەم ئەفەندییانە ئەوە نازانن کە ئێمـە پێویستمـان بە شـتی زیاترە، هـەر وەکو چۆن دەبینی کە

ئەفەندییەکی مەزنی شکۆدار ئێمەی داوەتی ئێرە کردووە.

**مامۆستای سەما:** ئەوەی تۆ دەیڵێیت شتێکی راستی تێدایە، بەڵام هەست دەکەم زیاد لە پێویست خۆت بە پارەوە هەڵواسیوە. ئەهمییەتدان بە شتێکی هەند پووچ خەسڵەتی پیاوی رۆشنبیر و هەست ناسک نییە.

**مامۆستای مۆسیقا:** تۆ وا دەڵێیت، بەڵام کاتێکیش ئەفەندی پارەت دەداتێ، رێک و راست دەیخەیتە گیرفانتەوە.

**مامۆستای سەما:** بە دڵنیاییەوە، بەڵام پارە هەموو شتێک نییە بۆ من، من حەز دەکەم لە پاڵ پارەش، چێژ و زەوقیشم بمێنێت.

**مامۆستای مۆسیقا:** منیش پارەم دەوێت، چ من، چ تۆ، هەردووک بۆ پارەئیش دەکەین. بەڵام، لە هەموو بارێکیشدا، بوارمان دەداتێ کە خۆمان بە خەڵکی بناسێنین. پارە دەداتە ئەوانەی کە ستایشی دەکەن.

**مامۆستای سەما:** ئا ئەوەتا، هات.

## دیمەنی دووەم

جوردان ئەفەندی بە جلوبەرگی خەوەوە

دوو خزمەتکار، مامۆستای مۆسیقا، مامۆستای سەما، مۆسیقاژەن و سەماکاران.

**جوردان ئەفەندی:** دەی مامۆستایان؟ چی لەو قۆشمەبازییە وردیلانەیە پێشکێش دەکەن، دەی با بزانین؟

**مامۆستای سەما:** بەڵێ؟ کام قۆشمەبازی؟

**جوردان ئەفەندی:** ئمم! ئەوەی ئەوێ.. چی پێ دەڵێن؟ دێباجەکەت، یا

دیالۆگی گۆرانی و سەماکەت.

**مامۆستای سەما:** ئەهها! ئەهها!

**مامۆستای مۆسیقا:** وەک دەبینی، خەریکی خۆ ئامادەکردنین.

**جوردان ئەفەندی:** کەمێک دواکەوتم و تاخیرم کردن، ئاخر ئیمڕۆ وەکو ئەربابەکان جلوبەرگ دەکەمە بەر و بەرگدوورەکەم گۆرەویی ئاوریشمی بۆ ناردووم، قەد لەوەوبەر خەیاڵی ئەوەم نەبووە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان گۆرەویی وا بکەمە پێم.

**مامۆستای مۆسیقا:** ئێمە چاوەڕوانین تا جەنابت خۆت ئامادە دەکەیت و خۆت حازر دەکەیت.

**جوردان ئەفەندی:** تکاتان لێ دەکەم و لێتان دەپاڕێمەوە، پێش ئەوەی جلوبەرگەکەم بۆ ئامادە دەکەن، ئێرە بە جێ مەهێڵن، حەز دەکەم بمبینن.

**مامۆستای سەما:** بە ئارەزووی جەنابتان دەکەین.

**جوردان ئەفەندی:** دەمبینن چۆن وەکو پێویست، خۆم تەیار دەدەم، لە تەوقی سەرەوە تا قولەقاپ.

**مامۆستای مۆسیقا:** بێگومان جێی گومان نییە.

**جوردان ئەفەندی:** ئەم قوماشە هیندییەم بە ڕادان داوە.

**مامۆستای سەما:** بەڕاستی جوانە.

**جوردان ئەفەندی:** بەرگدوورەکەم پێی وتم، لەم سەردەمە، ئەرباب و نەجیبەکان، بەیانییان جلوبەرگی وا لەبەر دەکەن.

**مامۆستای مۆسیقا:** قوربان زۆر جوانتان لێ دێت.

**جوردان ئەفەندی:** خزمەتکار، پسست! هەردووکتان.

**خزمەتکاری یەکەم:** بەڵێ گەورەم؟

**جـوردان ئەفـەندی:** هیچ. هـەر بۆ ئەوەی بزانم گـوێتـان لێـمـە. (رووەو مامۆستاکان.) جلوبەرگی خزمەتکارەکان چۆن دەبینن؟

**مامۆستای سەما:** زۆر نایابن.

**جـوردان ئەفـەندی:** (کـەواکـەی دەکـاتـەوە و بۆ ئەوەی دەرپـێـیـەکـەی نیـشـانیـان بدات، تەسک لە قـەدیفـەی سـوور دروست کـراوە و یەلەگە قۆڵدارەکەشی لە قەدیفەی سەوز دروست کراوە.) ئەمەتا جلوبەرگـێکی سـووک، بۆ ئەوەی بەیانیـیـان مـەشـقـەکانـی خـۆم بکەم.

**مامۆستای مۆسیقا:** کەشخە و رازاوەیە.

**جوردان ئەفەندی:** خزمەتکار!

**خزمەتکاری یەکەم:** گەورەم؟

**جوردان ئەفەندی:** ئەوەی تر!

**خزمەتکاری دووەم:** گەورەم؟

**جوردان ئەفەندی:** رۆبەکەی دادەکەنێت. رۆبەکەم بگرە. (ئاراستەی دوو مامۆستاکە.) ئا بەم شێوەیە، باشم ئەوها؟

**مامۆستای سەما:** زۆر جوانە. قەد لەمە جوانتر نابێت.

**جوردان ئەفەندی:** با بزانین کاسبییەکەی ئێوە چۆنە؟

**مامـۆستـای مۆسـیقا:** سـەرەتا، دەمـەوێت ئاوازێکت بۆ لێ دەین (دەست بۆ قوتابییەکەی درێژ دەکات). هـەندە نییە ئاوازێکی بۆ ئاهـەنگی پێداهـەڵدان داناوە، ئەوەی خۆتان داواتان کردبوو. ئەمە یەکێکە لەو قوتابیانەم کە خاوەن بەهرەیەکی لە ڕادەبەدەرە.

**جوردان ئەفەندی:** بەڵێ بەڵێ، بەڵام نەدەبوو ئەم کارە بدەیتە دەست شاگردەکەت، باشە خۆت بەهرەیەکی ئەوتۆت نەبوو بۆ جێبەجێکردنی ئەم سەرئێشەیە.

**مامۆستای مۆسیقا:** گەورەم، نابێت ناوی شاگرد و قوتابی بە هەڵەتدا بەرن. قوتابیی لەم جۆرە، دە هەندەی مامۆستاکانیان سەریان لە مۆسیقا دەردەچێت. تەنیا گوێ گرن، گەورەم.

**جوردان ئەفەندی:** (روو دەکاتە خزمەتکارەکانی). دە رۆبەکەم بدەنێ با جوانتر گوێم لێ بێت... راوەستە، وا بزانم بەبێ رۆب چاکترە... نەخێر، نەخێر، توخوا، بمدەنەوە، رەنگە بە رۆبەکەمەوە چاکتر بێت.

**مۆسیقاژەنەکان بە گۆرانی وتنەوە:**

هۆ برام ئەوە پایز چوو، زستانێ هات بەسەردا

ئەنگۆ لە من ناپرسن، لۆ دایم رەنگت زەردە

بوومە داری گەنداریێ، دەستم لە کیژەی بەردا

**جوردان ئەفەندی:** هەست دەکەم ئەم گۆرانییە هەندێک غەماوییە، خەواڵووم دەکات، دەتوانن گۆرانییەک دانێن کەمێ بەکەیف و سەفا بێت.

**مامۆستای مۆسیقا:** ئاخر گەورەم، دەبێ ئاواز هاوشان لەگەڵ شیعرەکەدا بوەستێت.

**جوردان ئەفەندی:** عەیامێک دەبێت، گۆرانییەکی جوانیان پێ لەبەر کردم. گوێب گرن... ئەرێ چۆن بوو، چۆن دەستی پێ دەکرد؟

**مامۆستای سەما:** بە خوای نازانم.

**جوردان ئەفەندی:** کودەرییەکی تێدا بوو، کودەری.

**مامۆستای سەما:** کودەری؟

**جوردان ئەفەندی:** ئا ئا. ئەوەتا، دۆزیمەوە. ئەها! (جوردان ئەفەندی دەست بە گۆرانی دەکات.)

هەی کودەری کودەری
بای لێ دەدا و دەلەری
ئەو کەسەی یاری نەبی
خۆر و مشکی بەسەری
ئەوشۆ داکم تەنگاو کرد
ئەو کچەم لۆ بخوازی
هەی دەلەرزی دەلەرزی
کاکە درم دەلەرزی
چۆن بوو، جوان نەبوو؟

**مامۆستای مۆسیقا:** جوانترین گۆرانییە لەسەر کورەی زەوی.

**مامۆستای سەما:** ئێوەش باشی دەڵێن.

**جوردان ئەفەندی:** ئەمە بە مەرجێ، مۆسیقاش نازانم.

**مامۆستای مۆسیقا:** پێویستە فێری بن، لەبەرئەوەی خەریکی فێری سەماشن. جا ئەم دوو هونەرە پێکەوە هەڵدەکەن.

**مامۆستای مۆسیقا:** ئەم دوو هونەرە زیهنی ئینسان بەرامبەر بە هەموو شتێکی جوان دەکەنەوە.

**جوردان ئەفەندی:** ئەرێ نەجیبزادەکانیش فێرە مۆسیقا دەبن؟

**مامۆستای مۆسیقا:** ئەی چۆن گەورەم.

**جـوردان ئەفـەندی:** کـەواتە دەبێ فـێری بم. بەڵام نـازانم چ کـاتێکی بۆ تەرخـان کـەم: چونکە لە پاڵ مـامـۆسـتـای چەک، مـامـۆسـتـایەکی فەلسەفەشم گرتووە؛ ئەم سەرلەبەیانییە دەبێت دەست پێ بکات.

**مـامـۆسـتـای مـۆسـیـقـا:** فـەلسـەفـە شـتـێکە و مـۆسـیـقـاش شـتـێکی ترە، گەورەم مۆسیقا...

**مامۆستای سەما:** مۆسیقا و سەما گەورەم... مۆسیقا و سەما، ئەم دووە گرینگ و پێویستن.

**مـامـۆسـتـای مـۆسـیـقـا:** گرینگترین و بە سـوودترین شت لە دەوڵەتدا مۆسیقایە.

**مامۆستای سەما:** لە سەما زەروریتر بۆ ئینسان، لە سەما زیاتر هیچ شتێکی تر نییە.

**مـامـۆسـتـای مـۆسـیـقـا:** بەبێ مـۆسـیـقـا، دەوڵەت نـاتوانێت بەردەوامی بە خۆیەوە ببینێت.

**مامۆستای سەما:** بەبێ سەما، ئینسان لەتوانای دا نابێت هیچ شتێک بکات.

**مامۆستای مۆسیقا:** لەبەر فێرنەبوونی مۆسیقایە، ئەم هەموو ئاژاوە و شەڕوشۆڕە لە جیهاندا دەبینین.

**مـامـۆسـتـای سـەمـا:** سـەرجـەم کوێرەوەرییـەکـانی ئینسـان، سـەرجـەم نشـێـوی و کـڵـۆڵـەکان کـە مـێـژوونووسـان تۆمـاریان کـردبێت، سـەرجـەم هەڵە و پەڵەکـانی سـیـاسـەتوانان، هەروەها نـەبوونی کـاپتنێکی مـەزن، سـەرجـەم ئـەم نوقسـانیـیـانە دەگـەڕێنەوە بۆ ئەوەی کە سەما نازانین.

**جوردان ئەفەندی:** چۆن، چۆن؟

**مامۆستای مۆسیقا:** ئاخۆ نەبوونی یەکەتی و یەکڕیزی لە نێوان ئینسانەکان، نابێتە سەرچاوەی سەرهەڵدانی شەڕ؟

**جوردان ئەفەندی:** وەڵڵا راست دەکەی.

**مامۆستای سەما:** ئاخۆ ئەگەر بێتو هەموو ئینسانەکان فێرە مۆسیقا بن، ئاخۆ ئەمە وا ناکات کە لەنێو یەکتر هاوئاواز بن و پێکەوە ئاشتی لە جیهاندا ببینن؟

**جوردان ئەفەندی:** زۆر راستە.

**مامۆستای سەما:** کاتێک ئینسانێک تووشی سەرلێشێوان دەبێت، چ لە کاروباری هەڵسووڕاندنی خێزانەکەی، یا بەڕێوەبردنی حکوومەت، یا لە سەرکردەییی لەشکرێک، ئەرێ بەردەوام ئەوە ناوترێت: "ئەها فلانە کەس هەنگاوێکی چەوتی نا"؟

**جوردان ئەفەندی:** زۆر راستە، ئەمە دەوترێت.

**مامۆستای سەما:** ئاخۆ هەڵنانی هەنگاوێکی چەوت، جگە لە سەما نەزانین هۆکارێکی تری هەیە؟

**جوردان ئەفەندی:** ئەمەش راستە، ئێوە هەردووک، راست دەفەرموون.

**مامۆستای سەما:** گشت ئەم نموونانە بۆ ئەوەیە کە بە جەنابت بڵێین کە مۆسیقا و سەما تا بڵێی سوود و گرینگیی زۆر و زەوەندە.

**جوردان ئەفەندی:** ئا لەم ئان و ساتەدا، تێ گەیشتم.

**مامۆستای مۆسیقا:** ئاخۆ دەتانەوێت، چاوت بە کاڵاکانمان بکەوێت؟

**جوردان ئەفەندی:** بەڵێ.

**مامۆستای مۆسیقا:** هەروەکو پێشتریش بە جەنابتم ڕاگەیاند، ئەمە هەوڵێکی بچووکە و لە ئەنجامی چەندین چیرۆکی عەشقەوە دروست بووە؛ مۆسیقا بە جوانی گوزارشتی لێ دەکات.

**جوردان ئەفەندی:** فەرموون، زۆر جوانە.

**مامۆستای مۆسیقا:** (ڕوو دەکاتە مۆسیقاژەنەکان.) دەی، وەرنە پێشەوە. (ڕوو دەکاتە جوردان ئەفەندی.) پێویستە جەنابت وێنای ئەوە بکەیت کە ئەم مۆسیقاژەنانە، جلوبەرگی شوانیان لەبەردایە.

**جوردان ئەفەندی:** ئەرێ بۆچی هەمووکات هەر شوان؟ لە هەموو جێگەیەک تووشیان دەبین.

**مامۆستای سەما:** کاتێک باس دێتە سەر مۆسیقا و مۆسیقا ژەنین، هەر بۆ ئەوەی بە واقیع بکات، دەبێت لە زنجی شوانەکاندا، ئەنجام بدرێت. چونکە گۆرانی هەمووکات دووچاری شوانان دەبێت، قەت سروشتی نییە، میر و بورجوازەکان سەوداسەرییەکانیان کردبێتە گۆرانی.

**جوردان ئەفەندی:** دەی، دەی. با ببینین.

دیالۆگ بە مۆسیقاوە

ژنە مۆسیقاژەنێک و دوو مۆسیقاژەنی پیاو

**ژنە مۆسیقاژەنەکان:** نەختە نەختە نەختە گیان

خەمێ لە درم چ سەختە

با بچین لە بۆ هەیوانێ

با بزانین شەو چ وەختە

**مۆسیقاژەنی پیاوی یەکەم:** کێژەک لە ماران رادێ

لۆ کنە منی لادایە

هۆ لاوە ماندی نەبی

لۆ چی مەیلت گۆڕایە

**مۆسیقاژەنی پیاوی دووەم:** لەبەر پیرە بێوەژنان

ئاگات لە من نەمایە

هێ کچی چاوت کۆرە بی

هەر ئەو بوختانە مایە

**مۆسیقاژەنی پیاوی یەکەم:** هانابیت وەبەر دەبەم

**ژنە مۆسیقاژەن:** دووەمین بە بەر سوبحانی

**مۆسیقاژەنی پیاوی دووەم:** حەزم لە کیژەکی کرد

**مۆسیقاژەنی پیاوی یەکەم:** ئەوشۆ دەبمە مێوانی

**ژنە مۆسیقاژەن:** بەژنێ یارێ دەڕۆیی

**مۆسیقاژەنی پیاوی دووەم:** بڕۆننە دەعییە و عینوانی

**مۆسیقاژەنی پیاوی یەکەم:** کەیفی گۆتنم هەرستا

دەستم کرد بە گۆتنی

**ژنە مۆسیقاژەن:** لۆت کەم مەحتی زولفانی

زوڵف و پەرچەمی زەردن

**مۆسیقاژەنی پیاوی دووەم:** تێی ئاراندییە کاشانی

دوو هەوری لە ملیە

**ژنە مۆسیقاژەن:** دەستەسڕ لە گیرفانی

سەرداریيەکی لەبەردا

**مۆسیقاژەنی پیاوی دووەم:** کراسی پەلک رەیحانی

ئاوێنەی لە بەرکێیە

**ژنە مۆسیقاژەن:** شەوقی دایتە کلدانی

زڕ و پۆڵیەی لە خۆی دا

**مۆسیقاژەنی پیاوی دووەم:** خۆی هەرێخست کیژانی

زوڵفی شۆڕی هاتە خوار

**هەر سێ مۆسیقاژەنەکە پێکەوە:** کەتە سەر رانەکانی

چاوی قەترانی رەشە

هەروەک چاوی جەیرانی

چاوی خۆی پڕ دەرمان کرد

نەیکردە بارگرانی

خزمینە چم لێ دەکەن

ئەی برادەری جیهانی

**جوردان ئەفەندی:** هەر ئەوەندە؟

**مامۆستای مۆسیقا:** بەڵێ.

**جوردان ئەفەندی:** جوان پێچراوەتەوە؛ وردەواڵەی ناسکی تێدابوو.

**مامۆستای سەما:** ئەمەشیان هی منە، جوانترین پارچە سەما لە بزاوت و لە رەوتی جیاجیا.

**جوردان ئەفەندی:** دیسانەوە بەزمی شوانەکانە؟

**مامۆستای سەما:** حەزی لێ دەکەن. (روو لە سەماکاران دەکات). دەی

با دەست پێ بکەین.

بالێکاران دێنە سەر تەختەی شانۆ

(چوار سەماکار، بزاوتی جۆرەوجۆر ئەنجام دەدەن، هەموو جۆرە رەوت و جوولەیەک ئەنجام دەدەن کە مامۆستای سەما داوای دەکات و ئەم سەمایەش وەکو یەکەم پشوو ئەنجام دەدرێت)

# بەشی دووەم

## دیمەنی یەکەم

جـوردان ئەفـەندی، مـامـۆسـتـای مـۆسـیـقـا، مـامـۆسـتـای سـەمـا، دوو خزمەتکارەکە.

**جوردان ئەفەندی:** ئا ئەمەتا، بڵح نییە و ئەم خەڵکەش، بێ هەراسان دەجووڵێنەوە.

**مامۆستای مۆسیقا:** کاتێک سەما و مۆسیقا ئاوێزانی یەکتری دەبن، کاریگەریی زیاتر دەبێت و شتێکی کەشخە دەبینیت لەو باڵێیەی کە بۆتمان ئامادەکردووە.

**جوردان ئەفەندی:** خۆ زۆر درەنگ نابێت؛ بۆ تەشریفی کەسێک، گشت ئەم شتانەم ئامادە کردووە و هەندەش نابات بۆ شیوی ئێوارە تەشریف دەفەرمووێت.

**مامۆستای سەما:** هەموو شتێک ئامادەیە.

**مامۆستای مۆسیقا:** لەلایەکی تریشەوە، ئەم هەموو شتانە بۆ پیاوێکی دڵ بڵندی وەکو ئێوە کە مەیلتان بۆ شتی جوان هەیە، کافی نین؛ بە پێویست دەزانرێت هەمـوو چوارشـەمـووانێک نـا، هەمـوو پێنجشەمووانێک ئاهەنگێک لەم ماڵەدا ساز بکرێت.

**جوردان ئەفەندی:** توخوا، هەموو نەجیبزادەکان وان؟

**مامۆستای مۆسیقا:** ئەی چۆن گەورەم.

**جوردان ئەفەندی:** کەواتە منیش وا دەکەم. ئا شەنگ و جوان دەبێت؟

**مامۆستای مۆسیقا:** بەبێ هیچ گومانێک. پێویستمان بە سێ دەنگ دەبێت. دەنگێکی بەرز و دەنگێکی مامناوەند و دەنگێکی نزم، هەروەها پێویستمان بە کەمانجە و تیۆربێک و کلاڤسانێکیش دەبێت بۆ گۆرانییەکان.

**جوردان ئەفەندی:** رەنگە پێویستمان بە رەبابەیەکیش بێت. من حەزم لە رەبابە هەیە، ئامێرێکی هارمۆنییە.

**مامۆستای مۆسیقا:** گەورەم لێمان گەرێ، با کاری خۆمان بکەین.

**جوردان ئەفەندی:** دەبێت، ئەوەتان لە بیر نەچێت کە چەند مۆسیقاژەنێک و گۆرانیبێژێکم بۆ رەوان کەن، بۆ خوانی سەر مێز.

**مامۆستای مۆسیقا:** هەموو شتێک ئامادەیە.

**جوردان ئەفەندی:** دەبێت دڵخۆشت کەین، ناوبەناویش شێخانییەکیشی دەکەین بەسەریدا، ئەو کات دەبینی چۆن دەردەچێت. هەر مەپرسە.

**جوردان ئەفەندی:** ئەهها! شێخانی سەمای خۆمە و حەزیش دەکەم چاوتان لە سەماکردنەکەی منیش بێت. با برۆین بەرێزان.

**مامۆستای سەما:** کڵاوێک، تکایە گەورەم.

(جوردان ئەفەندی، دەست بۆ کڵاوەکەی یەکێک لە خزمەتکارەکان دەبات و دەیخاتە سەر کڵاوە شەوینەکەی. جوردان ئەفەندی دەستی دەگرێت و دەست دەکەن بە سەماکردن و گۆرانی وتن) لا، لا، لا؛ لا، لا، لا، لا، لا، لا.– لا، لا، لا، دووبارە.–

لا، لا، لا؛–لا، لا. بەڕیتم تکایە، بەڕیتم. لا، لا، لا، لا. قـاچ ڕێک. لا، لا، لا. هەندەشـان مـەجـوولێنەوە. لا، لا، لا، لا، لا– لا، لا، لا، لا،لا. هـەردوو بازووەکـــەت داهـێـــزراون. لا،لا،لا،لا،لا. ســـەرت هەڵبڕە. نووکی پێت بۆ دەرەوە ئاراستـە کـە. لا،لا،لا. جـەستـەت ڕێک ڕاگرە.

**جوردان ئەفەندی:** هۆ؟

**مامۆستای مۆسیقا:** ئا ئەمـەتا نایابترین سـەماکار لە سـەرتاپای جیهان.

**جوردان ئەفەندی:** هاتەوە بیـرم. فێری ئەوەم بکەن چۆن، بەڕێزەوە بۆ مارکیزێک دەنوشتێمەوە، چونکە پێویستیم پێی دەبێت.

**مامۆستای سەما:** سـڵاوکـردن و ئاخـێـزکـردنێکی بەڕێزەوە بۆ مارکیزێک؟

**جوردان ئەفەندی:** بەڵێ، مارکیزێک، ناویشی دۆریمێنە.

**مامۆستای سەما:** دەستانم بدەرێ.

**جوردان ئەفەندی:** نەخـێـر. خـۆتان نمایشی بکەن، منیش سـەیرتان دەکەم و لاساییتان دەکەم و هەڵی دەگرمەوە.

**مامۆستای سەما:** ئەگەر ویستتان بە ڕێزێکی زۆرەوە سڵاوی لێ کەن، سـەرەتا دەبێت بۆ پشتـەوە بچـەمێنەوە، پاشـان سێ جار بەرەو ئەو دەچەمێنەوە و دواجاریش دەبێت تا ئەژنۆی بچەمێنەوە.

**جوردان ئەفەندی:** دەی، پێشـانم بدە. (دوای ئەوەی مامۆستای سەما سێ جاران سڵاوکردنەکە دووبارە دەکاتەوە.) جوانە!

**خزمەتکار:** گەورەم، مامۆستای چەک و تفاق لەپێش دەرگەیە.

**جوردان ئەفـەندی:** پێی بڵـێ با بێـتـەوە ژوورەوە، وانـەم لەبارەی چەک و تفاقەوە پێ بڵێت. (روو دەکاتە مامۆستای مۆسیقا و مامۆستای سـەمـا.) حـەز دەکـەم، ئێـوەش سـەیرم بکەن کـە چۆن خـۆم فێردەکەم.

## دیمەنی دووەم

مـامـۆسـتـای چەک و تفـاق، مـامـۆسـتـای مـۆسـیـقـا، مـامـۆسـتـای سـەمـا، جوردان ئەفەندی، خزمەتکارێکیش دوو شمشێری بە دەستەوەیە.

**مامۆستای چەک و تفاق:** (دوای ئەوەی هـەردوو شـمـشـێـرەکە لە دەست خزمەتکارەکە وەردەگرێت و یەکێکی دەداتە جوردان ئەفەندی). دەی با دەست پـێ بکەین، دەی بـەڕێز ئاخـێـزێک. لـەشت ڕێک و ڕاست ڕاگـرە. کـەمـێک بەسـەر ڕانی چەپدا خـۆت لار بکەوە. هەندە قاچەکانت دوور لەیەک ڕامەگرە. پێیەکانت لە یەک ئاست دانێ. مەچەکت بەرامبەر بە کەمەرت دانێ. نووکی شمشێرەکەت لە ئاسـتـی شـانـت ڕاگـرە. بازووەکـانـت هەند شل و خـاو مـەکـە. دەسـتـی چەپت لـە ئاسـتـی چاوت دابنـێ. شـانـی چەپت با بـزێو بێت. سـەرت ڕێک دانـێ. بە مـتـمـانـەوە سـەیری پێشـەوەی خـۆت بکە. وەرە پێشـەوە. جەسـتـە چاپووک. شـمـشـێرەکەت چارەکێک خـوار کـەرەوە و لـەوەی منی بدە. یەک، دوو. قـەڵەمـبـازێک بۆ پشـتـەوە. کـاتێک شـمـشـێـرەکـەت دەوەشـێنیت، گـەورەم دەبێت جـەسـتـەت لە شـوێنی خـۆی نەجـووڵێـتـەوە و سـەرەتا تەنیـا شـمـشـێـرەکـەت شـاڵاو بەرێت. یەک، دوو. دەی، دەست پێ بکە، شـمـشـێرەکەت سێ یەک، ڕاوەشێنە. بۆ پێشـەوە هـەنگاو بنـێ و

جـەسـتـەت توند و چاپـووک. دەی بۆ پێـشـەوە. خـۆت لادە. یەک، دوو. وەرەوە شـــوێنەکــەی خـۆت. دووبارەی کــەرەوە. یەک، دوو. قەڵەمبازێک بۆ پشتەوە. وریابە گەورەم، وریابە!

(مـامۆسـتـای چەک و تفـاق، یەک دوو جار نووکی شـمشـێرەکەی تێ دەگرێت و پێی دەڵێت: "وریابە!".

**جوردان ئەفەندی:** ئەیی؟

**مامۆستای مۆسیقا:** بلیمەتی دەنوێنن.

**مـامـۆسـتـای چەک و تفـاق:** پێـشـتـر بە جـەنابتم راگـەیاند، هـەمـوو نهێنییـەکانی شـمـشـێر لە دوو خـاڵ کـۆ دەبنـەوە: بپێکیت و نەهێـڵـیت بتـپـێکن؛ وەکـو چۆن ئەو رۆژەی پێم نیـشـان دای، مومکین نییە نووکی شمشێرت بەرکەوێت ئەگەر بێتو جەستەت لە نووکی شمشێری دوژمنەکەت شاردەوە، ئەمەش تەنیا و تەنیا پێوەندی بە جووڵەیەکی بچووکی مەچەکەوە هەیە، یا بۆ دەرەوە یا بۆ ناوەوە.

**جوردان ئەفەندی:** کەواتە، ئا بەم شـێوەیە، ئینسـانێ دەتوانێت، بەبێ ئەوەی ئازایی بنوێنێت، دوژمنەکەی بکوژێت و خۆشی هیچی لێ نەیەت؟

**مامۆستای چەک و تفاق:** بێگومان. ئەی لە نمایشەکەدا نەتانبینی؟

**جوردان ئەفەندی:** بەڵێ.

**مامۆستای چەک و تفاق:** لەبەر هەندێیە، ئێمەمانان، لەنێو داوودەزگای دەوڵەتدا هەند ئیعتیباراتمان بۆ داندراوە و هەر لەبەر هەندێشە، زانیارییەکانی چەک و تفاق بەسەر زانیارییە بێ کەڵکەکانی تر، وەکو مۆسیقا و سەما، زاڵ دەبن و گرینگیی پەیدا دەکەن و...

**مامۆستای سەما:** تویَف تویَف، بەڕێزی شمشێروەشێن. تەنیا بەڕێز و ئیحتیرامەوە باسی سەما بکەن.

**مامۆستای مۆسیقا:** تکات لیَ دەکەم، فێری ئەوە بن، بە جوانییەوە مامەڵە لەگەڵ مۆسیقا بکەن.

**مامۆستای چەک و تفاق:** ئێوە خۆتان لە شانی ئەو کەسانە دەدەن کە بوێرن زانیاری و مەعریفەکانی خۆتان لەگەڵ مەعریفەکانی من بەراورد کەن!

**مامۆستای سەما:** دە توخوا، ئادەی سەیرێکی ئەم پیاوە موهیمە بکەن!

**مامۆستای مۆسیقا:** ئا ئەمەتا ئەم حەیوانە قۆشمەیە، بە یەلەگی قەڵغانەوە.

**مامۆستای چەک و تفاق:** ئوستادی سەماکەرم، وات لیَ دەکەم بە کەیفوماشا هەڵپەڕیت. ئەی تۆ، مۆسیقاژەنی موبارەک، دەتخەمە سەر مەوجی گۆرانی.

**مامۆستای سەما:** سەرداری ئاسنگەری چەکوشلێدەر، وات لیَ دەکەم فێری پیشەکەت بیت.

**جوردان ئەفەندی:** (رووی دەمی دەکاتە مامۆستای سەما). ئەریَ خۆ خوا شێتی نەکردوون، وا کەوتوونەتە دەمەقرەوە، ئەم پیاوە هونەری چارەک و سێیەک شارەزایە، هەر بۆ نمایشکردن دەتوانێت پیاوێک لەناو بەرێت؟

**مامۆستای سەما:** گاڵتە و قەشمەریم پیَ دێت، چ بۆ نمایشەکانی، چ بۆ چارەک و سێیەکەکانی.

**جوردان ئەفەندی:** (رووی دەمی دەکاتە مامۆستای سەما).-لەگەڵ

هەردووکتانمە، هۆ.

**مامۆستای چەک و تفاق:** (رووی دەمی دەکاتە مامۆستای سەما). چ دەڵێت، قەزمی بێ ناوەڕۆک!

**جوردان ئەفەندی:** ئاه! مامۆستای چەک و تفاقم.

**مامۆستای سەما:** (روو دەکاتە مامۆستای چەک و تفاق). چۆن چۆن؟ هەی بارگیری تەوەزل!

**جوردان ئەفەندی:** ئاه! مامۆستای سەمام.

**مامۆستای چەک و تفاق:** بێم بکەومە گیانت...

**جوردان ئەفەندی:** (لەگەڵ مامۆستای چەک و تفاق). لەسەرخۆ.

**مامۆستای سەما:** ئەی ئەگەر دەستم وەشاند...

**جوردان ئەفەندی:** (لەگەڵ مامۆستای سەما.) هێدی هێدی.

**مامۆستای چەک و تفاق:** بە فوویەک راتان دەماڵم...

**جوردان ئەفەندی:** (لەگەڵ مامۆستای چەک و تفاق.). تکایە، توخوا...

**مامۆستای سەما:** دارکارییەکی باشت بکەم...

**جوردان ئەفەندی:** (لەگەڵ مامۆستای سەما.). تکات لێ دەکەم...

**مامۆستای مۆسیقا:** توخوا لێمان گەڕێ، با هەندێ فێرە قسەی بکەین.

**جوردان ئەفەندی:** (لەگەل مامۆستای مۆسیقا.). دە بەسە، هێور بنەوە.

## دیمەنی سێیەم

مامۆستای فەلسەفە، مامۆستای مۆسیقا، مامۆستای سەما، مامۆستای چەک و تفاق، جوردان ئەفەندی، دوو خزمەتکارەکە.

**جوردان ئەفەندی:** سڵاو! مامۆستای فەلسەفە، باش بوو بە خۆت و فەلسەفەکەتەوە هاتی. دەی، بەڵکو ئەمانەمان بۆ هێور دەکەیتەوە.

**مامۆستای فەلسەفە:** خێرە، چ قەوماوە؟ چی رووی داوە بەڕێزان؟

**جوردان ئەفەندی:** تووشی دەمەقاڵە بوون و گەیشتوونەتە ئاستی تووڕەبوون سەبارەت بە ئەهمیەتی پیشەکانیانەوە، کەوتوونەتە جنێودان و قسەی ناشیرین بە یەکتری کردن، هەر هەندە مابوو دەست لە یەکتر بکەنەوە.

**مامۆستای فەلسەفە:** ئەوەچ دەڵێن! بەڕێزان، دەبێت ئا ئەوها رەفتار بکەن؟ ئاخۆ نامە بەناوبانگەکەی "سێنێک"تان نەخوێندووەتەوە کە سەبارەت بە تووڕەبوون نووسیویێتی؟ ئەرێ توخوا شتێک هەیە لە تووڕەبوون زیاتر جێی شەرم و حەیا بێت، ئەی نازانن تووڕەبوون ئینسان دەگەیەنێتە ئاستی حەیوانێکی کێوی؟ ئاخۆ نابێت عەقڵ لە هەموو کار و کردەوەیەکماندا، سەروەریمان بکات؟

**مامۆستای سەما:** چ! بەڕێزم، هەندە نییە، ئەم کابرایە جوێنی بە هەردووکمان دا و، بە قێزەوەنییەوە سەیری سەما دەکات و مۆسیقا ژەنینیش دەهێنێتە ئاستێکی هەند نزم. مۆسیقا پیشەی ئەم بەڕێزەیە.

**مامۆستای فەلسەفە:** ئینسان لە سەرووی هەموو جوێن و داشۆرییەکە، تەنیا وەڵامی تەواویش بۆ جوێن و داشۆری، میانڕۆیی و وچانگرتنە.

**مامۆستای چەک و تفاق:** هەردووک جورئەتی ئەوەیان کرد کە

پیشەکەی خۆیان بەوەی من بەراورد بکەن.

**مامۆستای فەلسەفە:** ئاخۆ ئەمە هەندە دێنێت کە تووشی سەغڵەتیت کات؟ نابێت شکۆمەندیی ڤالا و بەتاڵ و پلە و پایە ئینسان بخاتە دەمەقاڵێیەوە، ئەوەی یەک لەوی تر جودا دەکاتەوە، حیکمەت و فەزیلەتە.

**مامۆستای سەما:** من ئەوە دووپات دەکەمەوە کە هەرگیز ناتوانین وەکو پێویست رێز لە زانستی سەماکردن بگیرێت.

**مامۆستای مۆسیقا:** منیش ئەوە دووپات دەکەمەوە و دەڵێم بە درێژیی هەموو سەردەم و چاخەکان، زانستی مۆسیقا مایەی رێز و شانازی بووە.

**مامۆستای چەک و تفاق:** منیش، بۆ هەردووکیان، ئەوە دووبارە دەکەمەوە کە شمشێروەشاندن جوانترین و بگرە پێویستترین زانستە لەنێو زانستەکان.

**مامۆستای فەلسەفە:** ئەی کەواتە داهاتووی فەلسەفە چی لێ دێت؟ هەرسێکتان رووهەڵماڵراو دەبینم کە ئەوها بە غروور و فیزەوە قسەم لەگەڵ دەکەن و بە بێ شەرمیش ناوی زانست لە شتێک دەنێن کە ناوی هونەریشی لێ زیادە، رەنگە تەنیا پیشەی پاینی وەکو شمشێروەشێن و چاوش و سەما و هەڵپەرکێی لێ بنرێت.!

**مامۆستای چەک و تفاق:** وەل بە، فەیلەسووفی سەی!

**مامۆستای مۆسیقا:** لەپێش چاوم ون بە، دەملووسی نەزان!

**مامۆستای سەما:** برۆ، هەی پاسەوانی دیوەخان!

**مامۆستای فەلسەفە:** چی! چ کرمانجێکن ئێوە...

(فەیلەسووفەکە دەکەوێتە ناویان و ئەوانیش تێی بەردەبن.)

**جوردان ئەفەندی:** جەنابی فەیلەسووف!

**مامۆستای فەلسەفە:** خوێڕی! بوودەڵە! بەدناو!

**جوردان ئەفەندی:** جەنابی فەیلەسووف!

**مامۆستای چەک و تفاق:** حەیوانی هیچوپووچ!

**جوردان ئەفەندی:** بەڕێزان.

**مامۆستای فەلسەفە:** بێ شەرمانە!

**جوردان ئەفەندی:** جەنابی فەیلەسووف!

**مامۆستای سەما:** هەی گوێدرێژی لە شەیتان چوو!

**جوردان ئەفەندی:** بەڕێزان.

**مامۆستای فەلسەفە:** لۆتی و سەرسەری!

**جوردان ئەفەندی:** جەنابی فەیلەسووف!

**مامۆستای مۆسیقا:** شەیتانی شاخدار!

**جوردان ئەفەندی:** بەڕێزان.

**مامۆستای فەلسەفە:** فێڵباز و فیشاڵچین! دەرۆزەکەران! هەی بێ ئەمەکانە! هەی دەجاڵانە!

**جوردان ئەفەندی:** جەنابی فەیلەسووف، بەڕێزان، جەنابی فەیلەسووف، بەڕێزان، جەنابی فەیلەسووف!... (لە خۆی دەدات و دەردەچێت.) ئای! دەی، تا دەتوانن بەربنە یەک، من نازانم چی بکەم، ناوبژیتان ناکەم و ڕۆبەکەم تووشی هەڵگچران ناکەم. بۆچی شێتم بێمە ناوبژیتان و هەر کەسە و لەلای خۆیەوە مستێکم پێدا بکێشێت و ئازارم پێ بگات.

## دیمەنی چوار

مامۆستای فەلسەفە، جوردان ئەفەندی و دوو خزمەتکارەکە.

مامۆستای فەلسەفە، {خەریکی چاککردنەوەی بۆینباغەکەیەتی (جۆرە دەسەسرێکە کاتی خۆی لە دەوری ملیان دەبەست)}. دەی، با دەست بە دەرسەکەمان بکەین.

**جوردان ئەفەندی:** ئای! نارەحەتم بەوەی کە چەند مستێکیان لێ دای.

**مامۆستای فەلسەفە:** نا، هیچ نییە. فەیلەسووف دەزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم شتانە بکات، قوڕیان بەسەر، دەبێت تەنزێکیان لەسەر بنووسم، وەک تەنزەکانی ژوڤێنال، تەفروتوونایان بکات. واز لەمە بێنە. دەتەوێت چی فێر بیت؟

**جوردان ئەفەندی:** هەموو شتێک، چونکە بەقەد یەک دنیا ئارەزووم هەیە کە ببمە زانا، وەختە لە پێستی خۆم دەرێم کاتێک بیری ئەوە دەکەمەوە کە دایک و باوکم، کاتی خۆی، کە گەنج بووم، نەیانخستمە بەر خوێندن بۆ ئەوەی هەموو زانستەکان فێر بم.

**مامۆستای فەلسەفە:** ئەمە هەستێکی سروشتییە. هەر وەکو لە رۆمای کۆن دەیانوت: "نام سینەدۆکترینا ڤیتا ئێس کاسی مۆرتیس ئیماگۆ." خۆ لەمە تێ دەگەن، بێگومان، لاتینی دەزانن؟

**جوردان ئەفەندی:** بەڵێ، بەلام وای دابنێ کە نایزانم. بۆمی روون بکەرەوە، با بزانم مەبەست لەو گوتەیە چییە.

**مامۆستای فەلسەفە:** ئەمە مانای ئەوەیە کە "ژیان بەبێ زانست، بە وێنەیەکی مردوو دەکات".

**جوردان ئەفەندی:** ئا ئەم لاتینییە، راست دەکات.

**مامۆستای فەلسەفە:** ئاخۆ هیچ بنەمایەک، هیچ شتێکی سەرەتایی لەمەڕ زانستەوە دەزانی؟

**جوردان ئەفەندی:** ئا بەڵێ. خوێندەواریم هەیە، دەنووسم و دەخوێنمەوە.

**مامۆستای فەلسەفە:** کەواتە، حەز دەکەی لە چییەوە دەست پێ بکەین؟ حەز دەکەن لۆجیکتان فێر بکەم؟

**جوردان ئەفەندی:** ئەرێ ئەم لۆجیکە چییە؟

**مامۆستای فەلسەفە:** لۆجیک سێ کردەی عەقڵ جێبەجێ دەکات.

**جوردان ئەفەندی:** باشە، ئەو سێ کردەیە چین؟

**مامۆستای فەلسەفە:** یەکەم و دووەم و سێیەم. یەکەمیان وێناکردن لە ڕێگە گەردوونییەکانەوە؛ دووەمیان هەڵسەنگاندنیانە لە ڕێگەی پۆلێنکردنەوە و سێیەمیشیان، هەڵهێنجانی بەرەنجامی لە دوو کردەکەی پێشوو، ئەمیش لە ڕێگەی شکل پێدانەوە. باربارا، سێلارانت، داری، فێریۆ، باراليپتۆن... هتد.

**جوردان ئەفەندی:** ئا ئەم وشە ڕەزاگرانانە. ئەم لۆجیکە زۆر عەقڵم نایگرێت. با شتی تر فێر بم کە جوانکیلەتر بن.

**مامۆستای فەلسەفە:** دەتەوێت فێری ئەخلاق بیت، بزانیت ئەخلاق چییە؟

**جوردان ئەفەندی:** ئەخلاق؟

**مامۆستای فەلسەفە:** بەڵێ.

**جوردان ئەفەندی:** باشە، ئەم ئەخلاقە چی دەفەرمووێت؟

**مامۆستای فەلسەفە:** لەبارەی بەختەوەرییەوە دەدوێ، فێری ئینسان

دەکات کە چۆن هەڵچوونەکانیان کپ و هێور کەنەوە و...

**جوردان ئەفەندی:** نەخێر، با واز لەمەش بێنین. من شەڕانگێزم هەر وەکو ئیبلیس. ئەخلاق بەرگەم ناگرێ، کاتێک هەڵدەچم و تووڕە دەبم، وەکو ژیلەمۆ سوور دەبمەوە.

**مامۆستای فەلسەفە:** ئەی کەواتە دەتەوێت فێری فیزیا بیت؟

**جوردان ئەفەندی:** ئەم فیزیایە رەنگ و ڕووی دەبێت چۆن بێت.

**مامۆستای فەلسەفە:** فیزیا پرەنسیپەکانی سروشت لێک دەداتەوە، هەروەها خەسڵەتی تەن روون دەکاتەوە. فیزیا سروشتی توخمەکان و مێتالەکان و کانەکان و بەردەکان و رووەک و ئاژەڵەکان لێک دەداتەوە و باسیان دەکات. هەروەها باس لە نەیزک و کۆڵکەزێڕینە و ئاگرە تریشقە، ئەستێرەی کلکدار، هەورەتریشقە، بڵاچە، باران، تەزرە و بەفر، با و گێژەلووکەمان بۆ دەکات.

**جوردان ئەفەندی:** هەراوهوریایەکی زۆری تێدایە، هاشەهاشە و ژاوەژاوی زۆری تێدایە.

**مامۆستای فەلسەفە:** ئەی کەواتە چیت دەوێت، دەتەوێت چیت فێر کەم.

**جوردان ئەفەندی:** فێری رێنووسم کە.

**مامۆستای فەلسەفە:** بە ئارەزووی خۆت.

**جوردان ئەفەندی:** پاشان، فێری کەشناسیم بکە، بۆ ئەوەی بزانم کەی مانگ هەڵدێت و کەی مانگ هەڵنایەت.

**مامۆستای فەلسەفە:** باشە. بۆ ئەوەی بە وردی بیر بکەیتەوە و ئەم بابەتە فەیلەسووفانە لێک دەینەوە، دەبێت سەرەتا، بە

خانەبەندی بە شتەکاندا بچینەوە، هەروەها ئاگەدارییەکی وردیشمان سەبارەت بە سروشتی پیتەکان هەبێت و بزانین چۆنیش بە شێوەی جیاواز، تەلەفوز دەکرێن. لەم رووەوە، دەبێت پێت بڵێم کە پیتەکان بەسەر بزوێن و بێدەنگدا دابەش دەبن. بزوێنیان پێ دەوترێت، چونکە گوزارشت لە دەنگ دەکەن. بێدەنگەکانیش، لەگەڵ بزوێنەکاندا هەڵدەکەن و بۆ ئەوەی تەلەفوزە جیاجیاکانی دەنگ روون بکەنەوە. پێنج بزوێن، یا دەنگمان هەیە: ئا، ئو، ئی، ئۆ، ئیو.

**جوردان ئەفەندی:** گوێم لە گشت ئەم دەنگانە دەبێت.

**مامۆستای فەلسەفە:** دەنگی ئا کاتێک دروست دەبێت، ئەو دەمەی بە تەواوی دەممان کردەوە: ئا.

**جوردان ئەفەندی:** ئا، ئا. خۆیەتی.

**مامۆستای فەلسەفە:** دەنگی ئو کاتێک دروست دەبێت، کاتێک هەردوو شەویلاگە، ئەوەی سەرەوە و ئەوەی خوارەوە لە یەکتر نزیک دەکرێنەوە: ئا، ئو.

**جوردان ئەفەندی:** ئا، ئو، ئا، ئو. بە واقیع وایە، راستە. ئەها! ئەمە چەند جوانە!

**مامۆستای فەلسەفە:** ئەی دەنگی ئی، کاتێک زیاتر و زیاتر، هەردوو شەویلاگە لە یەکتر نزیک دەکرێنەوە و سووچەکانی دەمیش بۆ لای گوێ رادەکێشرێن: ئا، ئو، ئی.

**جوردان ئەفەندی:** ئا، ئو، ئی، ئی، ئی، ئی. ئەمە راستە. هەر بژی زانست!

**مامۆستای فەلسەفە:** دەنگی ئۆ کاتێک شەویلاگەکان دەکرێنەوە و

لێوەکان، ئەملا و ئەولایان، لە یەکتر نزیک دەکرێنەوە: ئۆ.

**جوردان ئەفەندی:** ئۆ، ئۆ. لەم دەنگە راستر نییە. ئا، ئو، ئۆ، ئی، ئۆ. ئەمە جێی ئیعجابە! ئی، ئۆ، ئی، ئۆ.

**مامۆستای فەلسەفە:** کردنەوەی دەم رێک و راست، بە خڕێکی بچووک دەکات کە ئۆ دەردەبڕێ.

**جوردان ئەفەندی:** ئۆ، ئۆ، ئۆ. راست دەکەیت. ئۆ، ئاه! چەند خۆشە شتێک فێر بیت!

**مامۆستای فەلسەفە:** دەنگی ئیو کاتێک دروست دەبێت، ددانەکان لە یەکتر نزیک دەکرێنەوە، بەڵام بە تەواوی لە یەکتر نادەن، هەردوو لێوەکانیش بۆ دەرەوە درێژ کرێنەوە و بەبێ ئەوەی بە تەواوی لەیەکتر بدەن: ئیو.

**جوردان ئەفەندی:** ئیو، ئیو. لەم دەنگە راست و رەوانتر نییە. ئیو.

**مامۆستای فەلسەفە:** هەردوو لێوت درێژ بکەوە و وەکو ئەوەی قێز لە شتێک دەکەیتەوە، هەر لێرەوە دێت ئەگەر بێتو بتەوێت گاڵتە و قەشمەری بە کەسێک بکەیت، تەنیا هەر ئەوەندە بەسە پێی بڵێیت "ئیو".

**جوردان ئەفەندی:** ئیو، ئیو. ئەمە راستە. ئاه! دەبوایە زووتر دەست بە خوێندن بکەم بۆ ئەوەی ئەم هەموو شتانە فێر بم!

**مامۆستای فەلسەفە:** سبەینێ، دەست بە پیتەکانی تر دەکەین، دەست بە پیتە بێدەنگەکان دەکەین، مەبەستم لە کۆنسۆناتەکانە.

**جوردان ئەفەندی:** ئاخۆ لەم شتانە زیاتر شتی تر هەیە هەند جێی مەراق بن و بە تاسە و ئارەزوو حەز بکەین فێریان بین؟

**مامۆستای فەلسەفە:** بێگومان. پیتی د، هەر بۆ نموونە، کاتێک لەفز دەکرێت، نووکی زمان لە خوارەوەی دانەکانی سەرەوە دەدەیت: دا.

**جوردان ئەفەندی:** دا، دا. بەڵێ. ئاه! شتی نایابە! شتی نایابە!

**مامۆستای فەلسەفە:** پیتی ف کاتێک دانەکانی سەرەوە لە لێوی خوارەوە دەدەیت: فا.

**جوردان ئەفەندی:** فا، فا. ئەمە راستە. ئاه! دایک و باوک، دەک خوا بتانگرێت!

**مامۆستای فەلسەفە:** پیتی ر، نووکی زمان بەرەو سەرەوە بەرز کەرەوە و لە مەلاشووی بدە، لە مەلاشووی بخشێنە و بهێڵە با بەهێز تێ پەڕێت و ئەلەنگە تووشی لەرینەوە دێت، بە شێوەیەک کە زمان بلەرزێت و هەردەمیش بێتەوە شوێنەکەی خۆی: ر، را.

**جوردان ئەفەندی:** ر، ر، را. ر، ر، ر، ر، ر، را. ئەمەش راستە. ئاه. بە راستی پیاوێکی حەکیمی! چ کاتێکی خۆم بەفیرۆ داوە! ر، ر، را.

**مامۆستای فەلسەفە:** بە وردی و بە جوانی گشت ئەم شتانەت بە تاسەوە بۆت لێک دەدەمەوە.

**جوردان ئەفەندی:** تکات لێ دەکەم. ئا، هاتە بیرم، دەبێ نهێنییەکت لەلا بدرکێنم. من عاشقی یەکێکم پلە و پایەیەکی بەرزی هەیە و ئارەزوومەندیشم کە یارمەتیم بدەیت بۆ ئەوەی کاغەزێکی بۆ بنووسم و بیخەمە زەرفێکەوە و فرێی دەمە ژێر پێی.

**مامۆستای فەلسەفە:** زۆر باشە.

**جوردان ئەفەندی:** کاغەزێکی نەجیبانە بێت، باشە.

**مامۆستای فەلسەفە:** بێگومان. ئەرێ دەتانەوێت ئەوەی بۆی دەینووسیت بە هۆنراوە بنووسرێت؟

**جوردان ئەفەندی:** نا، نەخێر، نامەوێت هۆنراوە بن.

**مامۆستای فەلسەفە:** کەواتە، تەنها هەر پەخشانت دەوێت؟

**جوردان ئەفەندی:** نا، نە. نە پەخشانم دەوێت و نە هۆنراوە.

**مامۆستای فەلسەفە:** تەگبیر. ئاخر دەبێت یا ئەمەیان بێت یا ئەوەیان.

**جوردان ئەفەندی:** بۆ؟

**مامۆستای فەلسەفە:** ئاخر، هەر بە عەقڵ گەورەم. بۆ گوزارشتکردن یا دەبێت بە هۆنراوە بێت یا بە پەخشان.

**جوردان ئەفەندی:** تەنیا هەر هۆنراوە و پەخشان هەیە؟

**مامۆستای فەلسەفە:** نەخێر گەورەم: ئەوەی پەخشان نەبێت، هۆنراوەیە و ئەوەی هۆنراوەش نەبێت پەخشانە.

**جوردان ئەفەندی:** ئەی ئەوەی کە قسەی پێ دەکەین، ئەمە دەبێ چی بێت؟

**مامۆستای فەلسەفە:** پەخشانە.

**جوردان ئەفەندی:** چی! کاتێک دەڵێم: ''نیکۆل، نەعلەکانم بۆ بهێنە و کڵاوی خەوتنم بۆ بهێنەوە''، ئەمە پەخشانە؟

**مامۆستای فەلسەفە:** بەڵێ گەورەم.

**جوردان ئەفەندی:** بەزاتی خوا! ئەمە بۆ چل ساڵ زیاتر دەچێت، من پەخشان دەڵێم و بەبێ ئەوەی زانیبێتم، من ئیتر تا ماوم لە دنیادا قەرزباری تۆم. دەمەوێت ئەمە بخەیتە سەر کاغەز: "

مـارکـیـزە شـۆخـەکەم، چـاوە جوانەکـانت لەبەر عـیشـق دەمکوژن"،
بەڵام دەمەوێت ئەمە بە بەهرەمەندی داڕێژیت و جوان دەرکەوێت.

**مامۆستـای فەلسەفە:** ئەوەش بنووسـم کە ئاگری چاوەکانت دڵت دەکاتە سووتماک؛ شەو و رۆژ بە دەستی ئازارەوە دەناڵێنیت و...

**جوردان ئەفەندی:** نا، نەخێر، نەخێر، ئەم هەمووەم ناوێت؛ تەنیا ئەوەم بۆ بنووسە کە پێم وتی: "مارکیزە شۆخـەکەم، چاوە جـوانەکانت لەبەر عیشق دەمکوژن".

**مامۆستای فەلسەفە:** ئاخر دەبێت کەمێک بیبەر و خوێی پێدا بکەیت.

**جوردان ئەفەندی:** نەخێر، هەر وەکو پێم وتی، تەنیا ئەو قسانەی بۆم کردی، بەڵام هاوچەرخـانە بێت و بە جـوانی داڕێژرابێت. تکات لێ دەکـەم، هەر بۆ زانین، چەندین شـێـوازم پـێ بڵـێ، با بزانم چۆن دەبێ.

**مامۆستـای فەلسەفە:** سەرەتا، نابێت ئەوە دانێین کە تۆ وتت: "مارکیزە شۆخەکەم، چاوە جوانەکانت لەبەر عیشق دەمکوژن". یا: "لەبەر عیشق دەمکوژن، مارکیزە شۆخەکەم، چاوە جـوانەکانت. "یا ئەوەتا: "چاوە جوانەکانت لەبەر عیشق، مارکیزە شۆخـەکەم، دەمکوژن." یانیش: "دەمکوژن، چاوە جـوانەکـانت، مـارکـیـزە شـۆخەکەم، لەبەر عیشق." یان: "دەمکوژن چاوە جـوانەکانت بە مردن، مارکیزە شۆخەکەم، لەبەر عیشق."

**جوردان ئەفـەندی:** بەڵام، لەم هەمـوو شـێوازە، کـامـیـان لە هەمـوویان باشترە؟

**مامۆستـای فەلسەفە:** ئەوەی کە خـۆت وتت: "مارکیزە شۆخەکەم، چاوە جوانەکانت لەبەر عیشق دەمکوژن."

**جوردان ئەفەندی:** بەخوا نەچوومەتە قوتابخانەش، هەر یەکەم جار بۆم هات. لە ناخی دڵەوە سوپاست دەکەم و تکاشت لێ دەکەم، بەیانی زۆر زوو تەشریف بفەرموو.

**مامۆستای فەلسەفە:** تاخیر نابم. (دەردەچێتە دەرەوە.)

**جوردان ئەفەندی:** (بە خزمەتکارەکەی) چۆن چون، هێشتا جلوبەرگەکەم تەواو نەبووە؟

**خزمەتکار:** نەخێر گەورەم.

**جوردان ئەفەندی:** ئەم بەرگدوورە لەعنەتییە منی بۆ ئەم رۆژە راگرت، بۆ ئەم رۆژەی کە مەشغوولم! وەختە سوێم بێتەوە. دەک رەبی تایەکی کوشندە ئەم بەرگدوورە نەفرەت لێکراوە بدا بە عەرزا! ئەم بە نەعلەتبووە! تووشی رشانەوەی رەش بێت ئەم بەرگدوورە! ئەگەر ئێستا دەکەوتە ژێر دەستم ئەم بەرگدوورە ناشیرینە، ئەم سەگە، ئەم غایەنە بە نەعلەتبووە، ئای...

## دیمەنی پێنج

**بەرگدوور:** شاگردی بەرگدوور، جلوبەرگەکەی جوردان ئەفەندی لەبەرە. جوردان ئەفەندی و هەردوو خزمەتکارەکە.

**جوردان ئەفەندی:** ئای! ئەوە هاتن؟ خەریک بوو تووڕە دەبووم.

**بەرگدوور:** نەمتوانی زووتر بێم و بیست شاگردم خستە بەر جلوبەرگەکەی جەنابتانەوە.

**جوردان ئەفەندی:** جووتێک گۆرەویی ئاوریشمی هەند تەسکت بۆ ناردووم، وزەی دنیام خستە گەڕ بۆم نەکرایە پێ و دوو ئەڵقەی پچڕان.

**بەرگدوور:** زۆر زوو دەکرێنەوە.

**جوردان ئەفەندی:** بەڵێ، کاتێک ئەڵقەکانی دەپچڕێنم. جووتێ پێڵاویشت بۆ بەکرد داوم، پێم زۆر دەگوشن و برینداریان کردووە.

**بەرگدوور:** بڕوا ناکەم گەورەم.

**جوردان ئەفەندی:** چۆن بڕوا ناکەیت!

**بەرگدوور:** نا نەخێر، پێت بریندار ناکەن.

**جوردان ئەفەندی:** من پێم وتی، پێم بریندار دەکەن.

**بەرگدوور:** رەنگە بە خەیاڵ وابێت.

**جوردان ئەفەندی:** خەیاڵ دەکەم، چونکە هەستی پێ دەکەم. بزانە چ لۆجیکێ جوانە!

**بەرگدوور:** بگرە، ئەمە جوانترین جلوبەرگی بیلاتە، سەرکەوتووترینیانە. ئەمە شاکارە شاکار، یەکێکە لە داهێنانە هەرە جیدییەکانم کە قەد لەوەوپێش شتی وام دانەهێناوە. سەدوپەنجا بەرگدووری دەسڕەنگین خڕ کەیتەوە شتی وا داناهێنن.

**جوردان ئەفەندی:** با بزانم ئەمە چییە؟ گوڵت لە خوارەوە داناون؟

**بەرگدوور:** ئەی جەنابت پێت نەوتم کە لە سەرەوە دایانێم؟

**جوردان ئەفەندی:** ئاخر تۆ دەبێت شتی وا بڵێیت؟

**بەرگدوور:** توخوا، بەڕاستتە، هەموو نەجیبزادەکان، بەم شێوە جلوبەرگ لەبەر دەکەن.

**جوردان ئەفەندی:** بۆچی ئەرباب و نەجیبزادەکان، گوڵەکانیان لە

خوارەوە دادەنێن؟

**بەرگدوور:** بەڵێ گەورەم.

**جوردان ئەفەندی:** ئاها! کەواتە ئەوها زۆر باشە.

**بەرگدوور:** ئەگەر ئارەزوو دەکەیت، گوڵەکان لە سەرەوە دادەنێم.

**جوردان ئەفەندی:** نا، نا.

**بەرگدوور:** ئێوە هەر ئەمر بکەن.

**جوردان ئەفەندی:** نەخێر، پێم وتی، چاکت کرد. توخوا هەست دەکەیت ئەم جلوبەرگەم لێ دێت؟

**بەرگدوور:** زەوقێکی جوانە! تەحەدای هەموو نەقاشێک دەکەم کە بتوانێت بە خۆی و پەڕەمووچییەوە شتێکی هەند نایابتان بۆ دروست کات. لە دوکانەکەم، شاگردێکم هەیە بلیمەتێکە بۆ خۆی، لە دروستکردنی شەرواڵی ئەسپسواری و یان شاگردێکی ترم هەیە، قارەمانی سەردەمەکەی خۆیەتی لە دروستکردنی ستارخانیدا.

**جوردان ئەفەندی:** بارۆکەکە و پەڕەمووچەکان، وەکو پێویست ئەنجام دراون؟

**بەرگدوور:** هەمووی بە جوانی ئەنجام دراون.

**جوردان ئەفەندی:** (سەیری جلوبەرگەکەی بەرگدوور دەکات). ئەها! ئەها! بەرگدووری بەڕێز، ئەم جلوبەرگەی بەرت لە قوماشەکەی من ماوەتەوە، ئەوەی پێشووم، لەوە دروستت کردووە. دەیناسمەوە.

**بەرگدوور:** قوماشەکەی جەنابت هەند نایاب بوو، منیش حەزم کرد،

جلوبەرگێکی بۆ خۆم لێ بەڕادان بدەم.

**جوردان ئەفەندی:** راستە راست، بەڵام نەدەبوایە لە قوماشەکەی من بیدەیتە رادان.

**بەرگدوور:** دەتانەوێت جلوبەرگەکەتان بکەنە بەر؟

**جوردان ئەفەندی:** بەڵێ، ئا دەی، بمدەرێ.

**بەرگدوور:** یەک دەقە. ئەمە لەگەڵ ئەوەیان نابێت. لەگەڵ خۆم شاگردم هێناوە بۆ ئەوەی بە رێکوپێکی ئەم جلوبەرگانەتان بکەنە بەر، ئەم جلوبەرگانە بە ئاهەنگ و ئاوازەوە دەکرێنە بەر. دەی! فەرموون، وەرنە پێشەوە. ئەم جلوبەرگە بکەنە بەر ئەم بەڕێزە، بە جۆرێک بیکەنە بەری وەکو چۆن دەیکەنە بەر نەجیبزادەکان.

(چوار شاگردی بەرگدوور دێنە ژوورەوە، دووانیان خەریکی داکەندنی دەرپێیەکەی دەبن و دوو شاگردەکەی تریش، خەریکی داکەندنی یەلەگەکەی دەبن، پاشان جلوبەرگە نوێیەکەی دەکەنە بەر و جوردان ئەفەندی بەملا و ئەولادا پیاسە دەکات و خۆی نیشانیان دەدا. بە مۆسیقا و ریتمەوە ئەم کارە دەکرێت.)

**بەرگدوور:** کوێخای بەڕێزم، تکایە، بەخشیشێک بدەنە ئەم شاگردانە.

**جوردان ئەفەندی:** چۆن ناوت بردم؟

**بەرگدوور:** کوێخای بەڕێز.

**جوردان ئەفەندی:** "کوێخای بەڕێزم!" دە وەرە بزانە، چۆن چۆنی ناو لە ئەرباب دەنێت! برۆ، لەپێش چاوم ون بە، کاتێک جلوبەرگێکی شارستانە دەکەینە بەر، ئیتر "جەنابی کوێخا" نامێنێت. (بەخشیشیان دەداتێ). بگرن، فەرموون، ئەمەش لەبەر خاتری "جەنابی کوێخا".

**شاگردی بەرگدوور:** ئاغام، پێویستی بەمە نەدەکرد.

**جوردان ئەفەندی:** "ئاغام" ئەمەیان، ئۆۆ! "ئاغام!" راوەستە، هاورێی ئازیزم. "ئاغام"، موستەهەقی شتێکی، شتێکی کەم نییە "ئاغام". بگرە، بزانە ئاغا چیت دەداتێ.

**شاگردی بەرگدوور:** ئاغام، بە ساغ و سەلامەتی و نۆشی مەعالیتانەوە، شتێک هەڵدەدەین.

**جوردان ئەفەندی:** "مەعالی!" ئۆ، ئۆ ئۆ! مەڕۆن. بە من بوترێت "مەعالی!" (بە دەنگی نزم و لەبەر خۆیەوە.) بە خوای، ئەگەر بگاتە "پادشا"، هەر هەموو جزدانەکەی دەدەمێ. (بە دەنگی بەرز.) بگرە، ئەمەیان لەبەر "مەعالی".

**شاگردی بەرگدوور:** ئاغام، سوپاسی زۆری بەخشندەیی و دەستبڵاویت دەکەین.

**جوردان ئەفەندی:** باشی کرد، ئەگینا، هەر هەموو جزدانەکەم دەدایێ.

(هەر چوار شاگردەکە لە دڵخۆشی دەیکەنە سەما و هەڵپەڕکێ و ئەمەش دەبێتە پشووی دووەم.)

# بەشی سێیەم

## دیمەنی یەکەم

جوردان ئەفەندی. دوو خزمەتکارەکە.

**جـوردان ئەفـەندی:** دوام کـەون، با سـەرێک لە بـازاڕ بدەم و ئـەم جلوبەرگـەم نیـشـانی خـەڵکی بدەم و ئـێـوەش، ئێـوەش لەمـلا و ئەولامـەوە دەڕۆن، زۆر لێم دوور مـەکـەونەوە، بـا خـەڵکی ئەوەش بزانن کە ئێوە هی منن.

**خزمەتکار:** بەڵێ گەورەم.

**جـوردان ئەفـەندی:** بانگی نیکۆلم بۆ بکە، با چەند راسـپـاردەیەکی بدەمێ. راوەستە، ئەوە خۆی هات.

## دیمەنی دووەم

نیکۆل، جوردان ئەفەندی، دوو خزمەتکارەکە.

**جوردان ئەفەندی:** نیکۆل!

**نیکۆل:** ئەمرێ، خزمەتێ؟

**جوردان ئەفەندی:** گوێ بگرە.

**نیکۆل:** هی، هی، هی، هی!

**جوردان ئەفەندی:** بە چی پێ دەکەنیت؟

**نیکۆل:** هی، هی، هی، هی!

**جوردان ئەفەندی:** ئەم حریکەحریکەت لە چی؟

**نیکۆل:** هی، هی، هی! چۆن خۆت دامەزراندووە! هی، هی، هی!

**جوردان ئەفەندی:** مەبەستت چییە؟

**نیکۆل:** ئەها، ئەها! ئەی خوایە! هی، هی، هی، هی!

**جوردان ئەفەندی:** چی عفریتێکی؟ ئەرێ ئەوە گاڵتەم پێ دەکەیت؟

**نیکۆل:** نەوەڵڵا، گەورەم، ئەستەغفیرەڵڵا. هی، هی، هی، هی!

**جوردان ئەفەندی:** کوڕە جارێکی تر پێ بکەنی، دەکێشم بە قەپۆزت.

**نیکۆل:** گەورەم، ناتوانم خۆم بگرم. هی، هی، هی، هی، هی!

**جوردان ئەفەندی:** کەواتە نایبڕێنیتەوە؟

**نیکۆل:** داوای لێبووردنت لێ دەکەم، بەڵام بەخوا هەند سەیری، خۆم پێ ڕاناگیرێ. هی، هی، هی!

**جوردان ئەفەندی:** کوڕە بزانە، تووشی چی غرووڕێک بوویتە!

**نیکۆل:** تەواو سەیری ئەوها. هی، هی!

**جوردان ئەفەندی:** کوڕە، کو...

**نیکۆل:** داوای لێبووردنت لێ دەکەم. هی، هی، هی، هی!

**جوردان ئەفەندی:** گوێ بگرە هۆ، ئەگەر یەک دەنکی تر پێ بکەنیت، سوێند بێت، دانەیەکی وا دەکێشمە سەروپۆتەڵاکت، هەرگیزاوهەرگیز شتی وات تام نەکردبێت.

**نیکۆل:** باشە گەورەم، تەواو، ئیتر پێ ناکەنم.

**جوردان ئەفەندی:** زۆر وریابە. کەواتە دەبێت دەست بکەیت بە پاککردنەوەی...

**نیکۆل:** هی، هی!

**جوردان ئەفەندی:** وەکو پێویست دەبێت دەست بە...

**نیکۆل:** هی، هی!

**جوردان ئەفەندی:** وەکو پێم وتی، دەبێ دەست بکەیت بە پاککردنەوەی هۆڵەکە و...

**نیکۆل:** هی، هی!

**جوردان ئەفەندی:** جارێکی تریش؟

**نیکۆل:** (لەبەر پێکەنین بە پشتدا دەکەوێت). بگرە گەورەم، دارکاریم کە، بەس بیەڵە تا هێزم تێدایە پێ بکەنم، دڵم خۆش دەبێت، گەورەم. هی، هی، هی، هی، هی!

**جوردان ئەفەندی:** وەختە لە کەوڵی خۆم بێمە دەرەوە!

**نیکۆل:** توخوا گەورەم، بهێڵە کەمێکی تر پێ بکەنم. هی، هی. هی!

**جوردان ئەفەندی:** ئەگەر لێت وەرگرم...

**نیکۆل:** گەورەم... رەم، دەمکوژیت...یت... ئەی ئەگەر چبی تر پێ نەکەنم. هی، هی، هی!

**جوردان ئەفەندی:** توخوا تیاترۆی واتان بینیوە، لە جیاتیی ئەمرەکانم جێبەجێ بکات، هاتووەتە بەر لمۆزم و بە کەیفوماشای خۆی پێ دەکەنێ.

**نیکۆل:** چیت دەوێت گەورەم، ئامادەم؟

**جوردان ئەفەندی:** دالغەی چیت لێ داوە، دەستێک بە ماڵەکەدا بێنە، تاوێکی تر دۆستەکەم دێت.

**نیکۆل:** (هەڵدەستێتەوە.) ئای! بەسەری بابم، چی تر ئارەزووی پێکەنینم نییە و کاتێک بیر لەوە دەکەمەوە دۆستەکانت چ

شەپڕێوییەک لێرە دەنێنەوە، چ کەیف و مەراقێکم نامێنێ.

**جوردان ئەفەندی:** ئەرێ ناتەوێ لەبەر خاتری جەنابت، دەرگە لە رووی هەموو دنیا داخەم؟

**نیکۆل:** بەلایەنی کەم دەبێت لە رووی هەندێ کەس دای خەیت.

## دیمەنی سێیەم

خاتوون جوردان، جوردان ئەفەندی، نیکۆل، هەردوو خزمەتکارەکە.

**خاتوون جوردان:** ئاھ!ئاھ! ئا ئەمەش حیکایەتێکی ترە. ئەرێ پیاوەکە، باشە ئەمە چییە، ئەم بارە چییە؟ گاڵتەی بە دنیا دێت، ئا بەم شێوەیە، وا خۆت خستووەتە ژێر ئەو کورتانەوە؟ ئارەزووی ئەوەت دەکرد کە لە هەموو شوێنێک ببیتە گاڵتەجاڕ و قۆشمەی ئەم و ئەو؟

**جوردان ئەفەندی:** ئافرەت، تەنیا گێل و گەلحۆ، گاڵتەم پێ دەکەن.

**خاتوون جوردان:** بە هەقیقەت خەڵکی چاوەڕێی ئیمڕۆیان نەدەکرد بۆ ئەوەی قەشمەری و گاڵتەت پێ بکەن، دەمێکە ئەم ئەتوارانەت جێی قەشمەری و گاڵتەپێکردنی هەموو عالەمن.

**جوردان ئەفەندی:** ئەرێ تکایە، پێم ناڵێیت ئەو هەموو عالەمەی تۆ باسی دەکەیت لە کوێن؟

**خاتوون جوردان:** ئەو هەموو عالەمە خاوەن عەقڵن و لە تۆ زۆر عاقڵترن. بەم جۆرە ژیان و ئەتوارە، حەیا و نامووسی منت بردووە. نازانم چی لەمماڵەی ئێمە روو دەدات. ئەم ماڵە هەر بە کەرنەڤال دەکات، رۆژێک نییە و دوو رۆژ نییە، بەو رۆژگارە گوێمان لە ژاوەژاو و هەراوهاواری گۆرانیبێژان و

هاوسێیەکانمان هەراسانیان لێ براوە.

**نیکۆل:** خاتوون هەقێتی، راست دەکات. لەبەر هاتوچۆی ئەم و ئەو و ئەو هەموو خەڵکەی کە داوەتت کردوون، بەڕاستی ناتوانم ماڵەکە بە پاکوخاوێنی راگرم. بە پێی قوڕاوییەوە، نازانم لە چ کووچە و کۆڵانێک خڕیان کردووەتەوە و دەیهێنن و لەم ژوورانەی رادەکەن. ئەم فرانسوازە بەسزمانە، هەر هەندەی پێ دەکرێت هەموو رۆژێک، بێ وچان، بە نینۆک ئەم عەرزە پاک بکاتەوە.

**جوردان ئەفەندی:** بەڵێ، بەڵێ نیکۆلی کارەکەر، زمانت وەکو دەشتەکییەک، جوان جوان لووس کردووە.

**خاتوون جوردان:** نیکۆل راست دەکات، لە تۆ شعووری زیاترە. دەمەوێت بزانم، لەو تەمەنەی تۆ، چیت لە مامۆستای سەما داوە؟

**نیکۆل:** ئەی مامۆستای شمشێروەشێن، بە خۆی و زرمەی پێیەکانی، وەختە هەموو خانووەکە برمێنێت بە سەرماندا و گشت کاشییەکانی هۆڵەکەی لە یەکتر ترازاندووە.

**جوردان ئەفەندی:** بێدەنگ بن بێدەنگ، بە هەی کارەکەر، وس بە ئافرەت.

**خاتوون جوردان:** دەتەوێت خۆت فێری سەما بکەیت، بۆ ئەو کاتەی قاچوقولت پێوە نامێنێت؟

**نیکۆل:** ئەرێ خۆ نیازی کوشتنی کەسێکت نییە؟

**جوردان ئەفەندی:** وەک پێم وتن وس بن، ئێوەیەک لەوەی تر جاهیلترن، ئێوە سوود و گرینگیی گشت ئەم شتانە نازانن.

**خاتوون جوردان:** چاکترە بیر لەوە بکەیتەوە کە کچەکەت بدەیتە شوو، وەختی هاتووە.

**جوردان ئەفەندی:** بیر لە شوودانی کچەکەم دەکەمەوە، ئەو کاتەی مێردێک دێت و داوای دەکات، دەشمەوێ بیر لەوە بکەمەوە کە شتی بەسوود و جوان فێر بم.

**نیکۆل:** خاتوون، ئیمڕۆ بیستم کە بۆ بەردەستیکردنی بێستانەکەمان، مامۆستایەکی فەیلەسووفی بەکرێ گرتووە.

**جوردان ئەفەندی:** زۆر باشە. دەمەوێت ببمە خاوەن عەقڵ و ژیری، لەنێو پیاو ماقووڵاندا، قسە بکەم و تەگبیر دانێم.

**خاتوون جوردان:** خۆ بەم تەمەنە، بە تەمای ئەوە نیت بچیتەوە قوتابخانەوە و دارحەیزەرانێک بە دەستەوە بگریت؟

**جوردان ئەفەندی:** بۆ نا؟ خوای دەکرد هەر ئێستا دارحەیزەرانێکم دەبوو و دەچوومە پێش ئەو هەموو خەڵکە و بمزانیایە چ شتێک لە قوتابخانە فێر دەبن.

**نیکۆل:** بەڵێ، بەڵێ، زۆر جوانە، بەخوا ئینجا دەمانزانی چ کەڵکێکی دەبێ.

**جوردان ئەفەندی:** بێگومان.

**خاتوون جوردان:** گشت ئەمانە زەروورین بۆ ئەوەی ماڵەکەت بەڕێوە بەریت.

**جوردان ئەفەندی:** بەدڵنیاییەوە. ئێوە وەکو حەیوان بیر دەکەنەوە، گەمژەی وەکو ئێوە، تووشی شەرمم دەکەن. (روو دەکاتە خاتوون جوردان.) بۆ نموونە، ئاخۆ دەزانیت، لەم ئان و ساتەدا، ئەوەی

دەیڵێیت چییە؟

**خاتوون جوردان:** بەڵێ، من زۆر باش دەزانم چی دەڵێم و تۆ دەبێت بیر بکەیتەوە کە بەشێوەیەکی تر بژیت.

**جوردان ئەفەندی:** مەبەستم ئەمە نییە. دەمەوێ بزانم ئەو قسەیەی تۆ دەیکەیت لێرە چییە؟

**خاتوون جوردان:** ئەوەی دەیڵێم قسەی مەعقووله و ئەوەی تۆش دەیکەیت رەفتاری نامەعقووله.

**جوردان ئەفەندی:** وەک پێم وتی، مەبەستم ئەمە نییە. دەمەوێت بزانم: ئەو قسەیەی کە من لەگەڵ تۆ پێی دەدوێم، ئەوەی ئێستا، ئەمە چی پێ دەوترێت؟

**خاتوون جوردان:** لاوک و حەیرانە.

**جوردان ئەفەندی:** نا، نەخێر، خۆی نییە. ئەوەی کە ئێستا، من و تۆ قسەی پێ دەکەین، چییە؟

**خاتوون جوردان:** ئەمە، ئەمە؟

**جوردان ئەفەندی:** ئەمە چی پێ دەڵێن؟

**خاتوون جوردان:** ئەمە ئەوەی پێ دەڵێن کە دەمانەوێت.

**جوردان ئەفەندی:** ئەمە پەخشانە هەی گێل.

**خاتوون جوردان:** پەخشان؟

**جوردان ئەفەندی:** بەڵێ پەخشان. ئەوەی پەخشانە هۆنراوە نییە و ئەوەشی هۆنراوەیە پەخشان نییە. بینیت! ئینجا تێ بگە خوێندن مانای چییە. (سەیری نیکۆل دەکات.) ئەی تۆ، تۆ دەزانێت چۆن چۆنی لەفزی پیتی ئیو دەکرێت؟

**نیکۆل:** چی؟

**جوردان ئەفەندی:** بەڵێ. ئادەی، چی دەکەیت بۆ ئەوەی لەفزی پیتی ئیو بکەیت؟

**نیکۆل:** چۆن؟

**جوردان ئەفەندی:** دەی هەندێک بڵێ، ئیو، با بزانین.

**نیکۆل:** دە باشە، ئیو.

**جوردان ئەفەندی:** چی دەکەیت، ئا دەی؟

**نیکۆل:** لەفزی ئیو دەکەم.

**جوردان ئەفەندی:** باشە، بەڵام کاتێک لەفزی ئیو دەکەیت، چی دەکەیت؟

**نیکۆل:** ئەوە دەکەم کە پێم دەڵێی.

**جوردان ئەفەندی:** چ کارەساتێکە کاتێک ئیشت دەکەوێت لای گەمژەیەک! لێوەکانت بۆ دەرەوە درێژ بکەوە و شەویلاگەکانت، ئەوەی سەرەوە و ئەوەی خوارەوە لە یەکتر نزیک کەرەوە: ئیو، دەبینی؟ بزانە رووم گرژ دەکەم: ئیو.

**نیکۆل:** بەڵێ، ئەمەیان وایە.

**خاتوون جوردان:** ئەمە جێی شانازییە.

**جوردان ئەفەندی:** کاتێک ئیشت بە ئۆ و دا، دا و فا فا دەبێت، ئەوە شتێکی ترە.

**خاتوون جوردان:** ئەرێ پێم ناڵێن ئەم شەڕەپشیلەیە چییە؟

**نیکۆل:** ئەم هەموو شتە بۆ چ داوودەرمانێک دەشێن؟

**جوردان ئەفەندی:** وەختە شێت و هار بم کاتێک تووشی ژنی جاهیل دەبم.

**خاتوون جوردان:** ده بڕۆ، پێویستە گشت ئەو عەتار و مەتارانە تووڕ هەڵدەیت.

**نیکۆل:** بە تایبەت ئەو زلوحۆلە، ئەو شمشێروەشێنەی گشت ماڵەکەی کردووەتە تەپوتۆز.

**جوردان ئەفەندی:** ئا ئا، بەڵێ! ئەم مامۆستایە، گەلێک ئێوەی بەدڵە. هەر ئێستا، هەموو گەوجییەکت بۆ دەردەخەم. (داوای شمشێرەکان دەکات و یەکێکی دەداتە نیکۆل.) بیگرە. هەر بۆ نمایشکردن. هێڵی جەستە. کاتێک چارەک دەوەشێنین دەبێ ئەمە بکەین و کاتێکیش نیو دەوەشێنین دەبێ ئەمە بکەین. ئا ئەمە ڕێگەچارەیەکە بۆ ئەوەی قەد نەکوژرێین، ئەرێ ئەوە خۆش نییە کاتێک، لەگەڵ یەکێک دەکەویتە شەڕ، توانای بەرگریکردنت هەبێت؟ دەی، پاڵم پێوەنێ، با ببینین، با بزانین چۆنە.

**نیکۆل:** باشە، چی روو دەدات؟ (نیکۆل یەک دوو جار، بە شمشێر وەشاندنەوە دەیکشێنێتە دواوە.)

**جوردان ئەفەندی:** زۆر جوانە. هۆ، هۆ! لەسەرخۆ! خوا بتگرێ هەی مەلعوون!

**نیکۆل:** ئەی خۆت نەتوت، پاڵ نێ.

**جوردان ئەفەندی:** بەڵێ، بەڵام تۆ سێیەک دەوەشێنی، پێش ئەوەی چارەک بوەشێنی، بوارم نادەیتێ بۆ ئەوەی دەست کەمەوە.

**خاتوون جوردان:** پیاوەکە، دەڵێی شێت بوویتە، بەم هەموو خەیاڵ پڵاوەوە، لەوەتەی پیاوانی ماقووڵ و نەجیبزادەکان دەبینی، عەقڵ بە سەرتەوە نەماوە.

**جوردان ئەفەندی:** لەو کاتەوە کە دەچمە نێو پیاوانی ماقووڵ، عەقڵ و

هـۆشم هـاتووەتەوە بـەر، ئـەمـــە زۆر لـەوە بـاشـــتـــرە تێکەڵـی شارستانەکانی تۆ بم.

**خـاتوون جـوردان:** راسـتـە بێگومـان! تێکەڵـی پیـاومـاقـوولآن سـوود و قـازانجـی زۆرە، بە تایبـەت لەوەتـەی هـامـوشـۆی ئەو کـۆنـتـە دەکەیت...

**جوردان ئەفەندی:** بێدەنگ بە! بیر بکەرەوە دەڵێی چی. دەزانی ئافرەت، دەزانی کـاتێک قـسـە بەو پیـاوە دەڵـێیت، نازانیت قـسـە بە کێ دەڵێیت؟ ئەو کـابرایە، کابرایەکی یەکجـار گرینگە و لە کۆشک جێی رێز و تەقدیرە، وەکو چۆن مـن و تۆ قسـان دەکەین، ئەو ئا ئەوها لـەگـەڵ پاشـا قـسـە دەکـات. توخـوا، ئەمـە بۆ مـن جـێی شـەرەف و تەقدیر نـییـە کاتێک پیاوێکی وا دێت و سـەرمـان لێ دەدات، پیاوێکی هەند ئەشراف و بە هاورێی ئازیز بانگم دەکات و بەهـاوشـانی خـۆیم دەزانێ؟ هـەندە چاکـەی بەسـەرمـەوەیە، هەرگیزاوهەرگیز لە یاد ناکرێت، لە بەردەم هەموو کەسێکدا، هەند پێمدا هەڵدەدا، خۆم لێ گوم دەبێت.

**خاتوون جوردان:** بەڵێ، راستە، چاکەی زۆری بە سەرتەوە هەیە و پێتدا هەڵدەدا، بەڵام قەرزت لێ وەردەگرێت.

**جـوردان ئەفـەندی:** ئەرێ توخوا! جێی شـەرەف و ئیعتیزاز نییـە، پارە بدەیتە پیاوێکی هەند عالی مەقام؟ ئاخۆ دەکرێ، لەوە کەمتر بۆ یەکێک بکەم کە بە هاورێی ئازیز بانگم دەکات؟

**خاتوون جوردان:** باشە، ئەم بەرێزە چ خێرێکی بۆ تۆ هەیە؟

**جـــوردان ئـەفـــەندی:** دەیان شت، ئـەگـــەر بزانی چین، هـەر تووشـی حەپەسان و واقورمان دەبیت.

**خاتوون جوردان:** وەکو چی؟

**جـوردان ئەفــەندی:** دە بیـبـڕەوە، چوزانم. هـەر هەندە بەســە، کـاتێک قـەرزی دەدەمێ، قەرزەکەم بۆ دەگەڕێنێتەوە و هـەندەشی بەسـەر ناچێت.

**خاتوون جوردان:** بەڵێ، مەگەر هەر بەتەمای ئەمە بیت.

**جوردان ئەفەندی:** بەدڵنیاییەوە. مەگەر پێی نەوتبێتم؟

**خاتوون جوردان:** بەڵێ، بەڵێ، بەخوا چاوت بە هیچ ناکەوێت.

**جوردان ئەفەندی:** سوێندی بەسەری ئەشرافەکان خوارد.

**خاتوون جوردان:** بەڵێ، بەڵێ، حەیران و لاوکی جوانن!

**جوردان ئەفەندی:** بەڵێ! بەڕاستی کەللەرەقی ئافرەت، پێم وتی، گفتی داوە و جێبەجێی دەکات، دڵنیام.

**خاتوون جوردان:** منیش بە دڵنیـاییەوە پێت دەڵێم نەخێر و ئەو هەموو پێداهەڵدان و ماستاوسارکردنەوەیە بۆ ئەوەیە هەڵت خەڵەتێنێ.

**جوردان ئەفەندی:** بێدەنگ بە، ئەوە هات.

**خـاتوون جـوردان:** وەڵڵا بابە، هەر ئەمـەمـان نوقـسـان بوو. رەنگە بۆ قـەرزوقـۆڵەیەکی تر هاتبـێت، کـاتێ دەیبـینـم حـەوسـەڵەم تەنگ دەبێت.

**جوردان ئەفەندی:** وەکو پێم وتی، بێدەنگ بە ئافرەت.

## دیمەنی چوارەم

دۆرانت، جوردان ئەفەندی، خاتوون جوردان و نیکۆل

**دۆرانت:** هاوڕێی ئازیزم، جـوردان ئەفـەندی، سـەحـەت و تەندروسـتـیت چۆنە؟

**جوردان ئەفەندی:** زۆر باشم گەورەم، ئەگەر خزمەتە بچووکەکانم قبووڵ کەیت.

**دۆرانت:** ئەی خاتوو جوردان، ئەی ئەو چۆنە، خۆ باشە؟

**جوردان ئەفەندی:** خاتوون جوردان، زۆر باشە و هیچ عەیبێکی نییە.

**دۆرانت:** چۆن، چۆن! جوردان ئەفەندی، قۆزترین پیاوی سەر ئەرز!

**جوردان ئەفەندی:** خۆ بینیت.

**دۆرانت:** زۆر جـوان لێت دێ، ئەم جلوبەرگـە، بەڕاسـتی لە کـۆشک گەنجی هەند پۆشتە و جوانمان نییە.

**جوردان ئەفەندی:** دەی، دەی!

**خاتوون جوردان:** (لەبەر خۆیەوە.) دەزانێ کوێی پێویستی بە خورانە.

**دۆرانت:** ئادەی بسوڕێوەوە. بەڕاستی پۆشتە هەر وا دەبێت.

**خاتوون جوردان:** (لەبەر خۆیەوە.) بەڵێ، لە سەروبەریەوە گەلحۆیەکە بۆ خۆی.

**دۆرانت:** بڕوا بکە، جـوردان ئەفـەندی، وچانم لەبەر بڕابوو، تامـەزرۆی بینینتـم دەکرد. تۆ ئەو کەسـەی کە بەهەق جێگەی سـتـایشـێکی زۆری منی، هەر هـەندە نیـیـە، ئەم سـەرلەبەیانـییـە، لە کـۆشـکی پاشا، لە ژوورەکەی خۆی، باسی تۆم دەکرد.

**جـوردان ئەفـەندی:** گـەورەم دەکـەیت گـەورەم. (روو دەکـاتە خـاتوون جوردان.) لە کۆشکی پاشا!

**دۆرانت:** دە، بیخەرە سەرت...

**جوردان ئەفەندی:** گەورەم، دەزانم بەڕاستی قەرزبارم دەکەیت.

**دۆرانت:** خـوایە، دە توخوا بیـخـەرە سـەرت، لە نێوان ئێمەدا هیچ جۆرە

رەسمییاتێک نییە، تکایە.

**جوردان ئەفەندی:** گەورەم...

**دۆرانت:** دەی بیخەرە سەرت، جوردان ئەفەندی، تۆ هاوڕێی خۆمی.

**جوردان ئەفەندی:** گەورەم، من خزمەتکاری تۆم.

**دۆرانت:** من کڵاوەکەم ناکەمە سەر، ئەگەر بێتو جەنابت نەیخەیتە سەرت.

**جوردان ئەفەندی:** (کڵاوەکەی دەخاتە سەر.) دەزانم ئەوەی دەیکەم شارستانانە نییە، بەڵام...

**دۆرانت:** هەر وەکو دەزانی، من قەرزاری تۆم.

**خاتوون جوردان:** (لەبەر خۆیەوە.) ئەمەیان، زۆر زۆر بەباشی دەزانین.

**دۆرانت:** زۆر سەخییانە و زۆر بەخشندانە، لە زۆر موناسەبەتدا، قەرزت داومەتێ، بێگومان، بێگومان لە میهرەبانیی خۆتەوەیە.

**جوردان ئەفەندی:** گەورەم، توخوا ئەمە قسەیە دەیکەیت، ئەوە گاڵتەم پێ دەکەیت.

**دۆرانت:** خۆ دەزانم ئەو چاکانە بدەمەوە کە دەرهەقم کراوە و دەشزانم تا چ رادەیەک دڵخۆشت کردووم.

**جوردان ئەفەندی:** گومان لەمەیان نییە، گەورەم.

**دۆرانت:** دەمەوێ هەق و حیسابەکەمان پاک کەینەوە، هاتووم ئەم حیسابانەت لەگەڵ بکەم.

**جوردان ئەفەندی:** (بە چپەدوو لەگەڵ خاتوون جوردان.)- سەیرکە! ئافرەت، دەبینی چ نابینایەک بوویت.

**دۆرانت:** من کەسێکم، حەز ناکەم قەرزاربار بم، تا لە کۆڵی خۆم

بکەمەوە درەنگە.

**جوردان ئەفەندی:** (بە چپەدوو لەگەڵ خاتوون جوردان.) خۆ جوان پێم وتی.

**دۆرانت:** دەی با بزانین، چیت لامە.

**جوردان ئەفەندی:** (بە چپەدوو لەگەڵ خاتوون جوردان.)- دەبزانە، چ بەدگومانێکی قەشمەر بوویت.

**دۆرانت:** هەموو ئەو پارانەت دێنەوە یاد کە بە قەرز بە منتان داوە؟

**جوردان ئەفەندی:** ئا، رەنگە لەسەر کاغەزێک نووسیبێتم. فەرموو. جارێکیان، دوو سەر لویسم بە قەرز دایتێ.

**دۆرانت:** ئەمەیان راستە.

**جوردان ئەفەندی:** جارێکی تریشیان سەدوبیست لویسی تر.

**دۆرانت:** بەڵێ.

**جوردان ئەفەندی:** جارێکی تریان، سەدوچل.

**دۆرانت:** راست دەفەرمووی.

**جوردان ئەفەندی:** ئەم سێ قەرزە دەکەنە چوارسەد و شەست لویس کە دەکەنە پێنج هەزار و شەست لیرە.

**دۆرانت:** حسێبەکەت زۆر تەواوە. پێنج هەزار و شەست لیرە.

**جوردان ئەفەندی:** هەزار و هەشتسەد و سی و دوو لیرە، هەقدەستی پەڕەمووچ.

**دۆرانت:** زۆر بەجێیە.

**جوردان ئەفەندی:** دوو هەزار و حەوتسەد و هەشتا لیرە هەقی بەرگدوور.

**دۆرانت:** زۆر راستە.

**جوردان ئەفەندی:** چوار هەزار و سێسەد و حەفتا و نۆ لیرە و دوازدە عانە و هەشت قرووش، هەقی بازرگان.

**دۆرانت:** جوانە. دوازدە عانە و هەشت قرووش، حیسابەکەت رێک و راستە.

**جوردان ئەفەندی:** هەزار و حەوتسەد و چل و هەشت لیرە و حەوت عانە هەقدەستی زیندوورەکەت.

**دۆرانت:** ئەوەی دەیڵێی راستە. هەمووی دەکاتە چەند؟

**جوردان ئەفەندی:** تێکڕای قەرزەکان، دەکەنە پازدە هەزار و هەشتسەد لیرە.

**دۆرانت:** تێکڕای قەرزەکە راست و تەواوە: پازدە هەزار و هەشتسەد لیرە. دووسەد پیستۆلی تری بخەرە سەر، واتە دووسەدی ترم بە قەرز بدەرێ، بۆ ئەوەی بکاتە هەزار و هەشتسەد فرەنک و سەری مانگ هەموویت بە یەکەوە دەدەمێ.

**خاتوون جوردان:** (بە چپەدوو لەگەڵ جوردان ئەفەندی.) سەیرکە، توخوا بەباشی مەزنەم نەکردبوو؟

**جوردان ئەفەندی:** (بە چپەدوو لەگەڵ خاتوون جوردان.) هێواش!

**دۆرانت:** خۆ ئەوەی داوای دەکەم نابێتە مایەی سەغڵەتی بۆتان؟

**جوردان ئەفەندی:** همم. نەخێر!

**خاتوون جوردان:** (بە چپەدوو بەجوردان ئەفەندی.) ئەم کابرایە هەر وەکو مانگا دەتدۆشێت.

**جوردان ئەفەندی:** (بە چپەدوو لەگەڵ خاتوون جوردان.) بێدەنگ بە!

**دۆرانت:** ئەگەر سەغڵەتیت بۆ دروست دەکات، قەیناکە دەچمە لایەکی تر.

**جوردان ئەفەندی:** نەخێر، گەورەم.

**خاتوون جوردان:** (بە چپەدوو لەگەڵ جوردان ئەفەندی.) دڵخۆش نییە بەوەی کە ماڵی وێران کردووی.

**جوردان ئەفەندی:** (بە چپەدوو لەگەڵ خاتوون جوردان.)- پێت دەڵێم بێدەنگ بە.

**دۆرانت:** توخوا ئەگەر نارەحەتتان دەکات پێم بڵێن.

**جوردان ئەفەندی:** یەک دەنک.

**خاتوون جوردان:** (بە چپەدوو لەگەڵ جوردان ئەفەندی.) زمانلووسێکی بێ وێنەیە.

**جوردان ئەفەندی:** (بە چپەدوو لەگەڵ خاتوون جوردان.) وتم بێدەنگ بە.

**خاتوون جوردان:** (بە چپەدوو لەگەڵ جوردان ئەفەندی.) تا دوا عانە لووشتان دەدات.

**جوردان ئەفەندی:** (بە چپەدوو لەگەڵ خاتوون جوردان.) بێدەنگ دەبیت یا نا؟

**دۆرانت:** خەڵکێکی زۆر دەناسم بەدڵخۆشییەوە قەرزم دەدەنێ؛ بەڵام، لەبەرئەوەی تۆ ئازیزترین هاوڕێمی، هەست دەکەم گوناهێکت دەرهەق دەکەم، ئەگەر بچم داوای قەرز لە یەکێکی تر بکەم؟

**خاتوون جوردان:** (بە چپەدوو لەگەڵ جوردان ئەفەندی.) چی چی! سەرەڕای ئەم هەمووە، دەتەوێت ئەمەشی بدەیتێ؟

**جۆردان ئەفەندی:** (بە چپەدوو لەگەڵ خاتوون جوردان.) ئەی چی بکەم؟

دەکرێ دەرگە لە نەجیبێکی وا داخەم، هەر ئیمڕۆ، لە کۆشکی پاشا، باسی منی کردووە؟

**خاتوون جوردان:** (بە چپەدوو لەگەڵ جوردان ئەفەندی.) تۆ خۆت ساویلکەیت.

## دیمەنی پێنجەم

دۆرانت، خاتوون جوردان، نیکۆل.

**دۆرانت:** خەمۆکی دەتبینم خاتوون. چیتە، خۆ خێرە؟

**خاتوون جوردان:** مێشکم لە مستم گەورەترە، تەنانەت ئەگەر نەئاوسا بێت.

**دۆرانت:** ئەرێ کچەکەتان لە کوێیە، نایبینم؟

**خاتوون جوردان:** کچەکەم هیچ عەیبێکی نییە، لە شوێنەکەی خۆیەتی.

**دۆرانت:** لە چییایە؟

**خاتوون جوردان:** هەر لە کراس و کەواکەی خۆیدایە.

**دۆرانت:** حەز ناکەیت رۆژێک لەگەڵ کچەکەت بێن بۆ نمایشی سەما و کۆمیدیا کە لە کۆشکی پاشا نمایش دەکرێت؟

**خاتوون جوردان:** بۆ نا، حەز دەکەین، حەز بە پێکەنین دەکەین، حەزێکی زۆرمان لە پێکەنین هەیە.

**دۆرانت:** هەست دەکەم، خانم، لە کاتی گەنجێتیتدا، لاوانێکی زۆر هاتوونەتە داخوازیت، چەند کچێکی شەنگ و نازدار بوویتە کاتی خۆی.

**خاتوون جوردان:** نازەنین و نازدار، گەورەم، بۆچی خاتوون

جوردان کەنەفت و داهێزراو دەبینی، تووشی سەرلەقاندن بووە؟

**دۆرانت:** ئاه! بەڕاستی داوای لێبووردن دەکەم خانم. بەڕاستی نەمزانی گەنج نیت و زۆرجاریش دەخرەفێم. بەڕاستی، لەبەر ئەم گەمژەییەم، داوای لێبووردنت لێ دەکەم.

## دیمەنی شەشەم

جوردان ئەفەندی، خاتوون جوردان، دۆرانت، نیکۆل.

**جوردان ئەفەندی:** (روو دەکاتە دۆرانت.) فەرموو، ئەمەش دووسەد لویسی رێک.

**دۆرانت:** بەدڵنیاییەوە، جوردان ئەفەندی، لە خزمەتتدام و هەر وەکو ئاگرم تێ بەربێت بۆ ئەوەی ئەم چاکەیەت لە کۆشکی پاشا لە بەرچاو بێت.

**جوردان ئەفەندی:** تکات لێ دەکەم، گەورەم.

**دۆرانت:** خانمی ئازیز، ئەگەر حەزتان لە کات بەسەربردنی شایانەیە، ئەوە لە هۆڵەکە، باشترین شوێنتان بۆ دەگرم.

**خاتوون جوردان:** دەستتان ماچ دەکەم.

**دۆرانت:** (بە چپەدوو لەگەڵ جوردان ئەفەندی.)- مارکیزە جوانکیلەکەی خۆمان، هەروەکو لە نامەکەشدا بۆم باس کردبووی، هێندە نابات بۆ سەما و شێوخواردن دێت و باسی دیارییەکەی ئێوەشم بۆ کرد، ئەو دیارییەی کە بۆ ئەوتان دانابوو.

**جوردان ئەفەندی:** با بچینە ئەو پەنایەوە و قسان بکەین.

**دۆرانت:** ئەوە بۆ هەفتەیەک زیاترە کە نەمبینیوی و باسی ئەڵماسەکەم بۆ نەکردوویت، ئەو ئەڵماسەی کە خستە چنگمەوە بۆ ئەوەی

بەدیاری پێشکێشی مارکیزی بکەم: بڕوا بکە بەقەد یەک دنیا هەوڵم دا تا قەناعەتی پێ بکەم، تا گەیشتە ئیمڕۆ، ئینجا دیارییەکەی لێ قبووڵ کردووم.

**جوردان ئەفەندی:** توخوا، بەلایەوە چۆن بوو؟

**دۆرانت:** جێی ئیعجاب، ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبێتم، جوانیی ئەو پارچە ئەڵماسە، کاریگەرییەکی یەکجار ئەفسووناویی تێ کردووە.

**جوردان ئەفەندی:** هیوادارم کە وابێت!

**خاتوون جوردان:** (لەگەڵ نیکۆل قسە دەکات.) هەر هەندە یەکیان گرت، ئیتر لە یەکتر جیا نابنەوە.

**دۆرانت:** پێم راگەیاند، نرخ و بەهای ئەو ئەڵماسە چییە و گەورە و مەزنیی عیشقی ئێوەش چۆنە.

**جوردان ئەفەندی:** بەڕاستی، گەورەم، سەرم لە چاکەی تۆ سوڕماوە و تێ ناگەم نەجیبزادەیەکی وەکو ئێوە، چۆن لە رووی دێت، ئەم کارانەم، بۆ بکات.

**دۆرانت:** گاڵتەی پێ دێت؟ چما لەنێو هاوڕێیان لێکدانەوەی وا هەیە؟ توخوا، ئێوەش هەمان شتم بۆ ناکەن ئەگەر کارم بکەوێتە ئێوە؟

**جوردان ئەفەندی:** ئەی چۆن! بەدڵنیاییەوە و بەوپەڕی شانازییەوە.

**خاتوون جوردان:** (روو دەکاتە نیکۆل.) چ بارقورسییەکە، چ رەزاگرانە!

**دۆرانت:** بەنیسبەت منەوە، کاتێک کار دێتە سەر خزمەتکردنی هاوڕێیەک، سەیری راست و چەپی خۆم ناکەم، سەرم پێوە نییە، کاتێک بوومە جێی متمانەی جەنابتان و باسی شەیداییی خۆت بۆ ئەو مارکیزە کرد کە من پێوەندیم لەگەڵی هەیە، دەستوبرد،

هەموو هەوڵێکم دا بۆ ئەوەی خزمەتی جەنابت بکەم.

**جوردان ئەفەندی:** راستە، سەرم لە چاکەی تۆ سوڕماوە و تێ ناگەم.

**خاتوون جوردان:** (لەگەڵ نیکۆل.) ئەرێ ملی خۆی ناشکێنێت و بڕوات!

**نیکۆل:** پێ دەچێت، باش پێکەوە گونجابن.

**دۆرانت:** زۆر بە جوانی، ڕێگەی دڵیت گرتە بەر. ژنان، بە عام حەز دەکەن پارەیان بۆ سەرف کەین؛ چ ئەو دەسکەگوڵە یەک لە دوای یەکانە، ئەی ئاگرە دەسکردەکەی کە بۆت نارد، چ پارچە ئەڵماسەکەی کە بە دیاری بۆت نارد و ئەو دیارییەی کە خەریکی ئامادەکردنیت، گشت ئەمانە جوانتر گوزارشت لە عیشقی تۆ دەکەن، وەک لە گشت ئەو قسانەی کە خۆت رووبەڕوو لەگەڵی بیکەیت.

**جوردان ئەفەندی:** ئەگەر ئەم ڕێگەیە بمانباتە سەر دڵەکەی خۆم، چ خەرج و سەرفێکم کردووە. بۆ من ئەفسوونی ژنێکی خانومان، شەرەفێکە لە دەرەوەی هەموو نرخ و پارەیەکەوەیە.

**خاتوون جوردان:** (لەگەڵ نیکۆل.) دەبێ، ئەو هەموو شتە چ بێت کە پێکەوە باسی بکەن؟ بڕۆ، خۆت لێیان نزیک بکەوە و گوێیان لێ راگرە.

**دۆرانت:** هێندە نابات، بە بینینی چاوەکانی دەگەشێنەوە و ئۆخژن و حەوانەوە دەبەخشنە بینابیت.

**جوردان ئەفەندی:** بۆ ئەوەی سەرفراز و ئازاد بم، خێزانەکەم هەر لە دوای نیوەڕۆوە دەنێرمە ماڵی خوشکم و با لەوێش نانی ئێوارە بخوات.

**دۆرانت:** چاکت کرد و بە وریاییەوە کارت کردووە، چونکە لەوانەیە خێزانەکەت وەزعەکەی لێ تێک بدایانیە. لە پێناوی جەنابتاندا، فرمانم دایە چێشت لێنەرەکە و هەموو کەرەسەکانیش بۆ سەمای بالێکە تەرخان بکات. داهێنانێکی چاکە، هیواداریشم بە جێبەجێکردنیانم، هەموو کارەکان مەیسەر بن...

**جوردان ئەفەندی:** (کاتێک دەبینی کە نیکۆل گوێی راگرتووە لێیان، چرپەیەک دەکات.)- بەڵێێ! چەند بێ شەرمی! (لەگەڵ دۆرانت.) با بڕۆین، تکایە!

## دیمەنی حەوتەم

خاتوون جوردان و نیکۆل.

**نیکۆل:** بەخوا خانم، ئەم هاروهاجییەم بێ نرخ نەبوو، هەروەها هەستیش دەکەم موویەک لەم ماستەدا هەیە و لەبارەی بابەتێکەوە قسە دەکەن، دەیانەوێت تۆی تێدا نەبیت.

**خاتوون جوردان:** نیکۆل، ئیمڕۆ نییە کە گومانم لە مێردەکەم کردووە. گەورەترین خیانەتم لێ کراوە، دۆست و عەشق و مەشقێکیش لە ئارادایە، هەوڵ دەدەم دەست بە سەرەداوی ئەم مەسەلەیەدا بگرم. بەڵام با بیر لە کچەکەم بکەینەوە. خۆ دەزانی کلیۆنت تا چ رادەیەک خۆشی دەوێ و عاشقێتی. کوڕێکە بەدڵی خۆمە و هەموو کارێک دەکەم بۆ ئەوەی ئەم دووانە بۆ یەک بن و دەمەوێت لوسیلی بدەمێ.

**نیکۆل:** بەڕاستی، بەقەد دنیایەک دڵخۆشم خانم، ئا ئەوها بە هەستە ناسکەکەتەوە دەتبینم؛ تۆ خانم و منیش کارەکەر؛ حەزیش

دەکەم کە ئەم شاییيەمان، لە شەنگترین شێوەوە و لە رازاوەترین ئاهەنگدا ساز بدرێت.

**خاتوون جوردان:** برۆ لەلای منەوە پێی بڵێ، هەر با ئێستا بێت، بێتە خوازبێنیی کچەکەمان، بە ئامادەبوونی من و مێردەکەم.

**نیکۆل:** هەر بە راکردن خانم، بە دڵخۆشییەوە، هەرگیز فرمان لەمە جوانتر نابێت. (لەگەڵ خۆی.) هەر ئێستا دەڕۆم، دڵی خەڵکی خۆش دەکەم.

## دیمەنی هەشتەم

کلیۆنت، کۆڤیەل، نیکۆل.

**نیکۆل:** (لەگەڵ کلیۆنت.) ئەهها! ئەوە لێرەی. من باڵیۆزی دڵخۆشیم و هەر ئێستا لەلایەن...

**کلیۆنت:** هەی قێزەون، ئاوا لەپێش چاوم، بە خۆت و قسە چەور و چڵێسەکانت پێم رامەبوێرە.

**نیکۆل:** توخوا، ئا بەم شێوەیە ئیستیقبالم دەکەیت...

**کلیۆنت:** پێت دەڵێم لەپێش چاوم ون بە و برۆ بە خانمەکەت بڵێ با هێندە بە کلیۆنت–ی گوناح و بەسزمان رانەبوێرێت.

**نیکۆل:** کوڕە تۆ خۆ تۆ شێت نەبووی؟ کۆڤیەلی جوانکیلە، توخوا پێم بڵێ مەسەلە چییە.

**کۆڤیەل:** کۆڤیەلە جوانکیلەکەت، ها وا نییە، هەی تاوانبار! دەی، خێرا، هەر ئێستا لەپێش چاوم ون بە و لێم گەڕێ، هەی ناشرین.

**نیکۆل:** چی! تۆش، هەروا...

**کۆڤیەل:** پێت دەڵێم، لەپێش چاوم ون بە و باسی ژیانی خۆتم بۆ مەکە.

**نیکۆل:** (لەگەڵ خۆی.) ئەو چییە! چ زەردەواڵە پێوەی داوە؟ ئەی ئێستا من چی بە خانمەکەی خۆم بڵێم.

## دیمەنی نۆیەم

کلیۆنت و کۆڤیەل.

**کلیۆنت:** چی! مامەڵەکردنی عاشق ئەوها دەبێت؟ وەفادارترین عاشق، شەیداترین عاشقی نێو عاشقان؟

**کۆڤیەل:** ئەمە مەترسیدارترین مامەڵەیە کە لەگەڵ ئێمەدا دەیکەن.

**کلیۆنت:** وەرە توخوا، تا خەیاڵ بڕ دەکا، ئەفسوونی دنیا و شەیداییی دنیام بۆ کەسێک هەیە، کەسی ترم لە دنیا هێندەی ئەو خۆش ناوێت، هەموو خەیاڵ و زیهنی داگیر کردووم، ئەو هەموو ئارەزوو و هەموو تاسەکان و خۆشییەکانمە، لەو زیاتر باسی کەسی تر ناکەم، لەو زیاتر بیر لە کەسی تر ناکەمەوە، تەنیا خەون بەوەوە دەبینم، هەناسەم بەوەوە بەندە، دڵم لە جەستەی ئەودا لێ دەدات، دەوەرە پاداشتی ئەم هەموو خۆشەویستییە ئەمە بێت! ئەگەر بێتو تەنیا دوو ڕۆژ نەیبینم، بۆ من دەبنە دوو سەدەی پڕ ئێش و ئازار، کاتێک بەڕێککەوتیش دەیبینم، دڵم دەکەوێتە لێدان، ئۆخژن لە ڕەنگ و ڕوومەوە دەردەکەوێت و ئەفسووناوی بەرەو وی باڵ دەگرم، بێ ئەمەکەکان دەیانەوێت لێمی دوور کەنەوە و لە پڕێکیشدا لێمی بقەپێنن وەکو ئەوەی هەرگیزاوهەرگیز، لەوە پێشتر چاوی بە من نەکەوتبێت!

**کۆڤیەل:** منیش هەر وەکو تۆ بیر دەکەمەوە.

**کلیۆنت:** توخوا، کۆڤیەل، شتی وا ناڕەوا هەیە و کەس هەیە بگاتە ئاستی لوسیلی بێ ئاوەز و بێ ئەمەک؟

**کۆڤیەل:** ئەی کەس هەیە بگاتە نیکۆلی خائین؟

**کلیۆنت:** دەوەرە، دوای ئەو هەموو قوربانیدانە، دوای ئەو هەموو عارەق ڕشتن و قسە خۆشانەی کە بۆم دەکرد!

**کۆڤیەل:** دوای ئەو هەموو ستایشە یەک لە دوای یەکانە، دوای ئەو هەموو چاکە و یارمەتییانەی مەتبەغەکە!

**کلیۆنت:** ئەو هەموو فرمێسکانەی کە لەسەر رانی ڕشتم!

**کۆڤیەل:** ئەو هەموو پەقرەجە ئاوەی لە بیرەکەوە بۆم هێنا!

**کلیۆنت:** ئەو هەموو جۆش و خرۆشە و ئەو هەموو قسە جوانانە، وام پێشان دەدا کە لە خۆم زۆرترم خۆشدەوێت!

**کۆڤیەل:** بەرامبەر بە مەقەڵەکە، ئەو هەموو گەرماییەی کە دەمچێشت، شیشی تکەکانم دەگۆڕی، شیش لە دوای شیش!

**کلیۆنت:** بە قێزکردنەوە، ڕووی لێ وەرگێڕام!

**کۆڤیەل:** بڵحانە پشتم لێ دەکات!

**کلیۆنت:** ئەم فێڵبازییە شایەنی توندترین سزایە.

**کۆڤیەل:** ئەم خیانەتە شایانی هەزاران قامچییە.

**کلیۆنت:** گوێی مەدەرێ، تکات لێ دەکەم، لەمەودوا لەبارەی ئەوەوە قسەم لەگەڵ نەکەیت.

**کۆڤیەل:** لەگەڵ منتە؟ خوا بمگرێ!

**کلیۆنت:** دواجار نەیەیت داوای لێبووردنم لە کردەی ئەو بێوەفایە لەلا بکەیت؟

**کۆڤیەل:** ترست نەبێت.

**کلیۆنت:** نەخێر، دەبینی، گشت ئەو قسانەی کە بۆ بەرگریکردنت هەڵگرتبوو، مەبەست بەرگریکردن لەو، بێ سوود دەرچوون.

**کۆڤیەل:** تازە کێ بیر لەمە دەکاتەوە؟

**کلیۆنت:** لەمەودوا لە نێوان من و ئەو هیچ نامێنێت، ئەم زیزبوونەش لە دڵ هەڵدەگرم.

**کۆڤیەل:** هەروەها منیش.

**کلیۆنت:** ئەم کۆنتە سەردانیان دەکات و رەنگە عەقڵ و هۆشی بردبێت و بە سەر و سیمای نەجیبزادانەشی حەیرانی کردبێت. بەڵام، من لە پێناوی شەرەفی خۆم پێویستم بەوەیە هەندە نەبات، ئەم ئابڕووچوونە ئاشکرا بێت. منیش دەبێت هێندەی ئەو خۆم بگۆڕم و نەیەڵم هەروا سووک و ئاسان بۆی دەرچێت.

**کۆڤیەل:** زۆر جوان بۆی چووی و منیش تەواو لەگەڵ بۆچوون و هەستی تۆ دام.

**کلیۆنت:** تۆ ببە بە پاڵپشتی من و بڕیارەکانم بە هەند وەرگرە و دژی هەموو شتێک دەوەستین، ئەگەر لە پێناوی عەشقی ئێمەدا نەبێت. پێم بڵێ، لە پێش چاوم وێنەیم بۆ بکێشە تا ببێتە قێزەوەنترین بوونەوەر، سەرنجم بۆ گشت ناتەواوییەکانی راکێشە، تا لەپێش چاوم بەتەواوی بکەوێت.

**کۆڤیەل:** ئەو، هاوڕێ؟ کچێکی سنگهەڵکێش و بە نازوفیزە، ئەو توانای ئەوەی هەیە خۆشەویستیت بداتێ! بەڕاستی لەودا، تەنیا کچێکی تووڕەهات دەبینم و تۆ، بە ئاسانی سەد کەسی تر بە قوربانت دەبن. یەکەمیان، چاوەکانی بچووکن.

**کلیۆنت:** ئەمەیان راستە، چاوەکانی بچووکن، بەڵام لێواولێوی گڕن، پزیسکدار، سووتێنەر و جوانترین شت بۆ بینین.

**کۆڤیەل:** دەمیشی زلە.

**کلیۆنت:** راستە، بەڵام ئەفسووناوییە کە لە هیچ زارێکی تردا نایبینین، ئەو دەمە، بە بینینی، ئارەزوو کڵپە دەسێنێت، سەرنج ڕاکێشترین دەم، سەوداترین دەم لە سەرتاپای جیهان.

**کۆڤیەل:** بەژنیشی، زۆر بەرز نییە.

**کلیۆنت:** نەخێر، بەڵام ڕێک و پەرداخە.

**کۆڤیەل:** لە قسە و کردەوەکانیدا، خێلوخلیچ دیارە.

**کلیۆنت:** راستە، بەڵام پڕ لە ئەفسوونە و جووڵەکانی سەرنج ڕاکێشن و نازانم چ سیحرێکیش دڵان رادەکێشن.

**کۆڤیەل:** عەقڵ و هۆشیشی...

**کلیۆنت:** ئاها! چ عەقڵ و هۆشێکە کۆڤیەل، ناسکترین و هەستیارترین.

**کۆڤیەل:** لە کاتی قسە و گفتوگۆشدا...

**کلیۆنت:** قسە و دەم و دووی سیحراوین.

**کۆڤیەل:** هەموو کات جیدی دیارە...

**کلیۆنت:** ئاخۆ تەڕ و پاراویت نەبینیوە و بەردەوام دڵکراوە و دڵخۆش؟ توخوا سووکایەتیش نییە کاتێک ژنان بە هەموو شتێک پێ دەکەنن؟

**کۆڤیەل:** بەڵام لە هەموو کەس زیاتر چڵێسیی پێوە دیارە.

**کلیۆنت:** راستە چڵێسە، بۆ ئەمەیان لەگەڵت دام، بەڵام رەفتاری ڕێک و جوان، ئیرەییش هەر بە جوان دەبەین.

**کۆڤـیـەل:** لەبەرئـەوەی ئـەمـە جـووت لـەگـەڵ ئـەوە دەوەسـتـێت، دەبـینم ئارەزوومەندی کە هەموو کات خۆشیت بوێت.

**کلیـۆنت:** من، حـەز دەکـەم بمرم، لـەمـە بـەدواوە هـێندەی جـاران خـۆشم دەویست، قینی لێ هەڵدەگرم.

**کۆڤیەل:** ئەی بۆچی هەند تەواو و بێ عەیب دەیبینیت؟

**کلیـۆنت:** بۆیە تۆڵەکەم دەبێت دەنگ بداتەوە، بۆیە دەمەوێت هێـزی دڵم جوانتر و رێکتر بکەم و ئەوهای نیشان دەم، نیشانی بدەم کە چەند قینم لێی دەبێتەوە، چۆن دەسبەرداری دەبم، جوانکیلە و سەرنج ڕاکیش، دەبێت بەو نازدارییە پشتی لێ کەم. ئا ئەوەتا هات.

## دیمەنی دەیەم

کلیۆنت، لوسیل، کۆڤیەل، نیکۆل.

**نیکۆل:** (لەگەڵ لوسیل.) من بە تەواوی حەیا و ئابڕووم چووە.

**لوسیل:** رەنگە ئەوەی پێت دەڵێم وابێت، لوسیل. بەڵام ئا ئەوەتانێ.

**کلیۆنت:** (لەگەڵ کۆڤیەل.) نامەوێت لەگەڵی قسە بکەم.

**کۆڤیەل:** دەمەوێت لاسایی ئێوە بکەمەوە.

**لوسیل:** دەتەوێت چی بڵێیت کلیۆنت؟ چیتە؟

**نیکۆل:** چیتە کۆڤیەل؟

**لوسیل:** بۆچی هێندە خەمباریت؟

**نیکۆل:** بۆ هێندە بێ زەوقی؟

**لوسیل:** کلیۆنت، چییە لاڵ بوویتە؟

**نیکۆل:** کۆڤیەل، زمانتان بڕیوە؟

**کلیۆنت:** ئەوە بێ ئەمەکەکە هات!

**کۆڤیەل:** خائین و دووڕوو!

**لوسیل:** دەبینم ئەم ژوانە عەقڵ و هۆشتی تێک داوە.

**کلیۆنت:** (لەگەڵ کۆڤیەل.) ئاه، ئاه! دەبینین چیتان کردووە.

**نیکۆل:** چاوپێکەوتنەکەی ئەم سەرلەبەیانییە تەواو شێت و هاری کردووی.

**کۆڤیەل:** (لەگەڵ کلیۆنت.) درکمان بە تەنگوچەڵەمەکان کردووە.

**لوسیل:** توخوا، کلیۆنت وا نییە، ئەم مەسەلەیە بوو کە وا زیزی کردی؟

**کلیۆنت:** بەڵێ هەی خائین، وایە، مادام قسە هاتە پێش، دەبێ بکرێت؛ دەبێ ئەوەت پێ بڵێم، تۆ لەم بێ وەفایییە، سەرکەوتن بەدەست ناهێنیت، من دەسپێشخەری دەکەم و دەسبەردارت دەبم و هەلی ئەوەت بۆ دەڕەخسێنم کە تۆ وازم لێ بهێنیت. ڕاستە ئازار و ئەشکەنجە ڕێم لێ دەگرن بۆ ئەوەی بەسەر ئەم خۆشەویستییەدا زاڵ بم، خەمبارم دەکات. قەدەرێک ئازار دەکێشم، بەڵام بەسەریدا زاڵ دەبم، دڵم هەنجن هەنجن بکەم باشترە لەوەی جارێکی تر بگەڕێمەوە بۆ لای تۆ.

**کۆڤیەل:** (لەگەڵ نیکۆل.) – یا ئەو دەبێت، یا من.

**لوسیل:** ئەم هەموو هەراوهوریایە بۆ هیچ. با ئەوەت پێ بڵێم کلیۆنت، بابەتەکەی ئەم سەرلەبەیانییە ئەوە بوو کە خۆم لە تۆ بپارێزم.

**کلیۆنت:** (دەیەوێت بڕوات و لوسیل نەبینێت.) نا، نامەوێت گوێم لە هیچ شتێک بێت.

**نیکۆل:** (لەگەڵ کۆڤیەل.) – با باسی ئەو سەبەبەت بۆ بکەم.

**کۆڤیەل:** (دەیەوێت بڕوات و نیکۆل نەبینێت.) نامەوێت گوێم لە هیچ شتێک بێت.

**لوسیل:** (دوای کلیۆنت دەکەوێت.) دەبێت ئەوە بزانیت کە ئەم سەرلەبەیانییە...

**کلیۆنت:** (دەڕوات، بەبێ ئەوەی سەیری لوسیل بکات.) – نەخێر، وەکو پێت دەڵێم.

**نیکۆل:** (بە دوای کۆڤیەلەوە.) – دەبێت ئەوە بزانیت کە...

**کۆڤیەل:** (هەنگاو دەنێت، بەبێ ئەوەی سەیری نیکۆل بکات.) نا، هەی خائین.

**لوسیل:** گوێ بگرە.

**کلیۆنت:** تەواو.

**نیکۆل:** تۆ ڕێگەم پێ بدە دەم بکەمەوە.

**کۆڤیەل:** من کەڕم.

**لوسیل:** کلیۆنت!

**کلیۆنت:** نەخێر.

**نیکۆل:** کۆڤیەل!

**کۆڤیەل:** یەک دەنک.

**لوسیل:** ڕاوەستە.

**کلیۆنت:** بەزمەکەیە!

**نیکۆل:** دە گوێ بگرە.

**کۆڤیەل:** تووڕەهات!

**لوسیل:** هەر یەک تۆز.

**کلیۆنت:** مومکین نییە.

**نیکۆل:** هەڵێکم بدەرێ.

**کۆڤیەل:** هەرگیزاوهەرگیز.

**لوسیل:** تەنها دوو وشە.

**کلیۆنت:** نەخێر، تەواو.

**نیکۆل:** تەنیا هەر یەک وشە.

**کۆڤیەل:** تەواو دوکان داخرا.

**لوسیل:** (وێستێک دەکات.) گوێ گرە، پێ دەچێت نەتەوێت گوێم لێ بگری، کەواتە وەکو چۆن خۆت دەتەوێت وا بکە، چۆن بە باش دەزانی وا بکە.

**کلیۆنت:** (ئاوڕ لە لوسیل دەداتەوە.) کەواتە با گوێمان لە بابەتی ئەو ژوانە نەرمونیانە بگرین.

**لوسیل:** (دەڕوات و پشت لە کلیۆنت دەکات.) هیچ ئارەزوویەکی ئەوەم نییە بۆتی باس کەم.

**کۆڤیەل:** (ئاوڕ لە نیکۆل دەداتەوە.) کەمێک ئەو حیکایەتەمان بۆ بگێڕەوە.

**نیکۆل:** (ئەویش دەڕوات و پشت لە کۆڤیەل دەکات.) – نامەوێت هیچت بۆ باس بکەم.

**کلیۆنت:** (دوای لوسیل دەکەوێت.) پێم بڵێ.

**لوسیل:** (هەنگاو دەنێت بەبێ ئەوەی سەیری کلیۆنت بکات.) – نەخێر، نامەوێت هیچ شتێک بڵێم.

**کۆڤیەل:** (دوای نیکۆل دەکەوێت.) بۆم بگێڕەوە.

**نیکۆل:** (ئەویش هەنگاو دەنێت، بەبێ ئەوەی سەیری کۆڤیەل بکات.)
نەخێر، باسی هیچ ناکەم.

**کلیۆنت:** توخوا...

**لوسیل:** پێم وتی نەخێر.

**کۆڤیەل:** بە ساقەت بم.

**نیکۆل:** یەک وشە نادرکێنم.

**کلیۆنت:** تکات لێ دەکەم.

**لوسیل:** لێم گەڕێ.

**کۆڤیەل:** لێت دەپاڕێمەوە.

**نیکۆل:** لە پێش چاوم ون بە.

**کلیۆنت:** لوسیل!

**لوسیل:** نەخێر.

**کۆڤیەل:** نیکۆل!

**نیکۆل:** تەواو و تەواو.

**کلیۆنت:** توخوا!...

**لوسیل:** نامەوێت.

**کۆڤیەل:** دە شتێک بڵێ.

**نیکۆل:** یەک وشە چییە، نایڵێم.

**کلیۆنت:** گومانەکانم بڕەوێنەوە.

**لوسیل:** نەخێر، هیچ ناڵێم و هیچ ناکەم.

**كۆڤیەل:** هۆشم بهێنەوە سەرخۆ.

**نیكۆل:** نەخێر، ئارەزوو ناكەم.

**كلیۆنت:** تەواو، لەبەرئەوەی پێ دەچێ گوێت لێ نەبێت من لەم زاخاوە رزگار كەیت و پاساو بۆ ئەو مامەڵە نارەوایە دەهێنیتەوە و ئاگری سۆزمت هێناوە جۆش، وەک دەمبینیت، بێ ئەمەک، دەڕۆم و بە یەكجارەكی سەری خۆم هەڵدەگرم و بەدەستی ئازار و ژانەوە گیانم بە خاک دەسپێرم.

**كۆڤیەل:** (لەگەڵ نیكۆل.) منیش، دوات دەكەوم.

**لوسیل:** (لەگەڵ كلیۆنت لە كاتی دەرچوون.) كلیۆنت!

**نیكۆل:** (لەگەڵ كۆڤیەل لە كاتی دەرچوون ) كۆڤیەل!

**كلیۆنت:** (رادەوەستێت.) ئێ؟

**كۆڤیەل:** (ئەویش رادەوەستێت.) بەڵێ؟

**لوسیل:** بۆ كوێ دەڕۆیت؟

**كلیۆنت:** بۆ ئەو شوێنەی كە بۆم باس كردی.

**كۆڤیەل:** هەردووكمان دەمرین.

**لوسیل:** دەڕۆی خۆت بكوژی كلیۆنت؟

**كلیۆنت:** بەڵێ، هەی دڵڕەق، مەگەر تۆ ئەمەت نەدەویست؟

**لوسیل:** من، مردنی تۆم دەوێت؟

**كلیۆنت:** بەڵێ، تۆ ئەمەت دەویست.

**لوسیل:** كێ ئەمەی پێ وتی؟

**كلیۆنت:** (لە لوسیل نزیک دەبێتەوە.) ئاخۆ ویستی تۆ ئەوە نەبوو كە گومانەكانم نەڕەوێنیتەوە؟

**لوسیل:** بۆ ئەمە گوناهی منە؟ ئەگەر بتویستایە گوێم لێ بگری، ئەوەم پێ نەدەوتی کە ئەو سەرچڵییەی کە تۆ واوەیلاتە بەدەستییەوە، بە ئامادەبوونی پیرە میمکێکەوە رووی دا کە جەختی لەسەر ئەوە دەکرد و دەیوت تاقە گلەیی لە پیاوێک ئەوەیە کە نامووسی کچێک لەکەدار کات؟ ئەی ئێمەش سوێندمان لەم بارەیەوە نەخواردووە و هەموو پیاوێکی لەو جۆرە بە شەیتان نازانین؟

**نیکۆل:** (لەگەڵ کۆڤیەل.) ئا ئەمە نهێنیی مەسەلەکە بوو.

**کلیۆنت: لوسیل:** هەڵم مەخەڵەتێنە و فێڵم لەگەڵ مەکە؟

**کۆڤیەل:** (لەگەڵ نیکۆل.) پێ دەچێت بڕوام پێ نەکەیت؟

**لوسیل:** (لەگەڵ کلیۆنت.) سەد دەر سەد هەر ئەمە بوو.

**نیکۆل:** (لەگەڵ کۆڤیەل.) دەقاودەق وا بوو.

**کۆڤیەل:** (لەگەڵ کلیۆنت.) بێینە سەر ئەمە؟

**کلیۆنت:** ئاه! لوسیل، تەنیا هەر بە درکاندنی وشەیەک، وشەیەک و بەس، دڵی هێور کردمەوە و بە ئاسانیش بڕوا بە کەسێک دەهێنرێت کاتێک یەکێکی خۆش بوێت!

**کۆڤیەل:** زۆر بەئاسانی لەلایەن ئەم شەیتانە چەپەڵە دەم لووسانەوە هەڵدەخەڵەتێین.

## دیمەنی یازدە

خاتوون جوردان، کلیۆنت، لوسیل، کۆڤیەل، نیکۆل.

**خاتوون جوردان:** کلیۆنیت، من گەلێ دڵخۆشم بە بینینت کەوا لە بەردەمەدا راوەستاوی. ئێستا مێردەکەم دێت، خێرا خۆت حازرکە، خوازبێنیی لوسیلی لێ بکە.

**کلیـۆنت:** ئاه! خـانم، نازانی ئەم وشـەیە چەندێ لەلام شـیـرینە و ختووکەی ئارەزووەکانم دەدات! ئاخۆ فرمان هەیە لەم فرمانە زیاتر ئەفسووناوی بێت، تکا لەمە بە نرختر هەیە؟

## دیمەنی دوازدە

جوردان ئەفەندی، خاتوون جوردان، کلیۆنت، لوسیل، کۆڤیەل، نیکۆل.

**کلیۆنت:** گەورەم، نەمویست تەکلیفی کەسێکی تر بکەم بۆ داوایەک کە دەمێکە جێی خەون و رامانی منە. داوایەکی هێندە بەها بە نیسبەت منەوە، حەزم کرد هەر خۆم پێی هەڵسم، بەبێ پێچ و پەنا، شەرەفێکی مەزنە بۆ من بۆ ئەوەی ببمە زاواتان و تکاتان لێ دەکەم ئەم داوایەم قبووڵ بکەن.

**جوردان ئەفەندی:** پێش ئەوەی وەڵامت بدەمەوە کاکی خۆم، تکات لێ دەکەم پێم بڵێی ئاخۆ تۆ لە نەجیبزادەکانی یا نا.

**کلیۆنت:** گەورەم، هەموو خەڵکی لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە راڕایی نانوێنن. بە ئاسانی لەبارەی ئەم وشەیەوە بڕیاری یەکجارەکی دەدەین. ئەم وشەیە هیچ قورساییەکی نییە بۆ هەڵگرتنی و بەکارهێنانیشی بۆ رۆژی ئیمڕۆ لە پیاسەکردنیش ئاسانترە. بە نیسبەت منەوە، هیچت لێ ناشارمەوە، لەبارەی ئەم وشەیەوە هەستێکی تایبەتم هەیە. من هەست دەکەم هەموو جۆرە دەجاڵییەک بە هیچ شێوەیەک لە نەجیبزادەیی ناوەشێتەوە و جێی شوورەییشە خۆ شاردنەوە لەو ناوە و عینوانەی کە خوا پێی بەخشیوین و خۆ بۆ خەڵکی لەژێر ناووناتۆرەیەکی تر دەرخەین و خۆ بە جۆرێک نیشان بدەین کە بە ئەسڵ وا نین.

بێگومـــان، مـن لـه دایک و بـاوکـــێک لـەدایک بـووم کـــه لـه ئەشـرافـەکـانـن. لە بواری چەک هەڵگرتنیشـدا، خزمـەتی شـەش سـاڵم هـەیە و بەمـە لەنـاو کـۆمـەڵ و خـەڵک و خـوادا، شـوێن و پایەیەکی گونجـاوم هـەیە، بەڵام ئەم هـەمـوو مـەرجـانە نامـەوێت پایە و عـینوانێک بـدەمـە خـۆم، ئەوەی بەرامـبـەر راست و رەوان هـەست بکات کـە بە خـۆ فـەرزکـردن بەکـارم هێناوە و بە روون و ئاشکراییەوە پێت دەڵێم، گەورەم، من نەجیبزادە نیم.

**جوردان ئەفەندی:** دەستم بدەرێ بەڕێز. کچی من بۆ تۆ نییە.

**کلیۆنت:** چۆن؟

**جوردان ئەفەندی:** تۆ نەجیبزادە نیت و کچی منیش بۆ تۆ نابێت.

**خاتوون جوردان:** مـەبەسـتت چییـە لەم نـەجـیـبـزادەیە؟ ئاخـۆ ئێمـەش، لە بنەبابی سانت لویسەوە دێینە خوارێ؟

**جوردان ئەفەندی:** وس بە، ئافرەت، دەزانم مەبەستت چییە.

**خاتوون جوردان:** ئاخـۆ من و تۆ، لە وەچەی خـێـزانی شـارسـتـانییـە ئەسڵییەکانین؟

**جوردان ئەفەندی:** دە وەرە سەیری ئەم بوختانە بکەن!

**خاتوون جوردان:** ئەرێ باوکی تۆش، وەکو باوکی من بازرگان نەبوو؟

**جوردان ئەفـەندی:** دەک بەنەعلەت بیت ئافـرەت! کـوڕە خـۆ، فـرسـەت لە دەست نـادات. ئەگـــەر بێت بـاوکی تـۆ بازرگـــان بـووبێت، هـیـچ گرینگییەکی نییە، خێزانی من دەم شڕن وەکو دەڵێن. بە کورت و کـرمـانجی ئەوەی مـن دەمـەوێ، مـن زاوایەکی نـەجـیـبـزادەم دەوێت و تەواو.

**خاتوون جوردان:** کچەکەت پێویستی بە مێردێکە پڕ بە پێستی خۆی بێت، پیاوێکی شەریف و دەوڵەمەند زۆر لە نەجیبزادەیەکی دەسکورت و ناقۆڵا باشترە.

**نیکۆل:** ئەمە زۆر راستە. لە گوندەکەی ئێمە، کوڕێکی نەجیبزادەمان هەیە، نەگبەتی واو و حۆلی وام لە هەموو ژیاندا نەبینیووە.

**جوردان ئەفەندی:** (لەگەڵ نیکۆل.) بێدەنگ بە، بێ ئەدەب! هەموو کات لۆزت لە هەموو بابەتێک دەسوویت. من چاکەی کچی خۆم دەوێ، من عیزەتی ئەوم دەوێ و دەمەوێت بیکەمە ژنە مارکیز.

**خاتوون جوردان:** مارکیز!

**جوردان ئەفەندی:** بەڵێ، ژنە مارکیز.

**خاتوون جوردان:** بە داخەوە! خوا بمانپارێزێ!

**جوردان ئەفەندی:** ئەمە بڕیارێکە و داومە.

**خاتوون جوردان:** ئەمە بەلای منەوە هیچ بەها و بایەخێکی نییە. دەست تێکەڵکردن لەگەڵ خێزانە هەرە گەورەکانیش، هەردەم ناکۆکیی لێ دەکەوێتەوە. من ئارەزووی زاوایەک ناکەم سبەینێ رەخنە ئاراستەی دایک و باوکی کچەکەم بکات و سبەینێ منداڵەکانیان شەرم بکەن بە نەنەی خۆیان بانگم بکەن. هەروەها سبەی بە جلوبەرگی ئاڵووالاوە، خانم و خاتوونانە و بوغرا و بێز بکاتەوە سلاو لە دەرودراوسێ بکات، ئەوجا هەزار قسەی نابەجێمان بۆ دێت. "ئەوکات دەڵێن، خۆ بەچاوی خۆتان دەبینن، ئەم ژنە مارکیزە چەند خۆی دەردەخات؟ ئەمە کچی جوردان ئەفەندییە، بە منداڵی چەند بەختیار بوو، یاریی خانم خانمی لەگەڵ دەکردین: جاران هەرگیز ئەوەندە بە فیز و عینوان نەبوو؛

باپیرەی لە دەروازەی سانت-ئینۆسان، چەرچەفی دەفرۆشت. بەمنداڵییەوە پارە و پوولێکی یەکجار زۆریان پێکەوە نا، ئیمڕۆش شتی گرانبەها و دانسقە دەکڕن، کەس بۆی نییە بە شێوەیەکی شەریفانە هێندە پارە و پوول پێکەوە بنێت." ئەم هەموو قسە و قسەڵۆکانەم ناوێ و بە کورتی من پیاوێکم دەوێ و پڕ بە پێستی کچەکەم بێت و لە رووم بێت و پێی بڵێم: "زاوای خۆم، لێرە لە تەنیشتمەوە دانیشە و پێکەوە شیوی ئێوارێ بخۆین."

**جوردان ئەفەندی:** ئا ئەمەش عەقڵییەتێکی بچووکە و دەیەوێ هەموو کات هەر لە لێژاییەکان بمێنێتەوە. زیاترم بۆ مەڕێسە: سەرەڕای هەموو خەڵکی، کچی خۆم دەکەمە ژنە مارکیز و ئەگەریش زیاتر تووڕەم بکەیت، ئەوە دەیکەمە ژنە دۆق.

## دیمەنی سێزدەم

خاتوون جوردان، کلیۆنت، لوسیل، نیکۆل، کۆڤیەل.

**خاتوون جوردان:** کلیۆنت، ورەت نەڕووخێ.(لەگەڵ لوسیل.) دوام کەوە کچی خۆم، برۆ راست و رەوان بە باوکت بڵێ، ئەگەر شوو بەو نەکەم، ئەوە شوو بەکەسێکی تر ناکەم.

## دیمەنی چواردەم

کلیۆنت، کۆڤیەل.

**کۆڤیەل:** بە هەستە جوانەکانت، کاسبییەکی باشت ئەنجام دا.

**کلیۆنت:** ئەی چی بکەم؟ دەترسام لەوەی کە سەرنەکەوم.

**كۆڤیەل:** ئەوە بەڕاستتە، ئەمەت زۆر بە جیدی وەرگرت لە كابرایەكی وەكو ئەو؟ نابینی كە پیاوێكی شێتە؟ زۆر لەسەر دەكەوت كە خۆت لەگەڵ وەهمەكانی ئەو بگونجێنی؟

**كلیۆنت:** راست دەكەی؛ بەڵام نەمدەزانی دەبێت سەر بە نەجیبزادەكان بیت بۆ ئەوەی ببیتە زاوای جوردان ئەفەندی.

**كۆڤیەل:** (بە پێكەنینەوە.) ئاھ! ئاھ! ئاھ!

**كلیۆنت:** بە چی پێ دەكەنی؟

**كۆڤیەل:** شتێكم بە خەیاڵدا ھات: یارییەكی وا لەگەڵ ئەم پیاوە بكەین كە وای لێ بكەین ھەر چییەكت نیازە، دەسگیرت بێت.

**كلیۆنت:** چۆن چۆنی؟

**كۆڤیەل:** فیكرەیەكی تا بڵێی عەنتیكەیە.

**كلیۆنت:** دەبڵێ، با بزانین چییە؟

**كۆڤیەل:** ھەندە نییە، گاڵتەجارییەك رووی دا، بۆ بابەتەكەی ئێمە زۆر جوان دەگونجێت و دەمەوێت كابرای تاین بھێنمە نێو ئەم گاڵتەجارییەوە. ئەمەش بە جۆرە كۆمیدییەك دەكات، بەڵام لەگەڵ ئەودا، ھەموو شتێك بۆی ھەیە روو بدات، پێویستیش ناكات زۆر خۆمانی پێوە خەریك بكەین، ئەم پیاوێكە رێك و راست، زۆر بە جوانی رۆڵەكەی خۆی دەبینی، بە ئاسانیش دەتوانین ھەموو ئەو شتانەی كە دەمانەوێت، پێی دەربێنین. ئەكتەرم ھەن، جلوبەرگم ئامادە كردووە، تەنیا وازم لێ بێنە تا بە كارەكەم ھەڵسم.

**كلیۆنت:** بەڵام، خۆ دەبێ فێرم بكەیت...

**کۆڤیەل:** هەمووویت بە وردی بۆ باس دەکەم، با بڕۆین، سەیرکە ئەوە خۆیەتی، وا هاتەوە.

## دیمەنی پازدەم

جوردان ئەفەندی، (بەتەنیا.)

**جوردان ئەفەندی:** چی دەعجانێک لێرەیە؟ چییان لە گەورە پیاوان دیوە و بۆچی ئەوەندە رەخنەم لەو بارەیەوە لێ دەگرن، تەنیا شتی جوان لە ناخی گەورەپیاواندایە، شەرەف و نەزاکەت و مەدەنییەتیان هەیە، من حەزم دەکرد دوو پەنجەم نەبوایە، بەڵام وەکو کۆنت یا وەکو مارکیز لەدایک بوومایە.

## دیمەنی شازدەم

جوردان ئەفەندی و خزمەتکار.

**خزمەتکار:** گەورەم، بەڕێز کۆنتە و دەستی خانمێکیشی گرتووە وا دەفەرموون.

**جوردان ئەفەندی:** هێ! توخوا، چەند راسپاردەیەکم هەن. پێیان بڵێ، با بفەرموون و هەر ئێستا دێمەوە لایان.

## دیمەنی حەڤدەم

دۆریمێن، دۆرانت، خزمەتکار.

**خزمەتکار:** گەورەم، پێی وتم. هێندە نابات و دەگاتە لاتان.

**دۆرانت:** زۆر باشە.

## دیمەنی هەژدەم

دۆریمێن، دۆرانت.

**دۆریمێن:**

دۆرانت، نازانم؛ جارێکی تریش هەست بە شتێکی نامۆ دەکەم بەرامبەر بەوەی کە یەکێک راپێچم بکات و بمهێنێتە ماڵێک کە کەسیان نەناسم.

**دۆرانت:** کەواتە، چ شوێنێکت دەوێت خانم تا گوڵەکەی خۆمی تێدا بحەوێنمەوە، بۆ ئەوەی لە دەمشڕان دوور کەویتەوە، نە ماڵەکەی خۆت بەدڵ بوو، نە ئەوەی من؟

**دۆریمێن:** بەڵام نەڵێیت کە رۆژ لە دوای رۆژ بێ هەستترم بەرامبەر بەو سۆزەی کە بۆم دەردەبڕی؟ سەرەڕای ئەوەی خۆم لە زۆر شت دەپارێزم، بەڵام هەندە نابات دەمهێنیتە ژێر بارەوە و ورکنییەکی سەیرت هەیە و وام لێ دەکەی کە خۆشم نەزانم چۆن لە حەز و ئارەزووەکانت نزیک دەبمەوە. سەردانی یەک لە دوای یەک دەستی پێ کرد، پاشان پێداهەڵدان و دوا بەدواش ئاهەنگ و دیاریی بێ وچان. من دژی ئەم هەموو شتانە راوەستام، بەڵام تۆ ورەت نەڕووخا و دەسبەردارم نەبووی، بە پێدزە، هەنگاو بەهەنگاو بڕیارەکانمت هەڵوەشاندەوە. بەنیسبەت منەوە، لە توانامدا نییە، وەڵامی ئارەزووەکانت بدەمەوە، هەستیش دەکەم وردە وردە دەتەوێت بمکەیتە هاوسەری خۆت، مەگەر نازانیت چەندێ لێوەی دوورم.

**دۆرانت:** ئەی خانم چی بکەم، دەبوایە تا ئێستا شووت پێ بکردمایە. بێوەژنیت و کەس مافی بەسەرتەوە نییە. منیش سەروەری خۆمم

و له رۆحی خـۆمت زیاتر خۆش دەوێی. دەپرسـم دەبێ هۆی چی بێت که له ئیمرۆ بەدواوه نابیته هۆی سەرجەم بەختیارییەکانم.

**دۆریمێن:** ئەی خـوایە، دۆرانت، دەبێ ئەوه بـزانیت، بۆ ئەوەی دوو کەس بە کامەرانی پێکەوه بژین، دەبێت، زۆر شـتی هاوبەشیان پێکەوه هەبێت؛ عـاقڵـترین ژن و مێردی دنیـاش، هەمـوو کات گـرفتی ئەوەیان هەیە کە یەکەتییەکی وا پێکەوه دروست بکەن کە ببێتە مایەی رەزامەندیی هەردوو لایان.

**دۆرانت:** ئەوه راسـتـه خـانم، خـەیاڵی ئەم هەمـوو گـرفـتـانه دەکـەیت، ئەزمـوونـی رابردووت هەرگـیـز ناکـرێت بەسـەر خـەڵکی تردا بسەپێنرێت.

**دۆریمێن:** هەمـوو کات، دێمەوه سـەر ئەم ئـەنجـامـه. گشت ئەو پارانەی کـە بۆم سـەرف دەکـەی، بـە نیـسـبـەت منەوه دەبـنـه مـایەی دوو سـەرئێشـه: یەکەمیـان، ئەم هەمـوو خـەرجییـانه وام لێ دەکەن پێـــوەندیی زیاترم هـەبێت لـەوەی کــــه ئـارەزووم لێی بێت، دووەمیشـیان، گومـان لەوەدا نییه بەبێ ئەوەی له دڵی بگری، ئەو هەمـوو خـەرجـیـیـانـه له سـەرووی ئاست و تواناتەوەن و منیش ئەمەم ناوێ.

**دۆرانت:** ئاه! خانم، ئەمه بڕە پارەیەکی پووچه خانم، گرینگ نییه...

**دۆریمێن:** دەزانم چی دەڵێم و ئەو ئەڵمـاسـەی کـه پێـشـکێـشت کـردم، مەگەر هەر خۆم بزانم نرخەکەی...

**دۆرانت:** ئاه! خـــانم، توخـوا، هـێنده نرخ و بەهـا مـەدە، ئەو شـتگەله بەرامـبـەر بە گوڵەکەی خۆم هیچ نـرخێکیان نییـه... ئەو خـاوەن ماڵه تەشریف دەهێنێت.

## دیمەنی نۆزدە

جوردان ئەفەندی، دۆریمێن، دۆرانت.

**جـوردان ئەفــەندی:** (دوای ئەوەی دووجــاران، خـێــز دەکـات و زیـاد لە پێویستیش لـە دۆریمێن نزیک دەبێتـەوە.) – کەمێک دوورکەرەوە خانم.

**دۆریمێن:** بەڵێ؟

**جوردان ئەفەندی:** تکایە، تەنیا هـەر هـەنگاوێک.

**دۆریمێن:** چی دەفەرمووی؟

**جوردان ئەفەندی:** هـەنگاوی سێیەم، بکشێرەوە.

**دۆرانت:** خانم، جوردان ئەفەندی پیاوی خۆی دەناسێ.

**جـوردان ئەفـەندی:** خـانم، ئەمـە شـەرەفێکی گـەورەیە بۆ مـن شایسـتـەی ئەو دڵخۆشییە بم کە کامەرانیم پێ دەبەخشێ و شەرەفمەندیشم بەو شــەرافــەتەی کــە ئامــادەبوونـی ئێـوە لێـرە ئەو شــایســتــەیە دەسەلمێنێ و ئەگەریش شـایستـەی شـایستـەیەک بم، ئەوە بوونی ئێـوەیە لێـرە، تـکاش دەکـەم لە رەبی تـەعـالا کـە بەخـشـنـدە بێت بەرامبەرم بۆ ئەوەی هەردەم شایستەی ئەم شایستییە بم.

**دۆرانت:** جۆردان ئەفەنـدی، ئەمە کـافـییـە؛ خـانم زۆر حەز لـە سـتـایش و پێــداهـەڵدان ناکــات و ئەوەش دەزانـی کــە جــەنابت پیــاوێکی رووناکبیری. (بە چپەدوو لەگەڵ دۆریمێن.) ئەم بورژوا هـەزەلەیە، هـەر وەکو خۆتیش دەیبینی لە هـەموو ئاکارەکانیدا.

**دۆریمێن:** (ئەویش بە نزمییەوە.)– خۆی تێک نادات، درکی پێ ناکات.

**دۆرانت:** (بەدەنگی بەرز.) خانم، ئازیزترین هـاوڕێمت پێشکێش دەکەم.

**جوردان ئەفەندی:** ئەمە شەرەفێکی گەورەیە کە پێم دەبەخشیت.

**دۆرانت:** پیاوێکی سالار.

**دۆریمێن:** رێز و ستایشێکی زۆرم بۆ هەیە.

**جوردان ئەفەندی:** هێشتا هیچت نەبینیوە خانم، بۆ ئەوەی شایستەی ئەو هەموو رێزە بم.

**دۆرانت:** (بە چپەدوو لەگەڵ جوردان ئەفەندی.)- وریابە، بەلایەنی کەمەوە باسی ئەو ئەڵماسە نەکەیت کە پێشکێشت کردووە.

**جوردان ئەفەندی:** (بە نزمی لەگەڵ دۆرانت.) ناتوانم ئەوەش بڵێم کە بە دڵی بوو یا نا؟

**دۆرانت:** (بە چپەدوو لەگەڵ جوردان ئەفەندی.)- چۆن؟ ئاگەدار بە. دوایی بە دەشتەکیت لە قەڵەم دەدا، بۆ ئەوەی وەکو نەجیبێک رەفتار و هەڵسوکەوت بکەیت، دەبێ ئەوەی پێ نیشان بدەیت کە ئەسڵەن هەر تۆ نەبوویت کە ئەو دیارییەت پێشکێش کردووە. (بە بەرزی.) خانم، جوردان ئەفەندی دەڵێ دڵخۆشم بەوەی کە لەماڵەکەی خۆی پێشوازیت لێ دەکات.

**دۆریمێن:** شەرەفمەندییەکی زۆرە بۆ منیش.

**جوردان ئەفەندی:** (بەنزمییەوە لەگەڵ دۆرانت.) بەخوا منەتبارت کردم گەورەم، ئا بەو جۆرە باسی منی لا دەکەیت!

**دۆرانت:** (بەنزمییەوە لەگەڵ جوردان ئەفەندی.) ترسی دنیام لەسەر نیشت تا هێنامە ئێرە.

**جوردان ئەفەندی:** (بەنزمییەوە لەگەڵ دۆرانت.) نازانم چۆن پاداشتت بدەمەوە.

**دۆرانت:** خانم، جەناب دەفەرمووێ کە ئێوە جوانترین بوونەوەری سەر زەمینن.

**دۆریمێن:** میهرەبانی دەنوێنێ.

**جوردان ئەفەندی:** خانم، ئەوە ئێوەن کە میهرەبانی دەنوێنن و...

**دۆرانت:** با شتێک بخۆین.

## دیمەنی بیستەم

جوردان ئەفەندی، دۆریمێن، دۆرانت، خزمەتکارێک.

**خزمەتکار:** (لەگەڵ جوردان ئەفەندی.) هەموو شتێک ئامادەیە گەورەم.

**دۆرانت:** دەفەرموون، با بچینە سەر سفرە و بانگی مۆسیقاژەنەکانیش بکەین.

(شەش چێشت لێنەر ئەم داوەتەیان رازاندووەتەوە و پێکەوە دەست بە سەما دەکەن و بەمە کۆتا بە پەردەی سێیەم دەهێنن، پاشان مێزێک دەهێنن و بە جۆران خواردنی لەسەر رازاوەتەوە.)

## بەشی چوارەم

### دیمەنی یەکەم

دۆرانت، دۆریمێن، جــوردان ئەفــەندی، دوو مــۆســیــقــاژەن، ژنـە مۆسیقاژەنێک، خزمەتکارێک.

**دۆریمێن:** چی دەڵێی دۆرانت، خواردنێکی تا بڵێی بەلەزەتە!

**جوردان ئەفـەندی:** ئەوە بەراسـتـە خـانم، من حـەزم دەکرد مـێـزێکی رازاوەتر شایانی ئێوە بێت. (هەموو دەچنە سەر مێز.)

**دۆرانت:** خـانم، جـوردان ئەفەندی راست دەکـات و زۆر جـوانیش قـسـە دەکـات و هـەروەها جــەنابیــشـی زۆرم لێ دەکــات بۆ ئـەوەی لە مـاڵەکەی هەست بە حـەوانەوە بکەیت. تەباشـم لەگەڵی سـەبارەت بە مێزەکە کە دەڵێت تۆ شایستەی زیاتری. چونکە من فرمایشم کردبوو، منیش لەو رووەوە هەر هـێندەی لێ دەزانم، بۆیە لەسـەر مێـزەکە خـواردنی دەسـتی وەسـتا و لێزانان نییـە و بەدەرە لە یاسـا و رێسـای چێـشت لێنان و لـە دەرەوەی رێزمـانی چێـژە. ئەگەر بهاتبـایە، "دامی" یارمـەتییەکی بدابایە، هەموو شـتەکان مـەزبووت و رێکوپێک دەردەچوون، ئەوە ئەو کات هەمـوو شـتێک نایاب و لێزانانـە دەردەچوو و هیچ جـۆرە کـەموکـووڕییـەکـیش دروست نەدەبوو و دەستی لە چی بدایایە، وەکو خۆی دەردەچوو

ئەو کات لێزانینی ئەوت بۆ ئاشکرا دەبوو؛ باسی نانی قەراغ برژاوی دەکرد، لە هەموو لایەکیشەوە هەڵتۆقیو، لەژێر ددان خرمەیەکی خۆشی لێوە دەهات؛ شەرابێکی مەخمەڵی، تامی شەرابێکی تازە و کەمێ شیرین، پەراسووی بەرخ بە کەرەویزەوە، پارچە گۆشتی، گەورە، ئەوها، هی گۆلگی قەراغ رووبار، سپی، ناسک، لەژێر ددان دەڵێی کرێمی بادەمە، گۆشتی کەوی سوورەوەکراو، بۆنی دووکەڵێکی خۆشی لێوە دێت، بەنیسبەت پێشخواردنیشەوە، شۆربایەکی کولاو لەگەڵ هووردەنان، لەگەڵ گۆشتی قەلەموونی چواردەور رازاوە بە کۆتری سوورەوەکراو و لەسەریشی پیازی سپی داندرابێت لەگەڵ گەلا خاسی لوول. خۆ بە نیسبەت منیشەوە، لێت ناشارمەوە گەمژەییی من، هەروەکو جوردان ئەفەندیش زۆر بە جوانی فەرمووی منیش حەزم دەکرد مێزێکی رازاوەتر شایانی ئێوە بێت.

**دۆریمێن:** تەنیا بە دەستبردن و خواردن وەڵامی ئەم هەموو ستایشە دەدەمەوە.

**جوردان ئەفەندی:** ئاه! ئا کە دەستی جوان و خانمانەن!

**دۆریمێن:** دەست شتێکی هاکەزاییە جوردان ئەفەندی، مەبەستت ئەڵماسەکەیە کە چەند جوان و نایابە.

**جوردان ئەفەندی:** من، خانم! خوا بمگرێ ئەگەر ویستبێتم باسی ئەڵماس بکەم: رەفتارێکی نەجیبانە نییە، ئەڵماسیش شتێکی تووڕەهاتە.

**دۆریمێن:** بێزت لێی دەبێتەوە...

**دۆرانت:** (دوای ئەوەی ئاماژەیەک بۆ جوردان ئەفەندی دەکات.) دەی، شەراب پێشکێشی جوردان ئەفەندی بکەن و پێشکێشی ئەو بەڕێزانەش کە چەند میهرەبانانە ئاوازێکمان پێشکێش دەکات، تەبا لەگەڵ خواردنەوە.

**دۆریمێن:** ئەم پارچە گۆشتە جوان کوڵاوانە، هاوئاواز تێکەڵی نەغمەی مۆسیقا دەبن، بەڕاستی لێرە هەست بە خۆشی دەکەم.

**جوردان ئەفەندی:** خانم، ئەمە ئەوە نییە کە...

**دۆرانت:** جوردان ئەفەندی، با گوێ قوڵاغ کەین بۆ ئەو مۆسیقاژەنانە، ئەوەی ئەوان پێمان دەڵێن، زۆر بایەخی زیاترە لەوەی ئێمە لەنێو خۆمان باسی لێوە دەکەین.

(مۆسیقاژەنەکان پەرداخەکان وەردەگرن، دوو گۆرانی لەسەر ئاوازی خواردنەوە دەڵێن و لە مۆسیقاژەنەکانەوە دەست دەکەن بە ژەنین.)

گۆرانیی یەکەم

(مۆسیقاژەنی یەکەم و دووەم، پەرداخ لە دەست.)

کوڕە گیانەکەم، هەر هەندێکی ماوە
بادە لە دەست، بە ناز و سەماوە
شەراب و تۆ، دوو دۆستی کەونینە
دەست لەمل عەشق، بە ڕۆژ و شەوینە
دەست گرن کوڕگەل، سەما و شادییە
بە نۆشینی مەی، شادیی ئەبەدییە
بە دەمی گۆزەی شەراب، کەزی تەڕ دەبێ

بە دەنگی دەهۆڵ، گوێی ئاسمان کەڕ دەبێ
بنۆشە شەراب، لێوان بە نەشئە جوانتر دەبێ
کەیف و سەفا بەردەوام و دڵان بەرینتر دەبێ

گۆرانیی دووەم لەبارەی خواردنەوە
(مۆسیقاژەنی دووەم و سێیەم پێکەوە.)
با بخۆینەوە، ئازیزان با بخۆینەوە
با دڵ و دەروون بە مەی بشۆینەوە
ژیان دوو چرکە و ساتێکە
با بخۆینەوە، ئازیزان با بخۆینەوە
بە بادە و شەرابی ئاڵ
شەپۆلی تاریک و سیا دەبڕین
بە بادە و شەرابی ئاڵ
خۆشی و شادی دەکڕین
ژیان دوو چرکە و ساتێکە
با هۆش و هۆشمەندی بۆ گێلان بێ
بۆ ئێمەش بادە و شەرابی ئاڵ
فەلسەفەی ئێمە سفرەیەکی بەرینە
جۆران مەزە و شەرابی تاڵ و شیرینە
سامان و زانین و شکۆمەندی
مایە و سەرمایەی دڵتەنگی
تەنیا شەراب و مێرگ و مەی

به دڵی تاریکمان دەڵێ ئۆخەی

(هەرسێ پێکەوە.)

دەی با بڕژێ، دەی با بڕژێ

بادەن ملی شووشەی شەوان

با سوور بێتەوە، باش ببرژێ

گۆشتی سوێسکە و کەوان

**دۆریمێن:** بڕوا ناکەم کەس هەبێت گۆرانیی لەمە چاکتر بچڕێ، زۆر شەنگە و جوانە.

**جوردان ئەفەندی:** بەڵام، من شتێکی گەلێ جوانتر لێرە دەبینم.

**دۆریمێن:** توخوا! بەڕاستی جوردان ئەفەندی، هەرگیز نەمدەزانی هەندە نەجیبە.

**دۆرانت:** چۆن! خانم، بۆچی جوردان ئەفەندیت بە کێ دەزانی؟

**جوردان ئەفەندی:** دەمەوێت بە قسەکانم هەڵم سەنگێنێ.

**دۆریمێن:** جارێکی تر!

**دۆرانت:** (لەگەڵ دۆریمێن.) بۆ نایناسیت؟

**جوردان ئەفەندی:** هەر کاتێک حەز بکات دەمناسێت.

**دۆریمێن:** ئۆه! وازدێنم.

**دۆرانت:** پیاوێکە هەردەم وەڵامی لەسەر لێوە. ئەی خانم، بۆ نابینی کە جوردان ئەفەندی دەست بۆ ئەو پارچە گۆشتانە دەبات، کە پێشتر تۆ دەستت بۆ بردوون؟

**دۆریمێن:** ئەگەر بتوانم دڵت بدزم، ئەوە ئەو کات...

## دیمەنی دووەم

خــــاتوون جــــوردان، جــــوردان ئەفــــەندی، دۆریمێن، دۆرانت، مۆسیقاژەنەکان و ژنە مۆسیقاژەنەکە و هەردوو خزمەتکارەکە.

**خـاتوون جـوردان:** ئەها! ئەها! دۆست و هاوڕێی چاک لێرەن، دەبینم دەبینم کە چاوەڕێم دەکەن. کەواتە، بۆ ئەم مەسەلە جوانە بوو، مێردەکەی خۆم، هێندە بە پەلە، ناردمی بۆ ماڵی خوشکەکەم، پێی وتم لەوێش شـیـوی ئێـواریَ بخـۆ؟ لە خـواریَ چاوم بە نمایشی شانۆنامەیەک کەوت و لێرەش دەبینم داوەتی شاییەک رازێندراوەتەوە. ئا ئەوها پارە سـەرف دەکـەیت و بەبیَ منیش خـانمان داوەت دەکـەیت و ئاهەنگیـان بۆ سـاز دەکـەیت و کۆمیدیایان بۆ نمایش دەکەیت و بە منیش دەڵێی برۆ پیاسەی خۆت بکە.

**دۆرانت:** چیت پیَ بڵێم، خاتوون جوردان؟ چ وەهم و خەیاڵێک مێشکی داگیر کردووی و وا دەزانی کە مێردەکەتە ئەم هەموو پارەیەی خەرج کردووە و ئەویش دیاریی بەخشیوەتە ئەم خانمە؟ تکات لیَ دەکـــەم، دەبیَ باش ئەوە بزانیت، ئەوە منم گـــشت ئەم مەسرەفەم کردووە و ئەویش دەرگەی ماڵەکەی بۆ خستووینەتە سەرپشت، دەبیَ وریا بیت لەو شتانەی کە دەیڵێیت.

**جوردان ئەفەندی:** بەڵێ، هەی بێعار، ئەوە ئەم کۆنتە بەڕێزەیە کە گشت ئەم مێزەی بۆ خانم رازاندووەتەوە و پیاوێکی نەجیبیشە. ئەمە شـەرەفـە بۆ من کـە جـەنابی بەم مـاڵە رازی بێت و رازی بێت بەوەی کە منیش لەگەڵیاندا بم.

**خاتوون جوردان:** گوێم لەم مەقامە بووە و دەشزانم چی دەڵێم.

**دۆرانت:** خـانم، تکایە جـووتێ چاویلکە بخـەرە سـەر چاوت، جـووتێ چاویلکە.

**خاتوون جوردان:** گەورەم، چاویلکەم بۆ چییە، زۆر بە روونی دەبینم، دەمێکیشە هەستم بە شتێک کردووە و بۆنم کردووە، بە گێل و گەلحۆم تێ مەگەن. ئەمە شوورەییە بۆ ئێوە، بۆ جەنابێکی وەکو ئێوە یارمەتیی مێردەکەم دەدەن و مێردەکەم دەهێننە نێو ئەم هەموو حەماقاتەوە. تۆش خانم بە خۆت شان و پیلتەوە، ئەمەنە رەوایە و نەگونجاوە، دەست وەردەیتە نێو خێزانێکەوە و ژیانیان لێ تاڵ بکەیت و ئەو ئەرکە بخـەیتـە بەر خـۆت، بۆ ئەوەی دڵی مێردەکەم رازی بکەیت.

**دۆریمێن:** ئەم هەموو شتە مانای چییە؟ دۆرانت، عەیب و شوورەییە، منت هێناوەتە نێو ئەم گەمە ناقـۆڵایانە و نێو ئەم رەفتـار و ئەتوارە نامۆیەوە.

**دۆرانت:** (دۆریمێن دەچێت بۆ دەرەوە و دۆریمێن دوای دەکـەوێت.) — خانم، هۆ خانم، بۆ کوێ هەڵدێی؟

**جوردان ئەفەندی:** خانم! گەورەم، کۆنتی گەورەم، دوای کەوە و داوای لێبووردنی لێ بکە و بیهێنەرەوە.

## دیمەنی سێیەم

خاتوون جوردان، جوردان ئەفەندی، یەکێک لە خزمەتکارەکان.

**جوردان ئەفەندی:** ئای! بۆ ئەم دەمشڕییەی تۆ، دەفەرمووو، بەو کردەوە جوانانەت، لەپێش چاوی خەڵکی ئابڕووت بردم و ئەم ئینسانە

نەجیبزادانە لە ماڵەکەم دەردەکەیت.

**خاتوون جوردان:** گاڵتەم بە نەجابەتییان دێتەوە.

**جــوردان ئەفــەندی:** نازانم کێ دەمگرێ، دەک بەنەعلەت بیت، دەوەرە ئێستا بەم کاسـە و کەوچکە مێشکی نەکەم بە دوو کەرتەوە. ئا بەم شـێـوەیە خـوان و زیافـەتت لـێ تێک داین. (مـێـزەکـە خـڕ دەکرێتەوە.)

**خـاتـوون جـوردان:** (بەدەرچوونـەوە.) قـەشـمـەریم بەم قـسـانـە دێت. من بەرگری لە مـافەکانی خۆم دەکەم و گشت ئەو ژنانەش بەسـاقەم بن.

**جوردان ئەفەندی:** چاکترە لەوە زیاتر تووڕەم نەکەیت.

## دیمەنی چوارەم

جوردان ئەفەندی، (بەتەنیا)

**جـوردان ئەفـەندی:** هات و ئەم نـەگـبـەتـیـیـەی نایەوە. چەند بە زەوق و کەیفـخۆش بووم، خـەریکی قسـەی خۆش بووین و قـەد لەوەوپێش هێندە زیهن ڕۆشن نەبووبووم. ئاخر ئەمە چی بوو؟

## دیمەنی پێنجەم

کۆڤیەل، (خۆی گۆڕییەوە.)، جوردان ئەفەندی، خزمەتکار.

**کۆڤیەل:** گەورەم، نازانم پێشتر بە خزمەتت گەیشتووم یا نا؟

**جوردان ئەفەندی:** نەخێر گەورەم.

**کۆڤـیـەل:** (دەسـتـی بەرەو عـەرزەکـە نزم دەکـاتەوە.). مـن کـاتێک ئـێـوەم بینی هـەر ئەوەندە گەورە بوون.

**جوردان ئەفەندی:** من؟

**کۆڤیەل:** بەڵێ. ئێوە جوانترین منداڵ بوون لە سەرتاپای جیهان و خانمانی هەموو دنیاش دەیانکردیتە ئامێز بۆ ئەوەی ماچت بکەن.

**جوردان ئەفەندی:** بۆ ئەوەی ماچم بکەن؟

**کۆڤیەل:** بەڵێ. من هاوڕێی گیانی بەگیانی باوکت بووم.

**جوردان ئەفەندی:** گیانی بەگیانی باوکم؟

**کۆڤیەل:** بەڵێ. بەڕاستی نەجیبزادەیەک بوو بۆ خۆی.

**جوردان ئەفەندی:** ئەوە چی دەڵێیت؟

**کۆڤیەل:** دەڵێم نەجیبزادەیەک بوو بۆ خۆی؟

**جوردان ئەفەندی:** باوکی من؟

**کۆڤیەل:** بەڵێ.

**جوردان ئەفەندی:** باشت دەناسی؟

**کۆڤیەل:** بەدڵنیاییەوە.

**جوردان ئەفەندی:** وەکو نەجیبزادە ناسیت؟

**کۆڤیەل:** بەبێ هیچ گومانێک.

**جوردان ئەفەندی:** کەواتە نازانم چۆن ئەم دنیایە دروست بووە.

**کۆڤیەل:** چۆن؟

**جوردان ئەفەندی:** بێ مێشکی وام بۆ پەیدا بووە، دەڵێن باوکت بازرگان بووە.

**کۆڤیەل:** ئەو و بازرگان! ئەمە بوختانێکی تەواوە، هەرگیز بازرگانیی نەکردووە. ئەوەی دەیکرد، زۆر نەجیبانە و زۆر خزمەتگوزارانە

بوو، لەبەرئەوەی سەری لە قوماش دەردەکرد، دەچوو لە هەموو سووچێک جۆرە قوماشێکی هەڵدەبژارد و پاشان موقابیل بە پارە، بەسەر هاورێکانیدا دەیبەشییەوە.

**جوردان ئەفەندی:** زۆر دڵخۆشم بە ناسینت و ئەخیرەن، شەهادەتی ئەوە دەدەیت کە باوکی من نەجیبزادە بووە.

**کۆڤیەل:** بەرامبەر بە هەموو خەڵک و خوا پاڵپشتیی لێ دەکەم.

**جوردان ئەفەندی:** تکات لێ دەکەم. بۆ چی کارێک خزمەتت فەرمووە؟

**کۆڤیەل:** پاش ئەوەی باوکی بەرێزتم ناسی و بوو بە هاورێی گیانی بەگیانیم، وەفادار و نەجیبزادە هەر خۆی بوو، هەر وەکو پێشتریش پێم وتی، سەفەری هەموو دنیام کرد.

**جوردان ئەفەندی:** هەر هەموو دنیا؟

**کۆڤیەل:** بەڵێ.

**جوردان ئەفەندی:** بە دڵنیاییەوە. ئەمە چوار رۆژە، لە سەفەرەکانم هاتوومەتەوە و لەبەرئەوەی هەرچییەکیش پێوەندی بە ئێوەوە هەبێت. حەزم کردووە بزانم چییە و بیناسم، بۆیە خۆشترین هەواڵت پێ رادەگەیەنم.

**جوردان ئەفەندی:** چ هەوڵێک؟

**کۆڤیەل:** ئاخۆ دەزانن کوڕی تورکە مەزنەکە لێرەیە؟

**جوردان ئەفەندی:** من؟ نەخێر.

**کۆڤیەل:** چۆن. بە کەژاوەیەکی تا بڵێی قەشەنگەوە هاتووە: هەموو خەڵکی دەچن بۆ سەیرکردنی و لەلایەن ئەم وڵاتەشەوە وەک کەسێکی زۆر گرینگ پێشوازیی لێ دەکرێت.

**جوردان ئەفەندی:** بە خوا ئاگام لە شتی وا نییە.

**کۆڤیەل:** ئەوەی جێی گرینگی و ئیهتیمامە، ئەو کوڕە عاشقی کچەکەی ئێوەیە.

**جوردان ئەفەندی:** کوڕی تورکە مەزنەکە؟

**کۆڤیەل:** بەڵێ، دەشیەوێت ببێتە زاواتان.

**جوردان ئەفەندی:** ببێتە زاوای من، کوڕی تورکە مەزنەکە؟

**کۆڤیەل:** کوڕی تورکە مەزنەکە زاواتانە. هەستم کرد لە زمانەکەشی زۆر بە جوانی تێ دەگەم، کەوتە قسەکردن لەگەڵم و دوای چەند ساتێک وتی: بز، تەرەلەلا گیبی، حەپمز، قورەقورە، بەزەرا ڤەمەزەرا گیالدخ، ئەللا چن، یەعنی: ''ئەرێ چاوت بە کچێکی جوان نەکەوتووە، کچی جوردان ئەفەندی بێت، نەجیبزادەیەکی شاری پاریسە؟''

**جوردان ئەفەندی:** کوڕە تورکە مەزنەکە ئەمەی بە من وتووە؟

**کۆڤیەل:** بەڵێ. منیش یەکسەر وەڵامم دایەوە کە ئێوە ناسیاوێکی تایبەتی من و کچەکەی ئێوەشم بینیوە، بۆیە پێی وتم: ''ئاھ، مەرحەبا سەححەت''. یەعنی: ''ئای کە عاشقی ئەو کچەم!''

**جوردان ئەفەندی:** ''ئاھ، مەرحەبا سەححەت'' مانای ''ئای کە عاشقی ئەو کچەم''ە؟

**کۆڤیەل:** بەڵێ.

**جوردان ئەفەندی:** بە خوای قەد لەوەوپێش نەمدەزانی کە ئەم ''ئاھ، مەرحەبا سەححەتە'' مانای ''ئای کە عاشقی ئەو کچەم'' دەگەیەنێت! بەخوا، ئەم زمانی تورکە، زمانێکی دڵڕفێن و جوانە!

**کۆڤیەل:** قەد زمانی دڵڕفێنی وا نییە. دەزانی "کەرەکەکاموچن" مەعنای چییە؟

**جوردان ئەفەندی:** "کەرەکەکاموچن" نەوەڵڵا.

**کۆڤیەل:** مەعنای: رۆحی رەوانمە.

**جوردان ئەفەندی:** کەرەکەکاموچن بە مەعنای رۆحی رەوانم دێت؟

**کۆڤیەل:** بەڵێ.

**جوردان ئەفەندی:** بەڕاستی دڵگیرە! کەرەکەکاموچن، رۆحی رەوانم: هەرگیز ئەمە دەوترێت؟ سەرم سوڕماوە.

**کۆڤیەل:** بۆ ئەوەی کۆتا بە راسپاردەکەم بهێنم، کوڕە تورک هاتووەتە خوازبێنیی کچەکەتان، هەروەها بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن خەزوورێکی نەجیبی وەکو ئێوە، دەیەوێت پێتان بڵێت "مامامۆچی"، ئەمە یەکێکە لە ئەشرافەکانی وڵات.

**جوردان ئەفەندی:** مامامۆچی؟

**کۆڤیەل:** بەڵێ، مامامۆچی، بە زمانی ئێمە مانای ساحێبسالار دەگرێتەوە. مەبەست لە ساحێبسالارە دێرینەکانە... بەڵێ ساحێبسا... عینوان و مەقامی لەمە رێزدارتر لە دنیادا نییە و ئێوەش هاوشان و هاوتەریبن لەگەڵ ئەم ئەشرافە تورکانەدا.

**جوردان ئەفەندی:** کوڕی تورک زۆر شەرەفمەندم دەکات و تکات لێ دەکەم، لەگەڵ خۆت بمبە بۆماڵیان، تا بەدەمی خۆم سوپاسی بکەم.

**کۆڤیەل:** چی دەفەرموون! ئا ئەوە خۆی تەشریفی هێنا.

**جوردان ئەفەندی:** تەشریف دەهێنێتە ئێرە؟

**کۆڤیەل:** بەڵێ، هەموو تەرتیباتێکی بۆ ئاهەنگەکە، هێناوەتە خزمەتتان.

**جوردان ئەفەندی:** ئا ئەمە خۆیەتی، بیری لە هەموو شتێک، پێشوەخت کردووەتەوە.

**کۆڤیەل:** خۆشەویستی و ئەڤینی ئەو دواخستن هەڵناگرێ.

**جوردان ئەفەندی:** ئەوەی تووشی حیرە و حەیرانم دەکات، ئەوەیە کە کچەکەم تووشی وڕکنی و کەللە ڕەقییەک بووە و تووشی کلیۆنت ناوێک بووە و سوێندی خواردووە کە شوو بە کەسی تر نەکات.

**کۆڤیەل:** هەرکە چاوی بەو کوڕە تورکە بکەوێت ئارەزوو و هەستەکانی دەگۆڕێن و ئیتر دەبێتە حیکایەتێکی دڵڕفێن و چاوەڕوانکراو، چونکە دەقاودەق خەت و سیمانی ئەو کوڕە تورکە زۆر بە شێوە و ئادگاری کلیۆنت – دەکات. ئەوەندە نییە چاوم پێی کەوتووە، پێیان نیشان دام، هەر زۆر بە ئاسانی عەشق و خۆشەویستیی ئەویان، بە ئاسانی دەچێتە ژێر پێستی عەشق و خۆشەویستیی ئەمیان و... وا خەریکە دێت... ئا ئەوەتا.

## دیمەنی شەشەم

کلیۆنت (بە جلوبەرگی تورکییەوە.) لەگەڵ سێ خزمەتکار کە لە پشتەوە عەباکەیان هەڵگرتووە. جوردان ئەفەندی، کۆڤیەل (خۆی گۆڕییەوە.)

**کلیۆنت:** ئەمو ساحین، ئابی جوردانا، سەلاموعەلەیکوم.

**کۆڤیەل:** (لەگەڵ جوردان ئەفەندی.) ئەمە مانای ئەمەیە: "جوردان ئەفەندی، هیوادارم دڵت هەردەم وەک گوڵەباخێک پاراو بێت." ئەمە شێوەی سڵاوکردنێکی بەڕێز و حورمەتە لە وڵاتی تورکان.

**جوردان ئەفەندی:** من بەندە و خزمەتکاری جەنابی مەعالیتانم.

**کۆڤیەل:** سەنە ئۆڵدن، کەرەپاچ مشمشندە.

**کلیۆنت:** بالی، بالی، کەرەپاچ مشمشندە، بیر ئۆڵدە، ئەڵڵا چن.

**کۆڤیەل:** دەڵێت کە خوای تەعالا، هێزی شێر و وریایی مارت پێ ببەخشێت.

**جوردان ئەفەندی:** جەنابی مەعالیی تورک ئەفەندی، شەرەفمەندم دەکات و هیوادارم خێر و خۆش و بەرەکەتی برژێتە ماڵییەوە.

**کۆڤیەل:** ئۆسا بین ئەمێن سادۆک بەلایی ئۆراکۆف ئیچین.

**کلیۆنت:** بەن بیلمەم.

**کۆڤیەل:** دەڵێت کە هەر ئێستا پێکەوە دەست بە ئامادەکردنی ئاهەنگ و بۆ ئەوەی دەسبەجێ بێتە خوازبێنی و مارەکردنەکەی کۆتاییی پێ بهێنرێت.

**جوردان ئەفەندی:** ئەم هەموو شتە بە دوو وشە.

**کۆڤیەل:** بەڵێ، زمانی تورکی ئەوهایە، زۆر شت بە وشەی کەم دەگوترێت. دەی با دەست بەکار بین.

## دیمەنی حەوتەم

کۆڤیەل (بەتەنیا.)

**کۆڤیەل:** ها! ها! ها! بەخوا شتێکی تا بڵێی پێکەنیناوییە. چ ساویلکەیەکە! هەر ئەوەندە بەسە رۆڵەکەی لەبەر کات، کەس نییە لەو چاکتر ئەم دەورە ببینێت. ها! ها!

## دیمەنی هەشتەم

دۆرانت، کۆڤیەل.

**کۆڤیەل:** تکایە، گەورەم، ئەگەر بتوانیت لە مەسەلەیەکدا، کە لە بەردەستماندایە، یارمەتیمان بدەیت.

**دۆرانت:** ئاھ! ئاھ! کۆڤیەل، بەو شێوەیەی کە خۆت تیفتیفەت داوە، کەس نییە بتناسێتەوە!

**کۆڤیەل:** خۆ دەبینی، ئاھ! ئاھ!

**دۆرانت:** بە چی پێ دەکەنیت؟

**کۆڤیەل:** بە شتێک گەورەم، کە شایستەی پێکەنینە.

**دۆرانت:** چی؟

**کۆڤیەل:** ئافەرینت لێ دەکەم گەورەم، ئەگەر مەزەنەی پیلانەکەمان بکەیت و بزانیت خەریکی چین، بزانی چ داوێک بۆ جوردان ئەفەندی دەنێینەوە تا وای لێ کەین کە کچەکەی بداتە کلیۆنت.

**دۆرانت:** بەڕاستی ناتوانم هەڵی بهێنم، بەڵام مەزەنەی ئەوە دەکەم کە هەر ئیشێک تۆ پێی هەڵسێیت کاریگەریی خۆی دەبێت.

**کۆڤیەل:** ئەوە دەزانم، دەزانم تا چ رادەیەک ئەم کەڵەگایەی بەرامبەرت دەناسیت.

**دۆرانت:** دەپێم بڵێ، با بزانم چییە.

**کۆڤیەل:** کەمێک زەحمەت بدەرە خۆت و لاچۆ، با ڕێ بۆ ئەو کەسە خۆش کەین کەوا دێت. ئەوکات دەتوانیت، نیوە لە نیوەی حەکایەتەکە تێ بگەیت، نیوەکەی تریشت بۆ دەگێڕمەوە.

(مەراسیمی تورکەکە بۆ بە نەجیبزادەکردنی بورژواکە لەژێر دەنگی مۆسیقا و سەما بەڕێوە دەچێت و پەردەی چوارەمیش پێک دەهێنێت.)

**مەراسیمی تورک**

موفتی، تورکەکان، دەروێشەکان، (بەگۆرانی وتن و سەماکردنەوە)

جوردان ئەفەندی، (بە جلوبەرگی تورکییەوە، سەری پاک تاشراوە، بەبێ مێزەر و بێ شمشێر.)

دەستپێکردنی یەکەم سەمای بالێ

گورج و خێرا، شەش تورک، دوو دوو، لەگەڵ دەنگی مۆسیقا دێنە ژوورەوە. سێ مافووریان پێیە، پێش ئەوەی تەواو بەرزیان کەنەوە، بە سەماکردنەوە، چەند فۆرمێک دروست دەکەن. تورکەکان بە گۆرانی وتنەوە، بەژێر مافوورەکاندا تێ دەپەڕن و دەڕۆن لەملا و ئەولای تەختەی شانۆ، بەڕیز رادەوەستن. موفتی، بە هاوەڵیی دەروێشەکان، کۆتای بە مارشەکە دەهێنێت.

تورکەکان مافوورەکان رادەخەن و دەچنە سەری و لەسەر ئەژنۆ رادەوەستن. موفتی و دەروێشەکان لە ناوەندیان رادەوەستن، لەو کاتەی کە موفتی سەڵاوات بۆ محەمەد لێ دەدات، رووی خۆی زۆر گرژ دەکات و توورە خۆی نیشان دەدات، بەبێ ئەوەی هیچ وشەیەکی لە زارەوە دەربێت و تورکەکان کڕنۆش دەبەن و بە گۆرانی وتنەوە دەڵێن عەلی و دەست بۆ ئاسمان بەرز دەکەنەوە دەڵێن ئەڵڵا و تا زیکر و سەڵاوات تەواو دەبێت. هەموویان

هەڵدەستن و دەست دەکەن بە ئەڵڵا هوئەکبەر و دوو دەروێشیش دەچن جوردان ئەفەندی بێنن.

**موفتی:** ئەگەر تۆ زانین

تۆ وەڵامدانەوە

ئەگەر تۆ نەزانین

تۆ بێدەنگی و تۆ بێدەنگی

من موفتی

تۆ کێ کە تۆی؟

گوێگرتن نییە؟

تۆ بێدەنگی، تۆ بێدەنگی.

(دوو دەروێش جوردان ئەفەندی رادەکێشن.)

**موفتی:** بڵێ، تورک، ئەم بوونەوەرە کێیە؟

ئەناباپتیستە؟ ئەناباپتیستە؟

**تورکەکان:** یۆک.

**موفتی:** زوینگلیستە؟

**تورکەکان:** یۆک.

**موفتی:** قۆپتە؟

**تورکەکان:** یۆک.

**موفتی:** ویسیستە؟ مۆریتانییە؟ فرۆنتیستە؟

**تورکەکان:** یۆک، یۆک، یۆک!

**موفتی:** یۆک، یۆک، یۆک! ئەی کافری ئاخرزەمانە؟

**تورکەکان:** یۆک.

**موفتی:** لۆتەرییە؟

**تورکەکان:** یۆک.

**موفتی:** زاهیدی پوریتانە؟

**تورکەکان:** یۆک.

**موفتی:** براهمانییە؟ مۆفینە؟ زورینە؟

**تورکەکان:** یۆک، یۆک، یۆک!

**موفتی:** یۆک، یۆک، یۆک! ئوممەتی محەمەدیە؟

**تورکەکان:** ئی ڤەللا، ئی ڤەللا.

**موفتی:** ئیسم چییە؟

**تورکەکان:** جیرودانە، جیرودانە.

**موفتی:** (بە هەڵبەزینەوە سەیری ئەملا و ئەولای خۆی دەکات.)

جیرودانە، جیرودانە، جیرودانە.

**تورکەکان:** جیرودانە، جیرودانە، جیرودانە.

**موفتی:** جیرودان نییە محەمەدە،

من نوێژ دەکەم، ئێوارێ، سوبێ.

من دەکەم ئەم ئەشرافە

ئەم جوریدانە، ئەم جوریدانە.

مێزەر دەدەمێ، شمشێر دەدەمێ

هەم گەمی، هەم کەشتی.

بۆ پارێزگاری بۆ فەلەستین.

جیروودان نییە محەمەدە،

من نوێژ دەکەم، ئێوارێ، سوبێ.

(روو دەکاتە تورکەکان.)

تورکێکی باشە ئەم جوردیدانە؟

**تورکەکان:** ئەی ڤەللا، ئەی ڤەللا!

**موفتی:** (بە گۆرانی وتن و سەماکردنەوە.)

وەڵڵا چاکە، بیللا چاکە، وەڵڵا چاکە، بیللا چاکە.

**تورکەکان:** وەڵڵا چاکە، بیللا چاکە، وەڵڵا چاکە، بیللا چاکە.

**دووەم سەمای باڵێ دەست پێ دەکات**

موفتی دێتەوە بۆ مەراسیمەکە، مێزەرێکی زل و زەبەلاحی لە سەر کردووە، چوار پێنج ریزە مۆمی لەسەر داگیرساوە و دوو دەروێشیشی لەگەڵدایە، ئەوانیش کڵاویان لە سەرە و بە مۆمیش رازێندراونەتەوە و قورئانیان بەدەستەوەیە.

دوو دەروێشەکەی تر، جوردانی شارستان دەهێنن، پێ دەچێت بەرامبەر بەم مەراسیمە، لە ترسا تۆقی چووبێت و دەیخەنە سەر ئەژنۆ و دەستەکانی لەسەر زەوی دادەنێن، بە شێوەیەک لە قورئانەکە لەسەر پشتی دادەنێن و وەکو مێزێکی بچووکی لێ دێت بۆ موفتییەکە. موفتی بۆ دووەم جار، دەست دەکات بە زیکر و سەڵاوات، برۆکانی گرژ دەکات و دەمی دەکاتەوە و بەبێ ئەوەی وشەیەک لە زاریەوە دەرچێت؛ پاشان بە ئیجلال و نەوازشەوە، هەندێک جار دەنگی کەرخ دەکات و هەندێک جاری تریش دەنگی زیق دەکات و وەکو ئەوەی حاڵ گرتبێتی و جوردان

دەخاتە لەرزینەوە و بە دەستەکانی ئەملا و ئەولای گرتووە، وەکو ئەوەی بیەوێ دەنگێکی لێوە دەرچێت و بەدەست بەسەر قورئانەکە رادەوەشێنێت و لاپەڕەکانی بەخێرایی هەڵدەداتەوە. پاشان، بازووەکانی بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوەو بە هاوارکردنەوە دەڵێت: هوو هوو!

لە کاتی ئەم زیکر و سەڵاواتە، تورکەکان سێ جار کڕنۆش دەبەن، ئەوانیش بە هاوارکردنەوە دەڵێن: هوو، هوو، هوو!

**جوردان ئەفەندی:** (پاش ئەوەی قورئانەکە لەسەر پشتی لادەدەن.)

**موفتی:** تۆ، پیس و ملەوەس نیت؟

**تورکەکان:** حایر، حایر، حایر!

**موفتی:** تۆ، دەجاڵ نیت؟

**تورکەکان:** حایر، حایر، حایر!

**موفتی:** مێزەر بۆ تۆ

مێزەر بۆ تۆ.

**تورکەکان:** تۆ، پیس و ملەوەس نیت؟

حایر، حایر، حایر!

تۆ، دەجال نیت؟

حایر، حایر، حایر!

مێزەر بۆ تۆ

مێزەر بۆ تۆ

سەمای بالێی سێیەم

(تورکەکان بە سەما و گۆرانی وتنەوە، بە دەنگی مۆسیقاوە، مێزەرەکە دەخەنە سەر جوردان ئەفەندی.)

**موفتی:** (شمشێرەکە دەداتە دەستی جوردان ئەفەندی.)

تۆ بوونەوەر ئەشرافی، ئەمە خەیاڵ پلاو نییە. شمشێر بگرە.

**تورکەکان:** (هەموو دەست دەخەنە سەر شمشێرەکە.)

**سەمای بالێی چوارەم**

(تورکەکان بەسەما و گۆرانی وتنەوە، جار ناجارێ، بەشمشێرەکە لە جوردان ئەفەندی دەدەن.)

**موفتی:** دان، دان.

نووکە گۆپاڵ، نووکە گۆپاڵ، نووکە گۆپاڵ.

**سەمای بالێی پێنجەم**

(تورکەکان بە سەما و گۆرانی وتنەوە، جار ناجارێ، بە گۆپاڵ لە جوردان ئەفەندی دەدەن.)

**موفتی:** شەرم و عار مەکە،

ئەمە ئاخیر هەوڵ و هەلاکەتە.

موفتی دەست بەزیکر و سەڵاواتی سێیەم دەکات. دەروێشەکان بەرێزەوە دەیخەنە سەر دەستیان، پاشان تورکەکان دەست بە سەما و گۆرانی دەکەن، بە دەوری موفتی هەڵدەبەزنەوە و هەموو پێکەوە، جوردان ئەفەندی لەگەڵ خۆیان دەبەن.)

# بەشی پێنجەم

## دیمەنی یەکەم

خاتوون جوردان، جوردان ئەفەندی.

**خاتوون جوردان:** ئەی خوایە! ئەی بەخشندە و میهرەبان! ئا ئەمە چی بوو؟ چ سیمایەکە! هەر دەڵێی بووکەبەبارانەیە و ئەمە چییە خۆ نیازت نییە بە دەمامکەوە بچیتە دەرەوە؟ دە قسە بکە، ئەمە چییە؟ کێ وا هەشی کردە سەرت؟

**جوردان ئەفەندی:** دە بزانە چەند بێ شەرمە، ئەوها لەگەڵ مامامۆچی قسە دەکرێت!

**خاتوون جوردان:** ئەوە دەڵێی چی؟

**جوردان ئەفەندی:** بەڵێ، بەڵێ، لەمە بەدواوە دەبێت بەڕێزەوە قسەم لەگەڵ بکەیت، من بوومەتە مامامۆچی.

**خاتوون جوردان:** مەبەستت چییە لەم مامامۆچییە؟

**جوردان ئەفەندی:** پێت دەڵێم مامامۆچی. من مامامۆچیم.

**خاتوون جوردان:** ئەم چ دەعبایەکە؟

**جوردان ئەفەندی:** مامامۆچی، بە زمانی ئێمە یەعنی ئەشرافە، واتە بەلادان، واتە ساحێبسالار.

**خاتوون جوردان:** بەلادان! بۆ تۆ عومری سەماکردنت پێوە ماوە؟

**جوردان ئەفەندی:** چ جاهیلێکی! بەلادان واتە ئەشراف، ئەوەندە نابێت

مەراسیمی بۆ کردم و ئیتر ئەشرافم. بووم بە نەجیبزادە.

**خاتوون جوردان:** باسی چ مەراسیمێک دەکەیت؟

**جوردان ئەفەندی:** جیرودین نییە محەمەدە.

**خاتوون جوردان:** ئەمە چی دەگەیەنێت؟

**جوردان ئەفەندی:** جیرودین واتە جوردان.

**خاتوون جوردان:** باشە جوردان، ئەمە چییە؟

**جوردان ئەفەندی:** من دەکەم ئەم ئەشرافە.

**خاتوون جوردان:** چی؟

**جوردان ئەفەندی:** مێزەر دەدەمێ، کەشتی دەدەمێ.

**خاتوون جوردان:** ئەمە مانای چییە؟

**جوردان ئەفەندی:** بۆ پارێزگاری بۆ فەلەستین.

**خاتوون جوردان:** دەڵێم، مەستت چییە؟

**جوردان ئەفەندی:** دان، دان، نووکە گۆپاڵ.

**خاتوون جوردان:** ئەم زمانە سەیرە چییە؟

**جوردان ئەفەندی:** شەرم و عار مەکە،

ئەمە ئاخیر هەوڵ و هەلاکەتە.

**خاتوون جوردان:** ئەمانە چین، دە پێم بڵێ.

**جوردان ئەفەندی:** (بە سەماکردن و گۆرانی وتنەوە.) شەرم و عار مەکە، ئەمە ئاخیر هەوڵ و هەلاکەتە. (بەردەبێتەوە سەر زەوی.)

**خاتوون جوردان:** ئای خوایە، خوای گەورە، مێردەکەم شێت بووە.

**جوردان ئەفەندی:** (هەڵدەستێتەوە دەچێتە دەرەوە.) بێدەنگ بە، بێ

شەرم، ڕێزی مامامۆچیی گەورە بگرن.

**خاتوون جوردان:** (بەتەنیا.) باشە دەبێت لە کوێ دەستیان لێ وەشاندبێت؟ بیگرن و مەیەڵن دەرچێت. (دۆریمێن و دۆرانت دەبینێت.) ئاها! ئاها! ئا ئەوەتا سەرە داوەکانمان دۆزییەوە! سەیری کوێ دەکەم، خەم و خەفەت دەبینم. (دەچێتە دەرەوە.)

## دیمەنی دووەم

دۆرانت، دۆریمێن.

**دۆرانت:** ڕاستە خانم، هەرگیز شتی هەندە سەیروسەمەرەت تووش نابێت و لام وایە کە هەموو جیهان بگەڕێیت پیاوی هەندە شێتت دەست ناکەوێت، پاشان خانم، دەبێت هەوڵێک بدەیت و بچیتە هانای عەشقی کلیۆنتەوە و یارمەتیی بدە تا ئەم مەسخەرەیە بەکۆتا دێت. پیاوێکی بەجێیە و شایستەی ئەوەیە کە بەتەنگییەوە بچین.

**دۆریمێن:** لەگەڵتدام، شایانی ئەوەیە بەختەوەر و کامەران بێت.

**دۆرانت:** جگە لەمە، لێرە خانم، ئاهەنگێکی سەمامان هەیە و ناکرێ لە کیسی خۆمانی بدەین و با بزانین ئەم فیکرەیەی من سەرکەوتوو دەبێت.

**دۆریمێن:** نمایشێکی زۆر نایابم بینی، دۆرانت شتی وا، ناکەم. بەڵێ، دەمەوێت ئیتر ڕێ لەو هەموو پارە زۆرە بگرم کە بۆ منی خەرج دەکەیت، بڕیاری ئەوەم داوە کە هەر ئێستا شوو بە تۆ بکەم. ئەمە نهێنییەکی ڕاستەقینەیە و هەموو ئەم شتانەش دەچنەوە سەر گرێبەندی هاوسەری.

**دۆرانت:** ئاھ! خانم، بە راستە کە بڕیارێکی هێندە شیرینتان داوە؟

**دۆریمێن:** ئەمە تەنیا بۆ ئەوە دەکەم کە چی تر ماڵی کاول نەکەم و ئەگەریش وا نەکەم دەبینم هێندە نابات، دەبێتە موفلیسی موفلیسان.

**دۆرانت:** بەڕاستی خانم هەست دەکەم زۆر بە تەنگی منەوە دێیت و دەتەوێت دەست بە سامانەکەمەوە بگرم! گشت ئەم سامانەی کە هەمە هی تۆیە، وێڕای دڵەکەی خۆشم و بە کەیفی ماشای خۆت بەکاریان بهێنە.

**دۆریمێن:** هەردووکیان بەکار دەهێنم. ئەوە کابرای تاینە: سەروپۆتەڵاکێکی دڵگیری هەیە.

## دیمەنی سێیەم

جوردان ئەفەندی، دۆرانت و دۆریمێن

**دۆرانت:** گەورەم، من و خانم، هاتووین پیرۆزباییت سەبارەت بەو عینوانە نوێیەیەت و هەروەها سەبارەت بە هەواڵی شووکردنی کچەکەت بە تورکە گەورەکەم لێی بکەین.

**جوردان ئەفەندی:** (دوای ئەوەی خێزێکی تورکانە دەکات.) گەورەم ئاواتەخوازم هێزی مار و وریاییی شێرت هەبێت.

**دۆریمێن:** زۆر دڵخۆشم بەوە کە یەکەمین کەسم کە هاتووم و پیرۆزباییت لێ بکەم سەبارەت بەو شکۆمەندییەی و بەو ئاستەی کە جەنابت گەیشتیتێ.

**جوردان ئەفەندی:** خانم، هیوادارم کە گوڵەباخەکەتان هەردەم گوڵدار بێت و بەوپەڕی خۆشیشەوە ئەم شەرەفمەندییەتان لەلا گەورەتر

کـردم و دڵخـۆشـم بە هـاتـنتــان و بۆ ئەوەی بـەندەتان بـەوپـەڕی لێبووردەییەوە داوای لێبووردنتان لێ بکەم، سـەبارەت بەو کار و کردەوانەی کە خێزانە ئەتوار سـەیرەکەم دەرهـەقی کردن.

**دۆریمێن:** هیچ نـیـیـە؛ لێـی دەبوورم: دڵی ئێـوە بۆ ئەو بەهـایەکی زۆری هەیە و شـتێکی سـەرسـووڕێنـەریش نییـە پیـاوێکی وەکو ئێـوەی هەبێت، هیـچ دڵەڕاوکێیەکی لێ ناکەوێتەوە.

**جوردان ئەفەندی:** سامانی دڵی من، پێشکێش بە ئێوەیە.

**دۆرانت:** دەبینی خـانم، جوردان ئەفـەندی لەوانە نییـە کە مـوڵک و ماڵ و سـامـان کوێری بکات، زۆر بە باشـی لە تـرۆپکی شکۆمــەندییش بێت، برادەر و هـاوڕێی خۆی دەناسێتەوە.

**دۆریمێن:** ئەمە نیشانەی دڵێکی بەخشندەیە.

**دۆرانت:** ئەرێ، جـەنـابی مـەعـالیی تـورک لە کوێیـە؟ هـاتـووین بۆ ئەوەی، وەکو هـاوڕێ، سڵاو و بەخێرهـاتنی لێ بکەین.

**جوردان ئەفـەندی:** ئا ئەوەتا، وا دێت و ناردم بۆ لای کـچـەکەم، هـاتبـووە خوازبێنی.

## دیمەنی چوارەم

کلیۆنت: (بە جلوبەرگی تورکەوە.) کۆڤیەل، جوردان ئەفەندی،... هتد.

**دۆرانت:** (لەگـەڵ کلیـۆنت.) گـەورەم، هـاتـووین بۆ لای جـەنابی مـەعـالی، ئێمە هـاوڕێی خـەزوورتین و دەمـانەوێت وەکو خزمـەتکار قبووڵمان کەیت.

**جوردان ئەفەندی:** تەرجومانەکە لە کوێیـە بۆ ئەوەی قسـەکانی ئێوەی بۆ تەرجـەمـە بکات؟ دەبیـنن چۆنیش وەڵامـتـان دەداتەوە و تورکێکی

رەوان قسە دەکات. ئەوە لە کوێیە، ئەو نەعلەتبووە چی لێ هات؟ (لەگەڵ کلیۆنت.) ستروف، ستریف، ستروٚف، ستراف. ئەم بەڕێزە، ئاغایەکی کەبیرە، ئاغایەکی کەبیرە، ئاغایەکی کەبیرە و ئەم خانمە، خانمێکی کەبیرەیە، خانمێکی کەبیرەیە، خانمێکی کەبیرەیە.(دەبینن، هیچ تێ ناگات.) سەیرکە! (لەگەڵ کلیۆنت، دۆرانتی پێ نیشان دەدات.) ئەو گەورەم، ئەو مامامۆچی فرەنسییە و ئەویش خانمە مامامۆچی فرنسییە. لەمە روونتر نازانم قسە بکەم. باشە! ئەویش تەرجومان.

## دیمەنی پێنجەم

جوردان ئەفەندی، دۆریمێن، دۆرانت، کلیۆنت (بە تورکی.) کۆڤیەل، (خۆی گۆڕییەوە.)

**جوردان ئەفەندی:** بۆ کوێ دەڕۆن؟ بەبێ تۆ ئێمە هیچمان پێ ناوترێت.(دەست بۆ کلیۆنت درێژ دەکات.) پێی بڵێ، ئەم دوو هاوڕێیە، سەر بە ئەشرافەکانن و نەجیبن، وەکو هاوڕێ هاتوون بەخێرهاتنی لێ بکەن و خزمەتکاریی خۆیانی بۆ رابگەیەن. (لەگەڵ دۆریمێن و دۆرانت.). بڕوانە، بزانە چۆن وەڵام دەداتەوە.

**کۆڤیەل:** ئەلبەلەدە، سەنن قۆپی، ئەلەبامان.

**کلیۆنت:** ئیشتە، بویرن، قەرەقەر و ئەلەبامان.

**جوردان ئەفەندی:** (لەگەڵ دۆریمێن و دۆرانت.) دەبینن؟

**کۆڤیەل:** دەڵێت هیوادارە بارانی بەرەکەتی باخچەی خێزانەکەت ئاو بدات.

**جوردان ئەفەندی:** پێم وتن، تورکی قسە دەکات!

## دیمەنی شەشەم

لوسیل، جوردان ئەفەندی، دۆرانت، دۆریمێن، کلیۆنت، کۆڤیەل.

**جوردان ئەفەندی:** وەرە پێشەوە کچی خۆم، وەرە پێشەوە و دەست بخەرە ناو دەستی ئەم بەڕێزە. شەرەفمەندمان دەکات و هاتووەتە خوازبێنیت.

**لوسیل:** چۆن! باوکە، هەر وا کتومت! ئەمە خۆ تەمسیلی نییە دەیکەیت؟

**جوردان ئەفەندی:** نا، نەخێر، ئەمە تەمسیلی نییە، ئەمە مەسەلەیەکی زۆر جیدییە و هیوای بەختەوەری و کامەرانییەکی پڕ بەدڵی تۆ دەخوازین. (کلیۆنت نیشان دەدات.) ئا ئەمە مێردێک و دەیبەخشمە تۆ.

**لوسیل:** دەیبەخشی بە من، باوکە؟

**جوردان ئەفەندی:** بەڵی، دەیدەمە تۆ. دەی، دەست بخەرە ناو دەستی و خوا بەڕەحمەت و میهرەبانیی خۆی شادومانتان کات.

**لوسیل:** چی تر، نامەوێت شوو بکەم.

**جوردان ئەفەندی:** من دەمەوێت، ئاخر من باوکتم، من دەمەوێت.

**لوسیل:** شوو ناکەم و نا.

**جوردان ئەفەندی:** ئاه! چ هەڵایەکە! دەی، پێت دەڵێم، دەست بخەرە ناو دەستی.

**لوسیل:** نا، باوکە، پێم وتی، کەس ناتوانێت زۆرم لێ بکات لە کلیۆنت زیاتر شوو بە یەکێکی تر بکەم و ئامادەی هەموو شتێکم کە (کلیۆنت دەناسێتەوە.) خۆ راستیشە، تۆ باوکمی، دەبێت

گوێڕایەڵت بم، من کچی تۆم و ئیرادەی تۆ هەموو شتێکە.

**جوردان ئەفەندی:** ئاه! بەڕاستی دڵشادم کە دەستوبرد هاتیتەوە سەر هۆشی خۆت و ئا ئەمەم بەدڵە، کچێکی گوێڕایەڵ و عاقڵ.

## دیمەنی حەوتەم

خاتوون جوردان، جوردان ئەفەندی، کلیۆنت، لوسیل، دۆرانت، دۆریمێن، کۆڤیەل.

**خاتوون جوردان:** ئەمە چییە؟ ئەمە چۆن ناو دەنێیت؟ دەڵێن کچەکەت داوەتە کەرنەڤاڵچییەک؟

**جوردان ئەفەندی:** دەتەوێت، خۆت بێ شەرم نیشان بدەیت؟ هەردەم لووتت دەخەیتە هەموو قابلەمەیەکەوە و لە تواناتیشدا نییە تۆزقاڵێ خۆت فێرە هۆشمەندی بکەیت.

**خاتوون جوردان:** تۆ لە تواناتدا نییە کە ببیتە خاوەن عەقڵ و هۆش، تۆ لەم شێتییەوە بۆ ئەو شێتییە دەڕۆیت. پلان و نیازت چییە، دەتەوێت لەم تێکەڵ و پێکەڵییە چی بەدەست بهێنیت؟

**جوردان ئەفەندی:** دەمەوێت کچەکەی خۆمان بدەینە کوڕی تورکە مەزنەکە.

**خاتوون جوردان:** بیدەیتە کوڕی تورکە مەزنەکە؟

**جوردان ئەفەندی:** (دەست بۆ کۆڤیەل درێژ دەکات.) بەڵێ. با هەندێ مەحت و شتی وا بکات و تۆش بۆمانی تەرجەمە بکە.

**خاتوون جوردان:** چیم لە تەرجومان و مەرجومان داوە، هەر خۆم، بەرامبەر بەڕدێنی دەوەستم و پێی دەڵێم کچی منی نادرێتێ.

**جوردان ئەفەندی:** ئەرێ دەتوانیت جارێکی تریش خۆت بێدەنگ کەیت؟

**دۆرانت:** چۆن! خانم، تۆ دژی ئەم هاوسەرییە دەوەستیت، دژی ئەوەیت کە شەرافەتی ئەوەتان بەرکەوێت کە کچەکەتان شوو بە جەنابی مەعالی بکات و ببێتە زاواتان؟

**خاتوون جوردان:** خوایە، چارەسەرێک بۆ ئەم کێشە بدۆزەرەوە.

**دۆریمێن:** ئەمە شەرەفێکی گەورەیە و نابێت رەت کرێتەوە.

**خاتوون جوردان:** خانم، تکات لێ دەکەم کە خۆت هەڵمەقوڵتێنە کارێکەوە کە پێوەندیی پێتانەوە نییە. خۆت سەغڵەت مەکە.

**دۆرانت:** تەنیا دۆستایەتییە وام لێ دەکات کە تەماشای بەرژەوەندیی ئێوە بکەم.

**خاتوون جوردان:** گوێم لە دۆستایەتیی تۆ نییە.

**دۆرانت:** ئەوە دەبینی کە کچەکەی چووەتە ژێر باری باوکییەوە و گوێڕایەڵی دەنوێنێ.

**خاتوون جوردان:** کچی من رازییە شوو بە تورکێک بکات؟

**دۆرانت:** بەبێ هیچ گومانێک.

**خاتوون جوردان:** لە توانایدا هەیە دەسبەرداری کلیۆنت بێت؟

**دۆرانت:** چی نەکراوە بۆ ئەوەی کچ خۆی بۆ بەخانمبوون ئامادە نەکات؟

**خاتوون جوردان:** بەم دوو دەستانە دەیخنکێنم، چۆن ئەمەی لەدەست هات؟

**جوردان ئەفەندی:** توخوا بەسە ئەم لەوچەدانە. پێم وتی ئەم شاییە دەبێت و دەکرێت.

**خاتوون جوردان:** منیش پێت دەڵێم، نابێت و ناکرێت.

**جوردان ئەفەندی:** ئاه، لەم هەڵایە.

**لوسیل:** دایە!

**خاتوون جوردان:** برۆ، ئای کە بە بەزمی.

**جوردان ئەفەندی:** (لەگەڵ خاتوون جوردان.) چی! تۆ حەز ناکەیت، لەبەرئەوەی گوێڕایەڵیی من دەکات؟

**خاتوون جوردان:** بەڵێ، ئەو کچە وەکو کچی تۆیە، کچی منیشە.

**کۆڤیەل:** (لەگەڵ خاتوون جوردان.) خانم!

**خاتوون جوردان:** تۆ، دەتەوێت چ حیکایەتێکم بۆ هەڵبەستی؟

**کۆڤیەل:** تەنیا وشەیەک.

**خاتوون جوردان:** چی لەو وشەیەی تۆ بکەم.

**کۆڤیەل:** (لەگەڵ جوردان ئەفەندی.) گەورەم، ئەگەر ئیزنم بدەیت بۆ ئەوەی دوو بە دوو شتێکی پێ بڵێم، دڵنیات دەکەم کە رازی دەکەم بەوەی کە تۆ بەدڵتە.

**خاتوون جوردان:** هەرگیزاوهەرگیز رازی نابم.

**کۆڤیەل:** تەنیا گوێم بۆ شل کە.

**خاتوون جوردان:** نەخێر.

**جوردان ئەفەندی:** (لەگەڵ خاتوون جوردان.) بزانە چی دەڵێت.

**خاتوون جوردان:** نەخێر نامەوێت.

**جوردان ئەفەندی:** پێت دەڵێت...

**خاتوون جوردان:** ئا ئەمە کەللەڕەقیی ژنانی پێ دەڵێن! لە دڵت گرانە گوێی لێ بگریت؟

**کۆڤیەل:** تەنها گوێم لێ گرە، پاشان بە دڵی خۆت بکە.

**خاتوون جوردان:** دەی، فەرموو، با بزانین چییە؟

**کۆڤیەل:** (دوو بە دوو لەگەڵ خاتوون جوردان.) خانم، ماوەیەکە هەوڵ دەدەین ئامـاژەت بۆ بکەین. گشت ئەم بەزمە بۆ ئەوەیە کە خۆمان لەگەڵ زەوق و هەوەسی مێردەکەت هاوتەبا بکەین؛ ئەم گۆڕانکارییانە بۆ ئەوەی هەڵی خەڵەتێنین، ئەو کوڕە تورکە، کلیۆنتە.

**خاتوون جوردان:** (بەنزمی لەگەڵ کۆڤیەل.) ئاها، ئاها!

**کۆڤیەل:** (بە چپەدوو لەگەڵ خاتوون جوردان.) ئەی من، کۆڤیەلی موتەرجیمم.

**خاتوون جوردان:** (بە چپەدوو لەگەڵ کۆڤیەل.) ئاه! کەواتە، خۆم تەسلیم دەکەم.

**کۆڤیەل:** (بە چپەدوو لەگەڵ خاتوون جوردان.) خۆت تێک مەدە، وا بزانە هیچ نەبووە.

**خاتوون جوردان:** (بەدەنگی بەرزەوە.) بەڵێ، رازیم، بەم خوازبێنییە رازیم.

**جوردان ئەفەندی:** ئاه! هەموو هاتنەوە سەر هۆشی خۆیان. (لەگەڵ خاتوون جوردان.) نەتدەویست گوێی لێ ڕاگری. دەمزانی، زۆر بەوردی ئەوەت بۆ روون دەکاتەوە کە ئەم کوڕە تورکە مەزنە کێیە.

**خاتوون جوردان:** وەکو پێویست بۆی روون کردمەوە و منیش رەزامەندم. با بچین بەدوای کاتیب عەدلێکەوە.

**دۆرانت:** زۆر بەجێیە. لە کۆتاییشدا، خاتوون جوردان، دڵ و دەروونم رۆشن بووەوە و لە ئیمڕۆ بە دواشەوە، ئیتر ئێرەیییەکیشت هەبێت بەرامبەر بە مێردەکەت، نامێنێ و هەمان کاتیب عەدلیش

با ئێمە، من و خانم مارە بکات.

**خاتوون جوردان:** ڕەزامەندیی خۆم بۆ ئەمەش دەردەبڕم.

**جوردان ئەفەندی:** (بە چپەدوو لەگەڵ دۆرانت.) – بۆ ئەوەی وای نیشان بدەی؟

**دۆرانت:** (بە چپەدوو لەگەڵ جوردان ئەفەندی.) – بۆ ڕابواردن خۆشە.

**جوردان ئەفەندی:** (بە چپەدوو) باشە! باشە! (بە بەرزی.) دەی خێرا، بچنە دوای کاتیب عەدلێک.

**دۆرانت:** تا کاتیب عەدل دێت و مارەییەکە دەبڕێ، با هەموو دەس گرین و سەما بکەین، با ئەم کوڕە مەزنە تورکە دڵخۆش کەین.

**جوردان ئەفەندی:** زۆر جوان و بەجێیە. با بڕۆین دانیشین.

**خاتوون جوردان:** ئەی نیکۆل؟

**جوردان ئەفەندی:** دەیدەمە تەرجومانەکە و ژنەکەی خۆمیش کێ بیەوێت دەیدەمێ.

**کۆڤیەل:** گەورەم، سوپاستان دەکەم. (بەتەنیا) ئەگەر شێتێکی لەمە شێتترمان دۆزییەوە، ئەوە هەموو ڕۆم تێ دەگەیەنم.

(ئەم کۆمیدیایە بە سەمایەک کە پێشتر ئامادە کرابوو، بەکۆتا دێت.)

## مۆلییر له چەند رستەیەكدا

١٦٢٢ ژان باتیست پۆكلان له پاریس لەدایک دەبێت.

باوكی بازرگانی قوماشه.

١٦٤٢ خوێندنی یاسا دەخوێنێت و بڕوانامەی لیسانس وەردەگرێت.

لەگەڵ مادلێن بێژار پێوەندی دروست دەكات و پێكڕا تیمێكی شانۆ به ناوی ئیلوستر تیاتر دروست دەكەن.

١٦٤٤ نازناوی مۆلییر وەردەگرێت و دەبێته بەڕێوەبەری شانۆی ئیلوستر، دوای گەڕانێكی زۆر به ناوچه و هەرێمەكانی فەرەنسا، له پاریس نیشتەجێ دەبێت.

١٦٦٢ هاوسەری دروست دەكات لەگەڵ ئارماند بێژار.

١٦٦٥ دۆن ژوان دەنووسێت.

١٦٦٦ میزانترۆپ و تەرتوف و ئەو پیاوەی به تۆپزی دەبێته پزیشک دەخاته سەر شانۆ.

١٦٦٧ بورژوای نەجیبزاده دەخاته سەر شانۆ.

١٦٧٢ ژنانی زانا دەنووسێت.

١٦٧٣ نەخۆش به خەیاڵ دەخاته سەر شانۆ و له چوارەم نمایشیدا لەسەر تەختەی شانۆ ماڵئاوایی له جیهان دەكات.

مۆلییر تا رۆژی ئیمرۆ بەبێ وچان لەسەر تەختەكانی شانۆ له پاریس و شارەكانی تری فەرەنسا، نمایش دەكرێت... لەگەڵ مۆلییر پێ دەكەنین و ئینسان له ڕوو و ئادگار و سیما جیاوازەكانیدا، زیاتر دەناسین.

* سوپاسی بێ پایانم بۆ كاك عەبدوڵڵا دانساز و كاك دانا ڕەئووف. پێداچوونەوه و سەرنج و تێبینییەكانی ئەوان نەبوایه، ئەم شانۆنامەیه رۆژی نەدەدی.